# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە:٧٠٤ | چوارشەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٦ _ ٢١ی ژوئەنی ٢٠١٧

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## کەماڵ کەریمی: لە ئەگەری تەوافۆقی هەر دوولا، تا کۆنگرەیەکی هاوبەش، لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌دا، درێژە بە تێکۆشانی هاوبەش دەدەین

دوای کۆبوونەوەی سکرتێری گشتیی حدک کە بە مەبەستی باسکردن لە ئاکامی شەشەمین پلینۆمی حیزب پێکهاتبوو و یەکێک لە خاڵەکانی باسی پیلنۆم تەرخان کرابوو بە پرسی یەکگرتنەوە، کەمال کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرپەرەستی هەیئەتی دانوستان کردن لەگەڵ حدکا سەبارەت بە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و چونیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی یەکگرتنەوە، لە لێدوانێک‌دا بۆ کوردستان وکورد، چەند خاڵی جێگای سەرەنجی خستەڕوو.

ناوبراو بە ئاماژەدان بە ڕەوتی دانیشتنەکان لەگەڵ حدکا لەو بارەوە ڕایگەیاند؛ پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی‌یەوە گرینگی زۆری پێدراوە و ئەو جارە لە دوای چەند جار دیداری هەردوولا هەیئەتی حیزب ڕاسپێردراوە کە ، بە جیدی ئەو مەسەلە بخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە و درێژە بە دانیشتنەکان بدا.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا گوتی: کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هێنانە بەر باسی ئەو خاڵە بنەڕەتی‌یانەی بۆ یەکگرتنەوە و دڵنیابوون لە دابینکردنی داهاتوویەکی باش بۆ حیزبی دێموکرات پێویستە، دەستی هەیئەتی حیزبی ئاواڵە کردووە کە ئەگەر لەسەر خاڵە بنەڕەتی‌یەکانی یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دیموکرات بە تەوافۆق گەیشتین، هەتا کۆنگرەیەکی هاوبەش بە یەکەوە لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌دا درێژە بە تێکۆشان بدەین.

دیارە وەک باس کرا ئەو بابەتە بەستراوەتەوە بە ڕێککەوتن لەسەر هەموو خاڵەکانی دیکە، کە لە دانیشتنەکانی داهاتووماندا دەبێ باسیان لێ بکەین.

# ماکەی تێرۆر ناتوانێ خۆی بە قوربانیی تیرۆریزم دابنێ

سەروتار

## ڕاگەیاندراو لەسەر بەڕێوەچوونی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی

پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بەشداریی سەرجەم ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و ڕاوێژکارانی ڕێبەری لە ڕۆژانی ٢٠ تا ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی (١٠ تا ١٢ی ژووئەنی ٢٠١٧ی زایینی) بەڕێوە چوو و پاش سێ ڕۆژ کاری بەردەوام بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

دوای ساتێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و پەسندکردنی دەستووری کاری پلینۆم، برگەی یەکەمی کارەکانی پلینۆم کە تایبەت بوو بە تاوتوێی گرینگترین بابەتە سیاسی‌یەکانی ئەم دواییانە و ئێستا دەستی پێکرد.

لە سەرەتای ئەو بەشەدا هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزب ڕاپۆرتێکی سیاسیی پێشکەش کرد کە لەودا وێڕای وەبیرهێنانەوەی چوارچێوەی گشتیی ڕوانینی حیزب بۆ مەسایلی نێودەوڵەتی و ناوچە و پارچەکانی کوردستان، گرینگیی زیاتر بە چەند پرسێکی دیاریکراو درابوو کە لە ماوەی نێوان دوو پلینۆم و لە کاتی گرتنی ئەم کۆبوونەوەیەدا هاتوونە پێش و؛ بۆ سیاسەتسازیی حیزبی دێموکڕات و بارودۆخی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەریی تایبەتیان هەیە. کۆی ئەم ڕاپۆرتەش بە ڕا و سەرنجی بەشدارانی پلینۆم دەوڵەمەندتر کرا و وەک ڕوانگەی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەم پرسانە فۆرمووله کرا.

گرینگترین بابەتەکانی نێو ڕاپۆرتەکە و ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ئەم بابەتانە بە شێوەی خوارەویە:

١/ لە پێوەندی لەگەڵ دوایین هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شووڕاکانی ئێران‌دا، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دە ساڵی ڕابردوودا (هەر وەک پێشتریش)، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوەی بە ناوی هەڵبژاردن لە ئێران‌دا بەڕێوە دەچێ بە هیچ پێوەرێک بە گونجاو لەگەڵ ستانداردەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکڕاتیک نازانێ، بەڵام نەیویستووە بە ڕوانینێکی یەکدەست و پێشتر قاڵبکراو مامەڵە لەگەڵ هەموو هەڵبژاردنەکان بکا و ئەگەر لە برگەیەکدا پێی وابووبێ کە دەرفەتێک بۆ نیشاندانی قورسایی و داواکانی خەڵکی کوردستان هەیە، بە پێویستی زانیوە بە کار ببرێ و ڕێژیمی پێ بە چالش بکێشرێ. بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە بە لەبەرچاوگرتنی کارنامەی حەسەن ڕووحانی و باس و خواسەکانی نێو هەڵمەتی هەڵبژاردن،...

ل٢



ڕیوایەتەکان لەبارەی واقعییەتی هێرشەکانی سەر تاران جیاواز و تەنانەت دژبەیەکن. ئەگەر ئەم هێرشانە لەلایەن خەتێک لەنێو باڵی هەرە توندئاژۆی ڕێژیمیشەوە ڕێگەی بەڕێوەچوونی پێ نەدرابێ و بەڕاستیکاری داعش بێ، لانیکەمەکەی ئەوەیە کە ئەو خەتە لەهەرحاڵدا لێی ناڕازی و نارەحەت نیە.

واقعیەتی هێرشەکانی ڕۆژی ١٧ی جۆزەردان تاران هەرچیەک بێ، لە کۆتاییدا ئەوە بەرپرسیارێتیی خودی ڕێژیمە کە پێویستە جەختی لەسەر بکرێ و هەر بۆخۆیشیەتی کە قازانجی لێ دەکا. ئەم هێرشانە تازەترین ئەڵقەی زنجیرەیەکی دوور و درێژی گرژی و تیرۆر و توندوتیژی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایە کە لەودا کۆماری ئیسلامی هەمیشە هۆکاری هەرە کاریگەری سەرهەڵدان و پەرەگرتنی تاقم و گرووپە تێرۆریست و دژە مرۆییەکان بووە و ئەگەر ئەم هێرشانە کاری خودی ڕێژیمیش نەبووبن، نابێ پێمان سەیر بێ کە سەرەنجام کردەوەی تێرۆریستیی لەم چەشنە کە شوێنە گشتییەکان دەکەنە ئامانج و خەڵکی ئاسایی دەکەنە قوربانی، ڕوو بکەنە ئێرانیش.

پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین کە باڵی میلتاریست و توندڕەوی ڕێژیم بۆی هەیە هەم لە مەیدانی سیاسی‌دا و هەم لە مەیدانی ئەمنیەتی‌دا ئەم هێرشانە بکاتە دەرفەت و بیانوویەک بۆ خەستکردنەوەی فەزای سەرکوت و ترساندنی خەڵک لە هەر چەشنە پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانخوازی لە ناوخۆی ئێراندا.

ناوکی سەرەڕۆیی لە ئێران لە عەینی ئەوەدا کە بێ باکە لەوە کە بگوترێ ئیدی ئێران ئەو وڵاتە جێگیر و ئارامەش نیە کە پێشتر ئیدیعای دەکرد، دەیەوێ لە بەرامبەر بیروڕای گشتیی نێودەوڵەتیدا خۆی وەک قوربانیی تێرۆریزم نیشان بدا لە حاڵێکدا هەر ئێستا زۆر لە تێرۆریستەکان (بە تێرۆریستە ڕاسپێردراوەکەی شەوی یەڵدای بەردەم بارەگای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیشەوە) لە باوەشی خۆیدا داڵدە دەدا.

**د.ئاسۆ حەسەنزادە، وتەبێژی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

## تاران، داعش و کورد

ڕووداوەکانی ١٧ی جۆزەردانی ئەمساڵی تاران، جارێکی دیکە بوون بە هۆی ئەوە پێوەندیی تاران...

قادر وریا / ل٣

## دەرهاویشتەکانی سیاسەتێکی چەپەڵ

کردەوە تیرۆریستی‌یەکەی ١٧ی جۆزەردانی تاران، کە داعش بەرپرسایەتی‌یەکەی گرتۆتە ئەستۆ، وەک کردەوەیەکی تیرۆریستی شایانی مەحکووم کردنە، ...

ئالان بەهرامی / ل٣

## ئەوەی دەبێ لەنێو خەتەکاندا بیخوێنینەوە

سەختی و بەڕێژ نەبوونی هەلومەرجی ئێستای خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمی بارودۆخی نێونەتەوەیی و...

ئاسۆی حەسەنزادە / ٤

## بەڵگەکانی تاوانێکی گەورە کە ناتوانن بیسڕنەوە!

جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی نە یەک و دوون، نە هەر لە برگەیەکی مێژووی دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمەدا کراون. ...

عەلی بداغی / ل٥

## تەوژمی گۆڕانکاری‌یەکانی نێوخۆ و داهاتووی کۆماری ئیسلامی

لە مانگی ڕابردوودا لە ئێران هاوکات دوو هەڵبژاردن بۆ سەرۆککۆماری و شۆڕاکانی شارو دێ بەڕێوەچوو....

کەماڵ کەریمی / ل٦

## کۆبوونەوەی سیاسی_تەشکیلاتیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی_ تەشکیلاتی‌دا کە دوابەدوای کۆتایی شەشەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی حیزب پێکهاتبوو، تیشکی خستە سەر شیکاریی کۆمەڵە بابەتێکی سیاسی و تەشکیلاتی لەو پیوەندی‌یەدا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی جۆزەردان بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیرا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەر باسەکانی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بۆ ئامادەبووان دوا و بڕیار و پەسەندکراوەکانی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر پرسە جۆراوجۆرە سیاسی و تەشکیلاتی‌یەکانی بە بەشدارانی کۆبوونەوەکە ڕاگەیاند.

تاوتوێی پرسی هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕ و خوێندنەوە بۆ گرینگیی هەڵویستی هاوبەشی ٦ حیزبی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها خەسارناسیی هەڵوێستی بایکوتی هەڵبژاردنەکان، هەڵسەنگاندنی دانوستانەکان لەگەڵ حدکا بە مەبەستی درێژەدان بە ڕەوتی یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان، گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لێکدانەوەی پەلامارەکەی داعش بۆ سەر تاران لە ڕۆژی ١٧ی جۆزەردان چەند تەوەری سەرەکیی باسەکانی کاک مستەفا مەلوودی، سکرتێری گشتیی حیزب لەو کۆبوونەوەیە بوون.

درێژەی:

## ڕاگەیەندراو لەسەر بەڕێوەچوونی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی

... حیزبی ئێمە لەو باوەڕەدا بوو کە هیچ هۆکارێک بۆ نیشاندانی ڕێگای بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا بە خەڵک لە گۆڕیدا نیە. هاوکات، بەهۆی زەمینەیەک لە کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی کە لەنێو هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست ببوو و سەرەڕای جیاوازبوونی سروشت و جەزابیەتی هەڵبژاردنی شووراکان بۆ خەڵک، حیزبی ئێمە هاوشان لەگەڵ پارتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات هەڵبژاردنەکانی بایکۆت کرد.
بەلەبەرچاوگرتنی وەزعیەتی تایبەتیی خەڵک لە ئێران کە هێندێک کۆت و بەندی ئیجباری بە پرۆسەی هەڵبژاردنیان دەبەستێتەوە، هەروەها ئەوە کە بایکۆت یارمەتیی بە بەزانی زۆر لە هێڵە سوورەکانی کەمپەینی کاندیداکانی سەرکۆماری کرد و بەپێی خودی ئامارەکانی ڕێژیم ڕێژەی بەشداری نەکردنی خەڵک لە کوردستان لەچاو سەرجەم ئێران جێگای سەرنجە و ڕێژەی دەنگە باتڵەکانیش زۆر بوو، ناکرێ بڵێین هەڵوێستی بایکۆت بە تەواوی بێ وڵام و بێ بەرهەم بووە. لە هەمووی ئەوانەش بۆ ئێمە گرینگتر ئەوەیە کە جیا لە گۆشەنیگای بارودۆخی خەڵک لە نێوخۆ، لەو شوێنەدا کە هێزەکانی ڕۆژهەڵات زەمینەی یەکدەنگی و هاوخەباتی‌یان لەنێوان‌دا هەیە پێویستە یارمەتی بە گەشەکردن و بەرهەمدارکردنی وەها زەمینەیەک بکرێ. هەر لەو کاتەدا بەڵام پلینۆم ئیشارەی بە کەموکوڕییەکانی هاوهەڵوێستیی هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵات چ لەبواری خوێندنەوەی وردتری بارودۆخی نێوخۆی وڵات و چ لەپێوەندی لەگەڵ مێکانیزمی بەدواداچوون و بەکردەیی کردنی ئەم هاوهەڵوێستییەدا کرد و لەو باوەڕەدا بوو کە لەگەڵ ئەوەدا کە لە هەلومەرجی ئێستادا کۆدەنگی و یەکڕیزیی هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵات لە ڕیزی ئەولەوییەتەکان دایە و شیاوی ئەوەیە کە ئەگەر پێویست بوو حیزبی ئێمە لەپێناوی‌دا هێندێک جار چاوپۆشی لە تایبەتمەندیی ڕوانینەکانی خۆیشی بکا، بەڵام هەڵوێستی هاوبەش پێویستە لەسەر ڕوانینی هاوبەش بنیات بنرێ و هەموو لایەنەکان وێڕای دۆزینەوەی مێکانیزمی راستەقینەی کاری هاوبەش، وەک یەک یارمەتی بە لێکنزیکبوونەوەی خوێندنەوەکان بکەن.
٢/ لەپێوەندی لەگەڵ چڕبوونەوەی فشارەکانی ئیدارەی دۆنالد ترامپ بۆ سەر ئێران کە کێشەی قەتەر بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەو ئاقارە تازەیەیە، حیزبی ئێمە هەر چەشنە فشارێکی نێودەوڵەتی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی کە ببێتە هۆی کورتکردنەوەی دەستی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا (شتێک کە ڕێژیم هەمیشە وەک باشترین دەستەبەری مانەوەی خۆی و درێژەکێشانی داخران و سەرەڕۆیی بەکاری بردووە)، بە شتێکی باش دەزانێ. هەر لەو کاتەدا، وێڕای هیوادار بوون بەوە کە ئاجێندای نێودەوڵەتی تەنیا لە خانەی ئەمنیەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە بۆ ئێران و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی نەڕوانێ و گۆڕینی رەفتاری ئەو ڕێژیمە لە بەهێزبوونی بزوتنەوەی ئازادیخوازی و بزوتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێرانیش‌دا ببینێ، ئێمە لەو باوەڕەداین کە بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە پێش هەموو شتێک خۆی بەهێز و یەکگرتوو بکا و بە یەکگرتووییش هەوڵ بدا کە سەرنج و ڕوانینی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ لای خۆی وەک فاکتەرێکی گرینگی ئایندەی ئێران و ناوچە ڕابکێشێ.
٣/ سەبارەت بە هێرشەکانی ڕۆژی ١٧ی جۆزەردانی تاران بۆ سەر بینای مەجلیس و دەوروبەری گۆڕی خومەینی و ئاشکرابوونی ئەوە کە بەشێک لە بەڕێوەبەرانی ئەو کردەوە تێرۆریستیانە کوردزمان بوون، حیزبی ئێمە لەگەڵ ئەوەدا کە بۆخۆی بە دەیان و سەدان جار قوربانیی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بووە، بەڵام تێرۆریزم لە هەر شکڵ و شوێنێک وەک کارێکی نائینسانی و مەحکووم چاو لێ‌دەکا. هاوکات ئێمە لەسەر بەرپرسایەتیی خودی ڕێژیم لە دروستبوونی زەمینەی بەڕێوەچوونی ئەو هێرشانە پێ دادەگرین. کۆماری ئیسلامی نزیک بە دەهە و نیوێکە کە هەم بە مەبەستی لێدانی حزووری هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق و دواتریش لە چوارچێوەی یاریی گوماناویی خۆی لە قەیرانی سوریەدا و هەم وەک کارتێکی دژایەتیی وەدیهاتنی خەونەکانی کورد بەگشتی و لاوازکردنی بزوتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵگێڕانەوەی لاوانی کورد لە هەستی نەتەوایەتی، دەرفەتی هەڵدان و گەشەکردن و چالاکیی تێرۆریستیی گرووپە سەلەفی و تەکفیری‌یەکانی پێک هێناوە. تەنانەت پاش ئەو ڕاپۆرتەش کە سێ ساڵ لەمەوبەر حیزبی ئێمە سەبارەت بە چالاکیی ئازادی ئەندامانی داعش لە هێندێک شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاومان کردەوە و لەوێدا تەنانەت ناوی یەکێک لە ئەنجامدەرانی هێرشەکانی تاران هاتبوو، چاوپۆشی و ڕێگەپێدانی بەئەنقەستی چالاکیی ئەم گرووپانە هەروا درێژەی هەبووە؛ بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە ناوچەی هەڵدان و چالاکیی ئەم گرووپانە بە توندی لەژێر چاوەدێریی دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمدا بووە، ناکرێ ئەو دەزگایانە ئاگاداری ئەگەری بەڕێوەچوونی ئەو هێرشانە نەبووبن، ئەو جیا لەوە کە کات و ساتی بەڕێوەچوون و شێوازی باسکردن و مامەڵە لەگەڵ ئەم هێرشانە لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە بە گومانەکان زیاد دەکەن.
لە کاتێکدا کە فشارە نێودەوڵەتی‌یەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی لە کەنداو لە جاران زیاتر چڕبوونەوە و هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی ئێرانیش بوونە دەرفەتی بەزانی کۆمەڵێک هێڵی سوور، ڕێژیم و بەتایبەتی ناوکی سەرەڕۆیی لەم هێرشانە بۆ ئەوە کەڵک وەردەگرێ کە هەم بەڕووی جیهانی دەرەوەدا خۆی وەک قوربانیی تێرۆریزم نیشان بدا، هەم زۆرتر کۆنترۆڵی فەزای سیاسیی نێوخۆی ئێران بکا. لە هەمووی گرینگتر و هەستیارتر بۆ ئێمە وەکوو کورد ئەوەیە کە ڕێژیم جیا لەوە کە تێدەکۆشێ گرژی و ناتەبایی لەسەر بنەمای مەزهەبی لەنێو خودی خەڵکی کوردستان‌دا دروست بکا، هەوڵیش دەدا بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردستانیش بە تێرۆریست نیشان بدا و لەو دەرفەتە بۆ ڕووشاندنی ڕوخساری کورد و سەرکوتی زیاتر چالاکانی سیاسی و مەدەنی کەڵک وەردەگرێ. هەمووی ئەمانە وا دەکەن کە هێز و بژاردە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حیکمەت و یەکگرتوویی و بەرپرسیارییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن و پیلان و نیازەکانی ڕێژیمیش لەلای بیروڕای گشتیی ئێرانی و نێونەتەوەیی لەقاو بدەن.
٤/ لەپێوەندی لەگەڵ ساغبوونەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و زۆربەی هێزە سیاسی‌یەکانی کورد لە باشووری کوردستان لەسەر بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، کۆمیتەی ناوەندی وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی و پێشوازی لە یەکدەنگی و یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، ئەو پرۆسەیە بە بنیاتنراو لەسەر مافی ڕەوای کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و بە ئاکامی سروشتیی ڕەوتێکی دوور و درێژ لە نەخوێندنەوەی کورد لە ئاستی ناوەندیی عیراق و جێبەجێ نەکردنی پرەنسیپەکانی ڕێککەوتن و هاوبەشی لە بەڕێوەبردنی عێراقدا چاو لێ دەکا. حیزبی ئێمە پیرۆزبایی و پشتیوانی لە ئیرادەی کورد لە باشووری کوردستان دەکا و هیواداری دەردەبڕێ کە گەلەکەمان لە باشووری کوردستان بە هەموو ڕێگایەکی پێویست و بەتایبەتی لەڕێگای یەکخستنی زیاتری نێوماڵی کورد ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی بەڕێوەبردنی ریفراندۆم و قۆناغەکانی دوای ریفراندۆم ببێتەوە.
بڕگەی دووەمی کارەکانی پلینۆم بۆ باسی چالاکترکردن و ڕێکخستنی زیاتری تێکۆشان و کاروباری حیزب دیاری کرابوو. لەو بەشەدا گەڵاڵەیەک کە پلانی کار و کۆمەڵێک پرەنسیپ بۆ تێکۆشان و کاروباری لەمەودوای حیزبی تێدا هاتووە، پاش گفتگۆ و تێبینیی بەشدارانی پلینۆم بۆ جێبەجێکردن بە پەسند گەیشت.
لە بەشێکی دیکەی کارەکانی پلینۆم‌دا پرسی نێوان دێموکڕاتەکان و پرۆسەی یەکخستنەوەی ریزەکانی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات هاتە بەر باس. لەو بەشەدا پاش ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی سەبارەت بە نێوەرۆک و ئاکامی دوایین گفتگۆکانی نێوان دوو لایەن، ڕێبەریی حیزب سەرنج و تێبینی‌یەکانی خۆی لەو پێوەندییەدا دایەوە دەفتەری سیاسیی حیزب و چوارچێوەی ڕوانینی حیزبی بۆ دیالۆگێکی بەرهەمدار و یەکگرتنەوەیەکی ڕاستەقینە دیاری کرد.
دوایین بەشی کارەکانی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بریتی بوو لە باسکردن لە کۆمەڵێک پرسی نێوخۆیی و تەشکیلاتی. لەو بەشەش‌دا پاش گفتگۆیەکی دەوڵەمەند، پلینۆم بە بەرپرسیاری و یەکدەنگییەوە ئاکام و بڕیاری دروستی لەسەر وەرگرتن.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**٢٣ ی جۆزەردانی ١٣٩٦ (١٣ی ژووئەنی ٢٠١٧)**

## شەپۆلی نوێی کوشتنی کۆڵبەران لە کوردستان لەگەڵ تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان

هەر لە چەند ڕۆژ دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری شەپۆلێکی نوێی تەقە و دەستڕێژ لە کۆڵبەرانی کوردستان دەستی پێ‌کردەوە.
ڕۆژی یەکشەممە، ٧ی جۆزەردان پۆلێک کۆڵبەری داماو لە ناوچەی سنووریی مەڕانە لە مەریوان کەوتنە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی.
لەو دەستڕێژەدا دوو کۆڵبەر کوژراون کە ناوی یەکیان حەمدی فاتحی، خاوەن ژن و منداڵ، خەڵکی مەریوان بووە. ئەو پەلامارەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کۆڵبەرانی مەریوان لە حاڵێکدایە کە ڕۆژی پێنجشەممە، ٤ی جۆزەردانیش لە سەقز هێرش کرایە سەر پۆلێک کۆڵبەر و کاسبکاری کورد کە یەک لەوان بەناوی محەممەد دەرەتفێی بە توندی بریندار بوو.
ڕۆژی شەممە، ٢٠ جۆزەردان لە ناوچەی سنووریی قەڵاگای سەر بە شاری نەوسوود لە پارێزگای کرماشانیش تەقەیان لە پۆلێک کۆڵبەری کورد کرا و لە ئاکامی ئەو هێرشەدا کۆڵبەرێک بە ناوی ”عەلی محەممەدی“، بە توندی برینداربوو.
ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٥ی جۆزەردانیش لە سەردەشت پۆلێک کۆڵبەری خەڵکی ئەو شارە و گوندەکانی دەوروبەری لە ناوچەی بێتووش کەوتوونە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و یەک لەوان بە ناوی سیروان عەزیزی دسبەجێ گیانی لە دەستدا.
سیروان عەزیزی کاتێک‌دا بارێک سیگاری بە کۆڵەوە بووە، کەوکوژی دراوەتە بەر دەستڕێژ و کوژراوە.
جێی باسە کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا ٣٤ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بریندار بوون.
بە پێی بانکی زانیاریی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ساڵی ڕابردووش‌دا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لانیکەم ٥٢ کۆڵبەر و کاسبکاری کوردیان بە تەقەی ڕاستەوخۆ کوشت. هەر بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ١٤ کۆڵبەری دیکەی کورد بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی، سەکتەی دڵ، سەرمابردوویی و کەوتنە ژێر ڕنوو گیانیان لەدەست دا. لەو هێرش و کۆمەڵکوژییەی کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکان‌دا ٣٦ کەسیش بریندار بوون.

## چەند چالاکییەکی حیزب

### سەردانی هەیئەتێکی ڕێبەریی کۆمەڵە لە سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ١٥ی جۆزەردان هەیئەتێکی ڕێبەریی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستی کاک ئەبووبەکر مودەڕیسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕات بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.
لەو سەردانەدا سەرەتا هەیئەتی میوان باسی ئاکامە سیاسییەکانی تازەترین کۆنگرەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی کرد و لەو پێوەندییەدا باسی لە پەسەندکردنی پلاتفۆڕمی بەرەو یەکیەتیی بەکردەوەی زیاتری هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران کرد. هەر لە چوارچێوەی ئەو باسەدا هەیئەتی حیزبی دێموکرات وێڕای پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی ١٥ی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەیئەتی میوان سیاسەت و خوێندنەوەی حیزبی دێموکڕات‌یان بە نیسبەت گۆڕانکارییەکانی ئێران و کوردستان و ناوچە و، ئەم ئەرک و پێویستییانەی هێزە سیاسییەکان دەبێ بایەخی پێبدەن؛ خستە بەرباس. هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان جارێکی دیکەش پێی لەسەر ئامادەیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ پێکهێنانی هەرچەشنە هاوپەیمانی و یەکیەتییەکی بەکردەوەی نێوان حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داگرتەوە.

### یادی ٣٧ی ساڵەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان بەرز ڕاگیرا

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٢٧ی جۆزەردان ڕۆژیادی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستان لە قەڵای دێموکرات بە ئامادەبوونی بەشێک لە کارگێڕان و بێژەرانی دەنگی کوردستان بەرز ڕگیرا.
لە کۆڕیادەدا سەرەتا کاک کەماڵ کەریمی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر کاریگەریی و ڕۆڵی کارای ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی گەلی کورد بە کۆمەڵگەی کوردستان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.
بەڕێزیان لە بەشێکی قسەکانی‌دا گوتی: لە هەلومەرجی هەستیاری بەربەرەکانی و خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات، پێویست بە هەبوونی ڕاگەیاندنێک هەبوو بۆ گەیاندنی دەنگی تێکۆشەرانی دێموکرات بە خەڵک و، هەرئەمەش بۆ بە هۆی دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان کە بەهەق لەو بارەوە بە هەوڵ وماندووبوونی بەڕێوەبەران و وردبینی کەسانێک وەکوو شەهید دکتور سادق شەرەفکەندی سەرکەوتوو بوو.
لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای ڕێزگرتن و دەستخۆشی کردن لە سەرجەم کادر و تێکۆشەرانی راگەیاندنی حیزب بەتایبەتی زەحمەتکێشانی دەنگی کوردستان لەسەر جێگە و پێگەی رادیۆ دەنگی کوردستان لەسەردەمی خەباتی چەکداریی کە زمانحاڵی شیاوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، قسەی کرد و کۆمەڵێک بیرەوەریی تاڵ و شیرینی لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسووڕانی کاروباری ڕادیۆ و کارگێڕەکانی گێڕایەوە.

### گڵکۆی خاوەنی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» نۆژەن کرایەوە

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا گۆڕی دڵدار، شاعیری نەتەوەیی و خاوەنی سروودی ئەی رەقیب لە لایەن ڕێکخراوی کەکۆن و دڵسۆزان و ئەدەبدۆستانی شاری کۆیەوە نۆژەن کرایەوە و، پەردە لە سەر کۆمەڵێک لە شێعرەکانی لادرا کە لە سەر بەردی مەڕمەڕ و وەک دیوارێکی بە هەیبەت لە دەوری مەزاری ئەو شاعێرە نەتەوەییە کێشراوە.
ئەو ڕێوڕەسمە بە کردنەوەی دەرگای مەزاری نەمر دڵدار لەلایەن کاک جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرایەوە و دوای لێدرانی مارشی ئەی رەقیب؛ چەند کەس لە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە وەک مامۆستا سەرکەوت قایمقامی کۆیە، کاک جەلیل گادانی، مومتاز حەیدەری و پێشڕەو سەید برایم لە سەر کەسایەتیی بەرزی دڵدار و کاریگەریی لەسەر خەباتی نەتەوەیی کورد و کۆمەڵگای کوردستان قسەیان کرد.

### چالاکیی تەبلیغی ئەندامانی حدک لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی جیهانیی کار لە سویس

ئەندامانی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەدوشەشەمین کۆبوونەوەی ڕێکخراوی جیهانیی کاردا و بە مەبەستی پشتیوانی لە کرێکاران و کۆڵبەرانی کوردستان چالاکی‌یەکی تەبلیغی‌یان لەبەر دەرگای بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان لەژنێف بۆ بەڕێوە برد.
لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی هەینی، ١٩ی جۆزەردان لە بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان لە ژنێف بەڕێوەچوو، کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لە چالاکترین حیزبەکانی بەشدار لەم خۆپیشاندانەدا بوو. ئەندامانی حیزب لەو کۆبوونەوەیەدا بە خوێندنەوەی وتار و پەیام و هەڵگرتنی چەند جۆر پلاکارد، درووشم و وێنە کە باسیان لە ئازار و مەینەتی چینی چەوساوەی کرێکار و کۆڵبەرانی بێ‌دەرەتانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەکرد، بەشداریی چالاکانەیان لە کۆبوونەوەکەدا کرد.

### بەشداریی کۆمیتەی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکانی حدک لە چەند کۆبوونەوەی ڕێکخراوی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لە ژنێڤ

لە ڕۆژەکانی ١٢تا ١٥ی ژۆئەنی ٢٠١٧ی زایینی چەند کۆڕ و سمینار بۆ تاوتوێ‌کردنی مافی نەتەوە ژێردەستەکان لە دەوڵەتانی خاوەن دەسەڵات‌دا لە بنکەی سەرەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەگرتوەکان لە شاری ژنێڤ بەڕێوەچوو.
لە چوارچێوەی ئەو چالاکی‌یانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان‌دا هەیئەتی حیزبی دێموکڕات بە بەشداری لە چەند پانێل‌دا باسیان لە بێ‌مافی و بەشمەینەتی‌یەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بواری پەروەردە و ماف و ئازادی‌یە مەدەنی‌یەکان‌دا کرد کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سیستماتیک پێشێل دەکرێ.
هەر لە درێژەی کار و تێکۆشانی ئەندامانی کۆمیتەی سویسی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا، ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب بەشدارییان لەو خۆپیشاندانەدا کرد کە ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ بە مەبەستی مەحکومکردنی پێشێلکاری‌یەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانەوە وەرێی خستبوو.
لەو خۆپیشاندانەدا کە ڕۆژی شەممە، ٢٧ی جۆزەردان کرا، ئەندامانی حیزب
کۆمەڵێک درووشم و وێنەی پێشێلکاری‌یەکانی مافی نەتەوەی کورد لە ئێران بەهۆی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران‌یان بەرزکردەوە کە بەرچاوترینیان نیشاندانی تەرمی کۆڵبەری جوانەمەرگ سیروان عەزیزی بوو کە بەدەستی چەکدارانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا.

# تاران، داعش و کورد (١)



قادر وریا

**ئاماژە:**
ڕووداوەکانی ١٧ی جۆزەردانی ئەمساڵی تاران، جارێکی دیکە بوون بە هۆی ئەوە پێوەندیی تاران، داعش و کورد لە گەڵ یەکتر بێنەوە بەرباس و بە شێوەی جۆراوجۆر قسەیان لێ بکرێ. کۆماری ئیسلامی لە پێتەختی دەسەڵاتدارەتییەکەی، ئەویش لە دوو شوێنی واتادار، یەکەمیان مەجلیسی شوورای ئیسلامی و دووهەم لە مەزارگەی خومەینی، دامەزرێنەر و ڕێبەری ئەو ڕێژیمە هاوکات کەوتە بەر زنجیرەیەک هێرشی تیرۆریستی. هێرشەکانیش بە هۆی کەسانێکەوە بەڕێوە چوون کە کوردزمان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. هەم ڕێکخراوی داعش بەرپرسیارەتیی ئەنجامدانی ئەو هێرشانەی گرتە ئەستۆ و هەم کۆماری ئیسلامییش، هێرشەکانی بە کاری داعش زانی. لە سۆنگەی ئەم ڕووداوانەوە، لە نێوخۆی ئێران و بە تایبەتی کەسان و ناوەندگەلی سەر بەڕێژیم، کوردزمان بوونی ئەنجامدەرانی ئەو هێرشانەیان کردە بیانوو بۆ لێدوانی دوژمنانە بەرامبەر کورد و بڵاوکردنەوەی ڕق و نەفرەت لە دژی ئەو نەتەوەیە. هێرشە تەبلیغاتییەکە هەر کورد لە نێو ئێرانی نەگرتەوە بەڵکوو کوردی باشووریشی دایە بەر ڕەحمەتی خۆی، ئەویش لەکەشوهەوایەک دا کە پرسی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان، لە ساتەوەختی بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی بەڕێوەچوونەکەی نزیک دەبۆوە. ئەم زنجیرە وتارە هەوڵ دەدا لە هەر ئەڵقەیەکی خۆی‌دا هەڵوەستە لەسەر ڕەهەندێکی باس و لێکدانەوەکانی پێوەندیدار بە ڕووداوەکانی ١٧ی جۆزەردانی تاران بکا.

**ڕەهەندی یەکەم: هێرشی تیرۆریستیی ڕاستەقینە یا سیناریۆی دەسکردی سوپا و بەیتی ڕەهبەری؟**

لە حاڵێکدا کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە خۆی وەک یەک لە کاریگەرترین جەمسەرەکانی شەڕ لە گەڵ داعش پێناسە بکا و بە ئامانجکرانی تاران لەم هێرشانەدا بباتەوە سەر ڕۆڵی خۆی لە شەڕی ناوچەیی لە گەڵ داعش‌دا، زۆر لە شرۆڤەکارانی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی، گومانیان لە واقعی‌بوونی هێرشەکان‌دا هەیە و وەکوو سیناریۆیەک کە ناوەندە سەرەکی‌یەکانی خودی ئەو ڕێژیمە دایان‌ڕشتوە، لێیان دەڕوانن! بەشێک لەوانەش کە لە بە سیناریۆناوبردنی هێرشەکان خۆیان بواردوە، لانیکەم نەیانشاردووەتەوە حکوومەتێک و لایەنێک کە بۆ خۆی پشتیوان و هاوکاری ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بێ، دووکەڵی ئەم پشتیوانی و تێکەڵاوییە ، ڕۆژێک داوێنی خۆیشی دەگرێتەوە.

پرسیارێکی زۆر سادە ئەوەیە چلۆن دەکرێ ڕێژیمێک دوو ناوەندی هەرە دیاری خۆی کە یەکەمیان (مەزارگەی خومەینی) لە ڕووی پیرۆزی و ڕووگەبوونی بۆ بەڕێوەبەران و لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی و، دووهەمیان (مەجلیسی شوورای ئیسلامی) کە لە ڕووی سیاسییەوە گرنگیەکی تایبەتیان هەیە، بکا بە شوێنی بەڕێوەبردنی سیناریۆیەکی خوێناوی کە خۆی دایڕشتوە؟! موحتەمەل بوونی ڕاستبوونی ئەو جۆرە بۆچوونانە کاتێک بە هێز دەبێ کە ٣ فاکتۆر لە بەر چاو بگرین:

یەکەم، پێشینەی کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی سیناریۆی ئەمنیەتی و خوێناوی دا کە کارنامەی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە بە دەیان نموونەی لەو چەشنەیان تیدایە. نوێترین نموونەکان مردنی گوماناویی ڕەفسەنجانی و، سووتاندن و دواتر تەقاندنەوەی بینایەی پلاسکۆ، بوون. کۆمەڵی ئێران هەتا ئێستاش ئەمانەی وەک ڕووداوی سروشتی وەرنەگرتوون. لە پێشووش دا نموونەی وەک کوشتنی ئەحمەدی خومەینی، تەقاندنەوەی بارەگای ئیمام ڕەزا لە مەشهەد، تیرۆری ٤ قەشەی مەسیحی و تەقینەوە لە مەزارگەی خومەینی، هەبوون کە ئیدی ئێستا، دوای لێکتر لەقاودانەکانی پاش ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ بە بەڵگە سەلمێندراون کە سێ کوچکەی بەیتی ڕەهبەری و وەزارەتی ئیتلاعات و سوپا، لە پشت یەک یا چەند لەم ڕووداوانە بوون. لێرەدا لەناوبردنی ئامانج و نیازی پشت سیناریۆی پێوەندیدار بە هەر کام لەو ڕووداوانە دەگوزەرێین. ئەو خاڵەشمان لە بیر نەچێ کە لێرەدا بە ئەنقەست باسی ئەو پیلانانەی دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، دژی کەسایەتییە جیابیرەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دەرەوەی ڕێژیم بەڕێوەیان بردوون، ناکەین. تەنیا وەک نموونە ئاماژەمان بە چەند ڕووداوێک کرد کە پێشتر بە زەحمەت شیمانە دەکرا ڕێژیم بۆخۆی لە پشتیان بێ، کە چی دواتر دەرکەوت بەڕێوەبەر و ناوکەی سەرەکیی دەسەڵات لەم ڕێژیمە دا ئامادەیە بۆ ئامانجی سیاسی و ئەمنیەتی و بەرژوەندی لە ڕوانگەی خۆیەوە گرینگ، شتی وای بکا.

دووهەم، جۆرەی هەڵسوکەوت و دژکردەوە نیشاندانی ناوکە سەرەکییەکانی دەسەڵات و دەمڕاستەکانیان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ڕووداوگەلی لەم چەشنە دا کە لە جیاتیی یارمەتی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بدەن، پرسیار و گومانی زیاتر دروست دەکەن. چونکە جگە لە ناتەباوێژی و بڵاوکردنەوەی درۆ و ئیددیعای نەسەلمێندراو لە پێوەندی لە گەڵ لایەنێک یا چەند لایەنی ڕووداوەکە و کەسەکانی پێوەندیدار، وا دەکەن سەرەداوەکان هەر لە سەرەتاوە بە تەواوی ون ببن یا دواتر بە شێوەیەکی گوماناوی لە نێو بچن. لێکۆڵینەوە لەم جۆرە ڕووداوانە بە دوور لە چاوەدێریی میدیاکان و نوێنەرانی بیروڕای گشتی، بەڕێوە دەچێ و کارنامەی دامەزراوە پێوەندیدارەکانی ئەو ڕێژیمە لە دانی زانیاریی ڕاست و دروست بە خەڵک دا، بە تەواوی ڕەش و گوماناوی بووە. ئەمەش وای کردوە بە چاوی گومان و پرسیارەوە ڕوانین لەو ڕووداوانەی لە نیو کۆماری ئیسلامی دا ڕوو دەدەن، هەتا هاتوە بە هێزتر بێ.

سێهەم، لە کۆماری ئیسلامی دا عادەت وابووە ئەنجامی ململانێی دوو قۆڵی سەرەکیی نێو ڕێژیم بە تایبەتی ئەو کاتانەی ململانێکان لە سۆنگەی جۆری دەنگدانی خەڵکەوە، لە زیانی ویست وبەرژەوەندی ڕەهبەری و سوپای پاسداران و کۆنەپارێزەکان دەچنە پێش، لە ڕێگای قەیرانسازییەوە، پێچەوانە بکرێتەوە. هێرشەکانی ١٧ی جۆزەردانی ئەمساڵی تاران بە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕ و شکستی کاندیدای قۆڵی کۆنەپارێزدا ڕوویان دا. هەر لە دوای ڕاگەیەندرانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، سیاسەتی حەسەنی ڕووحانی لە هەر دوو بواری نێوخۆیی و دەرەکی دا پتر لە پێشوو کەوتنە بەر ڕەخنە و هێرشی قۆڵی کۆنەپارێز و، لە سەرووی هەموانەوە شەخسی خامنەیی. ئەوەی لە دوای ئەم هێرشانەشەوە لە زمانی خامەنەیی و دەمڕاستەکانی قۆڵی کۆنەپارێزەوە بە ڕاشکاوییەکی زیاترەوە پێیان لە سەر دادەگیرێتەوە لە ژێر پرسیاردابوونی ڕێککەوتنی بەرجام، پێویستیی درێژەی مەیدانداریی نیزامی و ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا و پێویستیی شەڕ لە گەڵ «دوژمنان» لە دەرەوەی سنوورەکان و دووریکردن لە هەر چەشنە نزیکبوونەوەیەک لە گەڵ ئەمریکایە. لە ئاستی نێوخۆییش‌دا شەخسی خامەنەیی بە دوای هەڵبژێرانەوەی ڕۆحانی، بە جۆرێکی بێ‌وێنە هەڵ دەکوتێتە سەر ئەو دروشم و بەڵێنانەی ڕۆحانی بانگەشەی بۆ کردوون. ئایا ناگونجێ هێرشەکانی ڕۆژی ١ی جۆزەردان، سیناریۆیەکی سوپای پاسداران بە ڕەزامەندیی شەخسی خامەنەیی بۆ گۆڕینی دۆخی سیاسی و ئەمنیەتیی وڵات لە بەرژوەندی خۆیان و بە زیانی سەرکۆمار و لایەنگرەکانی بێ؟

هێرشەکانی ١٧ی جۆزەردان، چ هێرشی ڕێکخراو لە لایەن داعشەوە بووبن، چ بەشێک بووبن لە سیناریۆکی دەسکردی سوپای پاسداران و بەیتی ڕەهبەری و هتد، ئاکامێکی دیاریان هەبووە، ئەویش دەست ئاوەڵایی ڕەهبەری و سوپای پاسداران و دامەزراوەکانی سەر بە خامەنەیی بۆ دەرهێنانی بەرە لە ژێر پێی سەرکۆماری هەڵبژێردراوو، وەڕێخستنی شەپۆلی سەرکوت و دەمکوت لە نێوخۆدا. هەر وەها دەستی ئەوانە ئاوەڵا بووە بۆ بەردەوامی و درێژەدان بە سیاسەتی دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و زاڵکردنی هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە دا لە ڕێگای بردنە پێشی شەڕی ئایینی. ناوکەی سەرەکیی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی دا، دەیەوێ بە کەلکوەرگرتن ڕووداوەکانی ١٧ی جۆزەردان، سەرهەڵدانی هەر جۆرە دوودڵی و ڕاراییەک لە درێژەدانی نیاز و سیاسەتەکانی پێشوو لە نێو نیزامدا سەرکوت بکاو، دەرگای سیاسەتە دەرەکی و نیوخۆییەکانی ئەو ڕێژیمە هەر لە سەر هەمان پاژنەی جاران بوخلێتەوە. بەم پێیە هێرشەکانی ١٧ی جۆزەردان، هەلێکی زێڕینی بۆ ڕەخساندوون. هەلێکی زێڕینی ئەوتۆ کە گریمانەی سیناریۆ و گوماناوی بوونی هێرشەکانی ١٧ی جۆزەردان، ئەوەندەی دیکە بە هێز دەکا.

لە ئەڵقەی دووهەمی ئەم وتارە دا، باس لە پێگەی کورد و کۆماری ئیسلامی لە شەڕی داعش‌دا دەکەین.

# دەرهاویشتەکانی سیاسەتێکی چەپەڵ



ئالان بەهرامی

کردەوەتیرۆریستی‌یەکەی ١٧ی جۆزەردانی تاران، کە داعش بەرپرسایەتی‌یەکەی گرتۆتە ئەستۆ، وەک کردەوەیەکی تیرۆریستی شایانی مەحکووم کردنە، بەڵام ئەوە تەنیا ڕوویەکی ئەم ڕووداوەیە. ئەم ڕووداوە لە ڕاستی‌دا بەرهەمی سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکی‌یەکانی ڕێژیمی مەزهەبیی تارانە. لە ڕاستی‌دا ئەوە دووکەڵێک بوو کە دەبوا ڕۆژێک بگەڕێتەوە نێو چاوی خۆیان.

کورتە ئاوڕێک لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە خۆی بە ناوەندی هەموو شیعەکانی جیهان دەزانێ لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی‌دا سەلمێنەری ئەم بۆچوونەیە. لە ئاستی نێوخۆیی‌دا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە پێی قانوونە بنەڕەتی‌یەکەی ڕێژیمێکی شیعەگەرایە و تەنیا تەشەییوع بە مەزهەبی ڕەسمی دەناسێ. بەو پێیە هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانییەوە سەرەڕای کۆمەڵێک دروشمی ڕواڵەتی لەمەڕ یەکیەتیی ئایینزاکانی تەشەییوع و تەسەننون لە ڕاستی‌دا درێژەدەرێکی بەتەواو مانای قووڵکردنەوەی ناکۆکی و ململانەی مێژوویی ئەم دوو ئایینزایە بووە و لە هیچ چەشنە هەڵاواردن و جیاوازیدانان و سەرکوتکاری‌یەک بەرانبەر ناشیعەکان خۆی نەبواردوە.

لە پەنا ئەم سیاسەتە فەرمی‌یەدا دەسەڵاتدارانی تاران بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا لە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی ناکۆکیی مەزهەبی لە نێوان پێڕەوانی ئەم دوو ئایینزایەدا، سیاسەتێکی زۆر جیاوازتریان بەرانبەر دەستە و تاقمە بناژۆخوازە سوننییەکان‌دا گرتۆتەبەر. لە ڕاستی‌دا ئەم جۆرە تاقم و گرووپە بناژۆخوازانە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ جۆرێک دەستئاوڵایی بانگەشە و ڕێکخستنیان پێ‌دراوە. بەڕادەیەک کە تریبوونی ژمارەیەک لە مزگەوتەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە ئاشکرا کەوتۆتە دەست کەسانی سەلەفی و جیهادی.

ڕوونە ئەم جۆرە مەیداندانە بە گرووپە توندرۆ سوننیەکان نە لەگەڵ نێوەرۆکی ئەم ڕێژیمە و نە لەگەڵ سیاسەتەکانی بەرانبەر لایەنگرانی ئایین و ئایینزا ناشیعەکان یەکناگرێتەوە. ڕێژیمی تاران لە پێناوی دوو ئامانجی نێوخۆیی و دەرەکی‌دا ئەم سیاسەتەی بەرانبەر ئەم گرووپانە گرتۆتەبەر، بە بێ ئەوەی پێی وابێ یان لە ڕاستی‌دا بۆی گرنگ بێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ ئاکامە زیانبارەکانی ئەم سیاسەتە ئامرازیانەیەی بەرانبەر پەرەگرتنی بونیادگەرایی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. چونکە هەر وەک لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی پشتگیریی ڕێژیمی تاران لە گرووپگەلێکی تایبەتی بونیادگەرای سوننی لە وڵاتانی ناوچەدا ئاماژەی پێدەکرێ، ئەم سیاسەتە تەنیا سیاسەتێکی کاتی، ئامرازگەرایانە و بەرژەوەندخوازانەیە کە بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنێکی هاوبەش گیراوەتەبەر. سیاسەتێک کە دیارە پیادەکردنەکەی تەنیا لە دەست وەزارەتی ئیتلاعات و سوپای پاسداران دایە.

ئامانجی سەرەکیی ئەم سیاسەتە پەرەپێدانی ئیسلامی سیاسی و بناژۆخوازە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ ئەویش لەسەر ئەم بنەمایە کە بە کەلکی خراپ وەرگرتن لە هەستی ئایینیی خەڵک، خەنیم و بەدیلێکی ئایینی ئەویش لە چەشنە هەرە دزێوەکەی بۆ بزووتنەوەی هەردەم پەرەئەستێنی نەتەوەیی کوردستان دروست بکەن. سیاسەتێک کە ڕێژیمی ئێستای ئێران پێشتریش هەوڵی بۆ دابوو، بەڵام تێیدا ناکام مابۆوە.

لە ئاستی دەرەکی‌دا سیاسەتی سەرەکیی ڕێژیمی مەزهەبیی تاران بریتی بوە لە هەناردەکردنی بەقسەی خۆیان «شۆڕش» یان لە ڕاستی‌دا شیعەگەرایی. لە سەر ئەم بنەمایە ڕێژیمی تاران خۆی لە کاروباری هەموو ئەم وڵاتانە هەڵقورتاندوە کە بەشێک لە دانیشتوانیان شیعەن. سیاسەتێک کە خۆی



لە قووڵکردنەوەی کێشە و ململانەکانی ئەم وڵاتانە و یارمەتیی ماددی، نیزامی، ئابووری و سیاسیی شیعەکانی ئەم وڵاتانەدا نیشان داوە. لەم پێوەندی‌یەدا دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران لە کێشە و شەڕە نێوخۆیی‌یەکانی عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن و... لە ئاستێک دایە کە ڕێبەرانی ڕێژیم بە هیچ شێوەیەک نەک نایشارنەوە، بەڵکوو شانازیشی پێوە دەکەن.

سیاسەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەرانبەر دەستە و تاقمە سوننیە توندرۆ و بونیادگەراکان لە دەرەوەی وڵاتیش سیاسەتێکی جیاواز و ئامرازیانەیە. لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونە دەکەین. ڕێژیمی تاران بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناتەبایی و دژوازییە ئایینزایی و ئیدیۆلۆژیکییەکانی لە دەیەی هەشتاوە هەوڵی داوە یارمەتی بە حیزب و گرووپە سوننە توندرۆیەکان وەک بزووتنەوەی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی جوندولئیسلام و... لە باشووری کوردستان بکا. ئەم گرووپانە لە خاکی ئێران وەک پەناگە و شوێنی خۆتەیارکردن کەلکیان وەرگرتوە.

لێرەش‌دا ئامانجی سەرەکیی ڕێژیمی تاران بریتی بووە لە بەکارهێنانی ئەم لایەنانە لە دژی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لایەک و لەلایەکی دیکەوە حیزب و ڕێکخراوەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی باشووری کوردستان. لە پێوەندی لەگەڵ خزمەتەکانی ئەم لایەنانە نموونەگەلێکی وەک سیخوری، تیرۆر و ڕفاندن و ڕادەستکردنەوەی کادرو پێشمەرگەکانی سەر بە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ لە باشووری کوردستان بەرچاو دەکەون.

لە عێراقی دوای ڕووخانی حکومەتی بەعس کە سوننی‌یە توندڕۆکانی عێراق لە ژێر چەتری ئەلقاعیدەدا لە دژی سوپای ئەمریکا لە شەڕدا بوون، ڕێژیمی تاران لە باری دەرەتانی هاتوچۆ و گواستنەوە لە نێوان پاکستان و ئەفغانستان _ عێراق و چەک و تەقەمەنی‌یەوە یارمەتیی دەکردن. هەر لەم قۆناخە کە تالیبان و ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان لە دژی هێزە بیانی‌یەکان و دەوڵەتی ناوەندیی ئەم وڵاتە لە شەڕ دابوون، بە پێی ئەو بەڵگە ڕوونانەی ئاشکرابوون ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە داڵدەدان و یارمەتیی ئەوان‌دا دەستی باڵای هەبوە. ئامانج و تەوەری هاوکاریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و ئەم لایەنانەش بریتی بوە لە تێکشکاندنی ستراتژیی دوژمنی هاوبەش واتە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی.

لە کاتێکدا ڕێژیمی تاران لە هەموو قوژبنێکی ناوچەدا خەریکی ئاژاوەنانەوە و دژایەتیی سوننە مەزهەبەکانە شتێکی ئاساییە لەگەڵ پەرچەکرداری گرووپە توندرۆیە سوننی‌یەکانەوە بەرەوڕوو بێتەوە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە دەتوانێ لە شێوەی لق و پۆپەکانی هەمان ئەو هێزە بناژۆخواز و تیرۆیستییانەدا خۆی دەربخا کە لە وڵاتانی ناوچەدا چالاکن. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە بۆ وا بەدرەنگەوە دووکەڵی ئەم شەڕە فیرقەیییانەی تاران لە هەڵگیرساندن و ئاگرخۆشکردنیان‌دا دەستی باڵای هەیە، گەڕاوەتەوە چاوی کاربەدەستانی تاران؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر بەکورتی دەتوانێ ئەوە بێ کە سیاسەتی تاکتیکیی ڕێژیمی تاران لە پێوەندی لەگەڵ داعش‌دا کۆتایی پێ‌هاتوە. ئەگینا چۆنە هێزێکی تیرۆریستیی وەک داعش کە بە تایبەتی لە عێراق هیچ بەزەیییەکی بە شیعەکان‌دا نایەتەوە لە کاتێکدا لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆی دابوو، ڕێژیمی ئێرانیش هەم لە عێراق و هەم لە سووریە بە هەموو تواناوە پشتیوانیی نیزامیی و ماددی شیعەکانی ئەم وڵاتەی دەکرد و ... هیچ دژکردەوەیەکی بە دژی تاران نەبوو؟...

ل٧

# پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی :
# ئەوەی دەبێ لەنێو خەتەکاندا بیخوێنینەوە



ئاسۆی حەسەن زادە

سەختی و بەڕێژ نەبوونی هەلومەرجی ئێستای خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمی بارودۆخی نێونەتەوەیی و سیاسەت و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی و نالێکییە نێوخۆییەکانی کورد لەو پارچەیەی کوردستانە. ئەوەش کوردی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ پرسیار و چالێنجی گەورە لەپێوەندی لەگەڵ ئامانج و ئاقار و شێوەکانی خەباتی ئێستا و ئایندەی خۆی بەرەوڕووکردۆتەوە. حیزبێکی سیاسی ئەگەر لەگەڵ ڕووداوەکان و کۆمەڵگای خۆی بژی و بە ئەرکی خۆیشی وەک پێشەنگ و ڕێکخەری کاری سیاسی لەنێو خەڵکی خۆیدا ئاگادار بێ، خۆی لە پرسیارەکان نادزێتەوە و تێدەکۆشێ لە قەدەر بڕست و توانای خۆی وڵامیان بۆ بدۆزێتەوە. تەنیا کاتێک حیزبێک بە باشی لە ئاست ئەم چاوەڕوانییەدا دەبێ کە خۆی لە بازنەیەکی سیاسیی داخراو و دیاریکراودا چەقبەستوو نەکا و بەستراوە بە تەنیا چینێکی کۆمەڵایەتی یان تاقە توێژێکی فیکری نەبێ.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەو حیزبەیە کە ئەم خسڵەتانەی سەرەوەی بە ڕوونی تێدایە. لە بەستێنی مێژوویی‌دا حیزبی دێموکڕات هەم بەهۆی خەڵکی بوونی و هەم بەهۆی هەوڵی بەردەوامی بۆ سیاسەتکردن لەسەر عەرزی واقیع، بەردەوام ریسکی ئەوەی کردووە کە لەپێناوی خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرج و نوێکردنەوەی کەرەستەکانی خەبات بەتایبەت لەڕووی گوتاری و هزرییەوە خۆی تووشی چالێنجی تەشکیلاتی و سیاسی بکا. ئەم تایبەتمەندییەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دە ساڵی ڕابردوودا کە ئەم حیزبە بەشێوەیەکی ڕوونتر لە ڕابردووش، دە گژ پرسیارە سەخت و ناخۆشەکانەوە ڕاچووە، بەرجەستەتریش بووەتەوە.

پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان (هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزب) نموونەیەکی نوێ و یەکجار بەرچاوی ئەو حاڵەتانە بوو کە لەو شوێنەدا کە ئەو حیزبە لێ دەگەڕێ جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەنگدانەوەیان لە بیرکردنەوەی نێو ڕیزەکانی و سیاسەتسازییەکانی ئەو حیزبەدا هەبێ، بە هەموو ریسکە دەرەکی و نێوخۆییەکانی ئەم جۆرە زەرفییەتسازییانەش، ئەو حیزبە ئەوەندەی زەرفییەت و توانایی هەیە کە بە قەولی ئینگلیسی «لە کۆتایی ڕۆژدا»بە هەستکردن بە بەرپرسیاری و ئیرادەی بەخۆداچوونەوە، نەک هەر بەرگەی جیاوازیی ڕوانینەکان بگرێ، بەڵکوو بە سەنتێزی مەعقوول بگا و جیاوازییەکان بکاتە دەرفەت و بوارێک بۆ لێک حاڵی بوون و کاری سیاسیی بنیاتنەری زیاتر لە ئایندەدا. لەهەرحاڵدا حیزبێک کە لەودا بیرکردنەوەی زاڵ و فەرهەنگی جێکەوتوو هەستی بەرپرسیاری و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی بەرامبەر بێ، جیاوازیی بیروڕا نەک هەر مەترسی بۆ سەر هەرمان و پێکەوە بوونی پێکهاتە گشتییەکەی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئەو «چیکڵدانە سیاسییە» دەتوانێ باشترین دەستەبەری گەشەکردن و پێشوەچوون و لە ئاکامدا سەرکەوتنی بێ.

وەک لە ڕاگەیاندراوی کۆتایی پلینۆمی شەشەمدا هاتبوو، دەستووری کاری ئەو پلینۆمە زۆر باس و خواسی سیاسیی بەتایبەتی لەپێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی ئێران و فشارە نوێیە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر ئێران و هێرشەکانی تاران و ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان گرتبووە خۆی. هەروەها دەزانین ئەم پلینۆمە لەپێوەندی لەگەڵ پرسی نێوان دێموکڕاتەکان و ئەو هەوڵانەی بۆ یەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات لە ئاراداند بەو پەڕی هەستی بەرپرسیاری و شێلگیرییەوە چوارچێوەیەکی کاریی کە هەم ئامادەیی مایە لەخۆدانانی حیزبی ئێمە و هەم بنەماکانی یەکگرتنەوەیەکی ڕاستەقینەی تێدا هاتووە، بۆ دەفتەری سیاسی لەپێناوی سەرخستنی ئەم پرۆسەیە دیاری کردوە.

پەسندکراوێکی گرینگی دیکەی ئەم پلینۆمە بریتی بوو لە پلان و کۆمەڵە پرەنسیپێک بۆ تێکۆشان و کاروباری لەمەودوای حیزب. ئەم دۆکومێنتە زۆرتر بەرنامەی کاریی حیزبی ئێمە لە بوارە جیاجیاکان و ئوسوڵی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەختییەکانی سەردەمی ئێستای خەبات و گوڕوتین بەخشین بە تێکۆشان و باشترکردنی کاروباری حیزبی دەگرێتە خۆی.لە دەقەدا ئەو پرەنسیپانەی لەپێوەندی لەگەڵ باشترکردنی کارکردی ڕێبەریی حیزب لە حیزب و ڕاکێشانەوەی بژاردەکانی دەوروبەری حیزب، ئامانجدارترکردنی کاری تەشکیلاتی لە نێوخۆی وڵات، پەرەپێدان بە توانا و تەیارییەکانی هێزی پێشمەرگە، گوڕ و تین بەخشینەوە بە دینامیزمی پێوەندییەکانی حیزب لە هەموو بەستێنەکاندا، وڵامدەرترکردنی ڕاگەیاندنی حیزب لە سەردەمی ئێستادا و حزووری مێدیایی حیزب، نۆژەنکردنەوەی پەروەردە لە حیزبدا، پێدانی نەخشی زیاتر بە ژنان و هێنانە پێشی لاوان، و ...) لەو بەرنامە کارییەدا دیاری کراون.

شێوازی تێکۆشان و خسڵەتی تەشکیلاتیی هەر حیزبێک بەرهەمی ڕاستەوخۆی جۆری گوتار و ناسنامەی سیاسیی حیزبەکەیە. هەربۆیە لەم دۆکومێنتەدا لەپاڵ بەرنامەی کار و مەسایلی تەشکیلاتیی حیزب و وێڕای وەبیرخستنەوە و وەبیرهێنانەوەی سیاسییەکانی ئێرانی ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی دەکا (ڕێک ئەو شتە کە هێندێک جار لە کۆمەڵگای سیاسیی ڕۆژهەڵاتدا جیاوازیی بۆچوون و تەنانەت گرژیی فیکری لێ دەکەوێتەوە). هەربۆیە بەپێی ئەو دۆکومێنتە پێویستە لێرەدا دوو شت لێک جیا بکرێنەوە: یەکەم، ڕوانینی ئێمە بۆ ڕێژیم؛ دووەم، تێگەیشتنی ئێمە لە خەباتی خەڵک. بەپێی پلانە کارییەکە، تا ئەو کاتەی ماهیەت و سیاسەتی ڕێژیم هەر ئەوەیە کە تا ئێستا دیتوومانە، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ، لەگەڵ ئەوەدا کە تەنانەت لە تەعامول لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بەشێوەی خەتی و تەکبوعدی سیاسەت ناکا، بەڵام مەبەستی ئەو حیزبە پێش هەموو شتێک خەباتی خەڵکە. «ئێمە بە پێڕەوی لە ڕوانینێکی کراوە بۆ دۆخی ئێستای ناوخۆ، لە هەر ڕێکار و کەناڵێکی مەعقولی تێکۆشان کە ببێتە هۆی هاتنە مەیدانی زیاتری خەڵک و بە چالش کێشرانی زیاتری ڕێژیم پێشوازی دەکەین. لە هەمان کاتدا لە هەر بڕگەیەکدا ئەو



> حیزبی دێموکڕات بەهۆی خەڵکی بوون و هەوڵی بەردەوامی بۆ سیاسەتکردن لەسەر عەرزی واقیع بەردەوام ریسکی ئەوەی کردووە کە خۆی تووشی چالێنجی سیاسی و تەشکیلاتی بکا. ئەم تایبەتمەندییەی حیزب کە لە دە ساڵی ڕابردوودا ڕوونتر لە ڕابردووش دەگژ پرسیارە سەختەکانەوە ڕاچووە، بەرجەستەتریش بۆتەوە

> حیزبێک کە لەودا فەرهەنگی زاڵ هەستی بەرپرسیاری و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی بەرامبەر بێ، جیاوازیی بیروڕا نەک هەر مەترسی بۆ سەر هەرمان و پێکەوە بوونی پێکهاتە گشتییەکەی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکوو ئەو «چیکڵدانە سیاسییە» دەتوانێ باشترین دەستەبەری گەشەکردن و پێشوەچوونی بێ.

تاکتیکە دەگرینە بەر کە تایبەتمەندییەکانی ئەو بڕگەیە و هەڵسەنگاندنی گشتیی دۆخەکە لێمان دەخوازێ».

نموونەیەکی دیکەی بابەتە سیاسییەکانی نێو ئەم پەسندکراوەی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی بریتییە لە پەسندکراو و بڕیارنامەکانی کۆنگرەی شازدە، بەپێی زەرفییەت و پێویستییەکانی ئەم دۆکومێنتە ئاماژە بە کۆمەڵێک مەسایلی سیاسی و گوتارییش کراوە کە لەنێو واندا لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک بەجێیە.

یەکێک لەو پرسانە بایەخێکە کە حیزبی ئێمە بۆ نێوخۆی وڵاتی دادەنێ. لەو پێوەندییەدا، لەو دۆکومێنتەدا باسی ئەوە کراوە کە حیزبی ئێمە هەر لەو کاتەدا کە حیزبێکی شۆڕشگێڕە و ئاگاداری جێگە و پێگە و ریسالەتی خۆی لە بزوتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە، «بە مەبەستی بەجەماوەری کردنی زیاتری خەبات و ئەرکدارکردنی خەڵک وەک پێشوو گرینگیی پلە یەک بە بەستێنی ناوخۆ کە چالاکانی مەدەنی بەشی بنەڕەتیی پێک دێنن، دەدا». لەو پێناوەدا و لە چوارچێوەی باوەڕی حیزبی ئێمە بە خەباتی فرەڕەهەند، پەسندکراوەکە وێڕای ئاماژە بە گرینگیی پتەوکردن و پەرەپێدانی ئەو ڕێکارانەی خەباتی ئێمە لە واقعییاتی نێوخۆی وڵات نزیکتر دەکاتەوە، دانانی کاریگەریی زیاتر لەسەر ئاقار و ناوەرۆکی هەوڵەکانی ڕووناکبیران و چالاکانی ناوخۆ لە بەستێن و بۆنەی جۆراوجۆردا دەخاتە نێو بەرنامەی کاری بەشە پێوەندیدارەکانی کار و تێکۆشانی حیزب.

دیارە ئەو پەسندکراوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لەو ڕاستییەش غافڵ نیە کە گرینگی دان بەو بوارە زۆر جار (بۆ نموونە لە دەرفەتی هەڵبژاردنەکاندا) ئێمە تووشی تەعامول لەگەڵ پرۆسە نێوخۆی حیزب و ڕووبەدەرەوە و پێوەندیی نێوان ئاستە جیا جیاکانی ئیدارەی حیزب پێویستە ڕەچاو بکرێن؛ مێکانیزمەکانی سەرنجدانی زیاتر بە بۆچوونی بەدەنەی حیزب و خوێندنەوەی کۆمەڵگا بە گشتی

> ئێمە بە پێڕەوی لە ڕوانینێکی کراوە بۆ دۆخی ئێستای ناوخۆ، لە هەر ڕێکار و کەناڵێکی مەعقولی تێکۆشان کە ببێتە هۆی هاتنە مەیدانی زیاتری خەڵک و بە چالش کێشرانی زیاتری ڕێژیم پێشوازی دەکەین. لە هەمان کاتدا لە هەر بڕگەیەکدا ئەو تاکتیکە دەگرینە بەر کە تایبەتمەندییەکانی ئەو بڕگەیە و هەڵسەنگاندنی گشتیی دۆخەکە لێمان دەخوازێ

(چ لە ڕێگای ئامرازەکانی نێو ئەساسنامەی حیزب و چ لە کەناڵی دیکەی تەبا لەگەڵ ئەساسنامە)؛ پرس و گیروگرفتەکانی تایبەت بە فەزای مەجازی؛ئەولەوییەتەکانی کار و تێکۆشانی ئێستای حیزب (بۆ نموونە: گشتگیرترکردنی کار و ئەرکی ئەندامانی ئوسووڵ و ئەولەوییەتەکانی پێوەندییە سیاسییەکانی حیزب. لەبواری پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، لە پلانە کارییەکەدا باس لە چۆنیەتیی بەرنامەڕێژی بۆ دیپلۆماسییەکی ئامانجدار و بەبەرهەم کراوە کە زیاتر پشت بە پۆتانسیەلی هێزی لێزان و پێشگەیشتووی ئێمە لە دەرەوەی وڵات ببەستێ. لەبواری پێوەندییە ئێرانییەکانیشدا، وێڕای ئاماژە بە هێندێک ئەسڵ و چوارچێوەی کاری، لەسەر ئەوە جەخت کراوە کە گوتاری نەتەوایەتیی ئێمە لەو بەستێنەدا پێویستە تەواو ڕاشکاو و باوەڕبەخۆ بێ و تابۆ مەعموولەکانی ئەو بوارە بشکێنێ.

لە ئاستی گشتیی کوردستاندا دۆکومێنتەکە لەسەر درێژەدانی «ئەو سیاسەتە هاوسەنگ و مەعقوولە» پێدا دەگرێ کە پێشتر ئەو حیزبە لەگەڵ هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ڕەچاوی کردوە. هاوکات لەوێدا نووسراوە کە «لەگەڵ ئەوەدا بە باوەڕەوە کار بۆ جێبەجێکردنی هەرچی زیاتری پرەنسیپی ڕۆژهەڵات تەوەری دەکەین و پێشمان وایە هێزەکانی هیچ پارچەیەک نابێ دەست لە کاروباری پارچەیەکی دیکە وەربدەن، بەڵام لە هاوپێوەندیی نێوان پارچەکانی کوردستان و پێویستیی جێ خستنی هێندێک پرەنسیپ و ڕێکاری هاوبەشی نێوان هەموو کورد غافڵ نابین». لە هەمووی بەرجەستەتر لەو بەشەدا پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە. لێرەدا دۆکومێنتەکە لە زمان کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە وێڕای ئاماژە بە پێویستیی پاراستنی ئەو فەزایە لە هاوفکری و هاوهەڵوێستیکە لە مانگەکانی ڕابردوودا لەنێو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتدا دروست بووە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێ کە ئەو فازە نوێیە بەرهەمی بەکردەوەی وەک دروستکردنی چوارچێوە یا بنەمایەک بۆ کاری هاوبەش لێ بکەوێتەوە. هەر لەو کاتەدا بەڵام کۆمیتەی ناوەندی خۆی لەو ڕاستییە نەدزیوەتەوە کە یەکگرتنی هێزەکانی ڕۆژهەڵات کۆمەڵێک ئاستەنگی لەسەر ڕێیە کە تا ئێستاش هەموو لایەک وەک یەک حازر بە لابردنیان نین. لەولاشەوە حیزبی ئێمە دەزانێ لەپێناوی هاوهەڵوێستی و یەکگرتندا هێندێک جار پێویستی بە لە خۆبوردوویی و پێکەوە سازان هەیە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ڕوانینەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کۆمەڵێک پرسی سیاسی هەڵگری هێندێک تایبەتمەندییە کە حیزبی ئێمە بۆ ئێستا و ئایندەی خەباتی گەلەکەمان بە پێویستی دەزانێ، پەسندکراوەکەی پلینۆمی شەشەم تایبەتمەندیی سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە خیسڵەتێک دەزانێ کە ناکرێ بە ئاسانی لێی گوزەر بکا. هەربۆیە لەوێدا بە ڕوونی گوتراوە کە «لەو شوێنەدا کە ببینین یەکبوونی نێوان هێزەکان ڕاستەقینە یان بەرهەمدار نیە، لەنێوان هاوهەڵوێستی و پاراستنی تایبەتمەندیی سیاسیی خۆمان دووەمیان هەڵدەبژێرین».

بە گشتی و بەکورتی، هەم ئاکامە تەشکیلاتییەکانی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی و هەم ڕێکار و هێڵە سیاسیە فۆرموولەکراوەکانی ئەو پلینۆمە نیشاندەری ئەوەن کە ئەو حیزبە هەر لەو کاتەدا کە هەروا سوور و وەفادار لەسەر ڕەگ و ڕیشە و لاسکی مێژوویی خۆی ڕاوەستاوە، بەڵام زۆرترین قابلییەتیشی بۆ سیاسەتکردن لە ئەمڕۆدا و بەپێی واقعییەتەکانی نێو کۆمەڵگای خۆی هەیە. لەو ڕێگایەشدا ئەگەر جار و باریش تووشی جیاوازیی بۆچوون لە ڕیزەکانی خۆیدا بێ، ریسالەتی سیاسی و خەباتگێڕیی ئەو حیزبە و پێکهاتەی دەوڵەمەند و بەرپرسیاری بژاردەکانی ئەو حیزبە شانسی ئەوەی لێ ناستێننەوە کە لەپێناو پاراستن و پەرەپێدانی جێگە و پێگەی ئەو حیزبە و پێشخستنی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا لە باری سیاسییەوە هەردەم بە سەنتێز بگا و لە بواری ڕێکخراوەییشدا بەردەوام خۆی ڕێک و توندوتۆڵ بکاتەوە.

# هەڵبژاردن و کۆماری ئیسلامیی ئێران



عومەر باڵەکی

ماوەیەک لەو پێش لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دوو هەڵبژاردن هاوکات لە گەڵ یەکتر بەڕێوە چوون. (هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و هەڵبژاردنی شووڕای شار و گوندەکان ).

لە ماوەی پێش هەڵبژاردن لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە لایەن میدیا و ڕاگەیەنەکان و کەسانی خاوەن نەزەر و خەڵکی ئاسایی بۆ ئەو هەڵبژاردنانە دەکرا، ئێستا بەدەر لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان و تێڕوانینی جۆراوجۆر واباشە هەڵسەنگاندنێک هەر چەند کورتیش بێ لە نێوان چەمکی هەڵبژاردن وەک پێوەرێکی بنەڕەتیی دیموکراسی و شێوەی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا بکەین وبزانین لە ئەساسدا ئەو شێوە هەڵبژاردنەی لە کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێ چەندە لە گەڵ پێوەرەکانی دیموکراسی وئیرادەی خەڵک یەک دەگرێتەوە.

هەڵبژاردن بە کۆمەڵێک کردار دەگوترێ کە لەو ڕێگایەوە خەڵک بەڕێوەبەرانی سیاسی و دەسەڵاتی ئیداری بۆ ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو هەڵدەبژێرن . ئەگەر لە یەک لاوە خەڵک کەس یا کەسانێک لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بۆ بەڕێوەبەریی دەسەڵاتی سیاسیی ولات دیاری دەکەن لە لایەکی دیکەوە هەر خەڵک لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە کۆنترۆڵ و چاوەدێریی دەسەڵات دەکەن.

لە سەردەمانی کۆندا لە نێو هێندێک لە کۆمەڵگاکاندا شێوەیەک لە هەڵبژاردن هەبووە، بەڵام بە گشتی دەتوانین بڵێین هەتا سەدەکانی ١٧ و ١٨ی زایینی هەڵبژاردن بەو شێوەیەی کە ئێستا باوە و لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا بەڕێوە دەچێ، نەبووە. لە سەدەکانی ١٧ و ١٨ی زایینی بەولاوە هەڵبژاردن وەک پێویستی‌یەکی کۆمەڵگا شکڵی قانوونی و سیاسیی بە خۆیەوە گرتووە و هێدی هێدی لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە بواری پیشەسازی‌یەوە چەمکی هەڵبژاردنیش پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیتووە و لەو ڕێگایەوە دەوڵەتەکان بوونە نوێنەری خەڵک، بەو مانایە ئەگەر لە ڕابردوودا دەوڵەتەکان دەست نیشاندەی خوداکان بوون لە سەر زەوی، پەرەگرتنی دیموکراسی وهاتنە کایەی خەڵک بۆ دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی خۆی وبە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن خەڵکەوە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە وای کرد کە دەوڵەتەکان ببنە نوێنەری خەڵک و ئەو پیرۆزییان نەمێنێ کە لە ڕابردوودا هەیانبوو، واتا نوێنەرایەتی ئەو دەنگانە دەکەن کە پێیان دەراوە نەک نوێنەرایەتیی خوا لە سەر زەوی.

لە سەردەمی ئێستادا دەبینین گەورەترین ولاتەکانی جیهان بەوشێوازە بەڕێوە دەچن و لە ولاتە پێشکەوتووەکان لە بواری مافی مرۆڤ و ئازادییە سیاسی و مەدەنی‌یەکان، دیموکراسی و هەڵبژاردن بە جۆرێک ئاوێتەی یەکتر بوون کە لێکدابڕانیان محالە.

لە سەردەمی ئێستادا دوو هەڵبژاردن گرینگیی خۆیان هەیە، بە تایبەت لەو ولاتانەی کە قانوونە ئەساسی‌یەکەیان بە پێوەرەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی داڕێژراوە. یەکەم هەڵبژاردنی سەرکۆماری لەو ولاتانەی کە بە سیستمی کۆماری بەڕێوە دەچن و دووهەم هەڵبژاردنی مەجلیس یا پارلمانە. هەرچەند لە زۆربەی ولاتان هەڵبژاردن بۆ دەستنیشانکردنی دەسەڵاتە خۆجێی‌یەکانی وەک شووڕای شار و گوندەکان ....بەڕێوە دەچن، بەڵام لە ڕاستی‌دا ئەوەی دەتوانی کاریگەری لە سەر سیستمی بەڕێوەبردنی ولات هەبێ ئەو دوو هەڵبژاردنەیە؛ چونکە یەکەمیان جێبەجێکار و لەهەمان کاتدا چاوەدێری قانوونە و دووهەمیان داڕێژەری قانوونە. داڕێژەرانی قانوون بە حوکمی ئەوەی نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵکن سروشتییە دەبێ ئەو قانوونانەی پەسندی دەکەن لە ڕاستای بەرژەوەندی کۆمەڵگادا بێ و جێبەجێکاری قانوون کە هەمان دەوڵەتە و سەرۆککەی لە خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ لە سەریەتی قانوونەکان جێبەجێ بکا.

بیردۆزی تایبەت بە نوێنەرسالاری لە ڕاستی‌دا ریشەی لە مافی مەدەنی واتا مافی هاوولاتی بوون دایە و لەو چوارچێوەدا دەتوانین بەو شێوەیە باسی بکەین: دەربرینی ڕاو و بۆچوون و هەڵسوکەوتی نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵک لە پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە ئیدارەی ولات لە بواری سیاسی و ئابووری و... ئەوە هەمان ئیرادەی خەڵکە بەو مانایە بە هەمان ڕادە بایەخ و کاریگەریی قانوونیی هەیە کە ئەگەر خودی دەنگدەریش ئەو بابەتە دەربڕێ هەر هەمان پێگەی قانوونیی دەبێ. ئەو بیردۆزە پێش لە سالی ١٧٨٩ لە مافی گشتی‌دا هەبووە بەڵام لە ڕاستی‌دا شۆرشی فەرانسە ئەو فکرەی جێگیر کرد، بەومانایە نوێنەر بەو کەسە دەگوترێ کە نوێنەرایەتیی ویستی خەڵک بکا. ئەگەر بمانەوێ وردتر باسی ئەو بابەتە بکەین دەتوانین بڵێین ئەندامانی پارلمان یا سەرکۆمار... لە تەرفبوون لەگەڵ پرسەکاندا وەک تاک هەلسوکەوت ناکەن بەلکو وەک نوێنەری خەڵک بەدیار دەکەون، چونکی بەلگەی ئیعتیباریی ئەوان دەنگی متمانەی خەڵکە.

پێش هەڵبژاردن هەموو بەربژێرێک وەک تاکی نێو کۆمەڵگا خۆی بەرپرسیارە لە گوتار وکرداری خۆی ،بەلام کە هەڵبژێردرا بۆ بەنوێنەری خەڵک لە بەرامبەر دەنگی متمانەی دەنگ دەرانی دا بەرپرسیارە .لە هەر ولاتێک دا کرداری هەڵبژاردن بە قانوون ڕێک دەخری کە سەر چاوەی ئەسلی ئەو قانوونە ،قانوونی ئەساسی ئەو ولاتەیە هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم بە کورتیش بێت باسێک لە ڕۆل و نەخشی قانوونی ئەساسی بکەم وئەوکات بەوپێوەرانە هەڵسنگاندنێک بکەین بۆکرداری هەلبژاردن لە کۆماری ئیسلامی ئێران.

قانوونی ئەساسی هەر ولاتیک دەرخەری سیستمی سیاسیی ئەو ولاتەیە کە بنەما و ساختاری ئۆرگانیزمی دەسەلاتداری و بەڕێوەبەری ئەو ولاتە ڕێک دەخا. ئەگەر قانوونی ئەساسی بە پێ ئوسوولەکانی دیموکراسی داڕێژرابێ شتێکی سروشتییە ڕێگا خۆشکەر دەبێ بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی خەڵکی کە لەودا خەڵک بتوانن کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبێ لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسیی ولات. قانوونی ئەساسیی هەر ولاتیک چوارچێوەیەکی قانوونی دادەمەزرێنی کە لەودا دیموکراسی دەتوانێ پەرە بستێنێ. لێرەدایە کە پرسیار دەکەین ڕۆل و نەخشی قانوونی ئەساسی بۆ تێپەربوون لە نیزامیکی دیکتاتۆر و نادیموکراتیک بۆ نیزامیکی دیموکرات و خەڵک میحوەر چییە؟ لە وەلامی ئەو پرسیارەدا دەتوانین بڵێین کە دارشتنی قانوونی ئەساسی لە سەر بنەمای پێوەرەکانی دیموکراسی پێش بە گەشەکردنی بیری تاکپەرستی و دیکتاتۆری دەگرێ و لە هەمان حالدا کە دەنگی زۆرینەی خەڵک دەبێتە پێوەر بۆ بە دەستەوەگرتنی دەسەلات، مافی کەمینەش بە قانوون دیاری دەکری و زۆرینە لە سەریەتی مافی کەمینە بپاریزێ، هەر وەک کەمینە لە سەریەتی حاکمیەتی زۆرینە قەبوول بکا .

قانوونی ئەساسی دیموکراتیک ئەو بەستینە دەخولقێنی کە هەموو خەڵکی ئەو ولاتە بی هێچ جیاوازێک لە مافی شارۆمەندی بەهرەمەند بن . هەر وەکی پێشتر ئیشارەی پێ کرا هەر قانوونی ئەساسی‌یەک کە لە سەر بنەمای پێوەرەکانی دیموکراسی داڕێژرابێ ئەو توانایە دەدا بە خەڵک کە لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی ولات دا ئازادانە بەشدار بن، و لە هەمان کاتدا چوارچیوەیەک دیاری دەکا بۆ سنووری دەسەلاتی زۆرینە و حاکمیەت. دیاریکردنی ئەو سنوورە بۆ پاراستنی دیموکراسی‌یە. قانوونی ئەساسی یارمەتیی دیموکراسی دەدا هەتا بە تێپەربوونی زەمان زیاتر جێگیر بێ و ئەوە لە کاتێکدا دیتە گۆرێ کە ئەو قانوونی ئەساسی‌یە توافقی بەربەرینی پێکهاتەکانی خەڵکی لە پشت بێ و بۆ گەیشتن بە توافقێکی ئاوا پێویستی بە ئیعتمادسازی لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا هەیە، سەرکەوتنی گەورەش ئەوکات دەستەبەر دەبێ کە ئەو توافقە لە ڕێگای وتوێژ و ڕاوێژی بەربەرین لە نیوان نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا بەرێوە چووبێ.

بە کورتی قانوونی ئەساسی کە لە سەر مەبنای دیموکراسی داڕێژرابێ دەبێ ئەو چەند خالەی لە خۆ گرتبێ:

١_ هەمە لایەنە بێ، واتا هەموو خاوەن هێزەکانی لە خۆ گرتبێ.

٢_ بە مانای ڕاستەقینە دابەشکردنی دەسەلاتەکانی لە خۆ گرتبێ.

٣_ پاراستنی مافی خەڵک ئەساسی ئەو قانوونە بێ، بەبێ گوێدان بە ئایین و مەزهەب و نژاد و ڕەگەز.

٤_ سەربەخۆیی دادگاکان لە بریاردان‌دا تێیدا جێگیر کرابێ .

بەو پێشەکی‌یە چاوخشاندن و هەڵسنگاندنێک دەکەین بە قانوونی ئەساسیی ئێران و شێوازی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی‌دا، بۆ ئەوەی بزانین قانوونی ئەساسیی ئێران چەندە ڕێگا خۆشکەرە لە بەر دەم هەڵبژاردنی ئازاد و ئایا ئەوهەڵبژاردنانە لە گەڵ پێوەرەکانی دیموکراسی وکاریگەری دەنگی خەڵک بۆ دەستاودەستکردنی دەسەلات دەگونجی و یا کرداری هەڵبژاردن تەنیا بۆ دەرخستنی ڕواڵەتی جوان لە کۆماری ؟

قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر بنەمای حکومەتی دینی پابەند بە «ولایت مطلقە فقیە» دامەزراوە و دوورە لە پێوەرەکانی دیموکراسی. بەپێ ئەسڵی ٤ی قانوونی ئەساسی «هەموو یاسا و ریساکانی مەدەنی و جزایی، مالّی، ئابووری، ئیداری، فەرهنگی، نیزامی، سیاسی و هتد...دەبێ لەسەر ئەساسی ڕێوشوێنی ئیسلامی بن» و ئەو ئەڵە بەسەر هەموو ئەڵەکانی دیکەی قانوونی ئەساسی‌دا تەتبیق دەکرێ. لە ئەسلی ١٢دا دین و مەزهەبی ڕەسمی ولاتیش دیاری دەکرێ و لە ئەسلی ٥دا حاکمیت دەدا بە نوێنەری ئیمامی زەمان لە شکلی ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی‌دا و لە ئەسلی ١١٥ کە باس لە سەرکۆمار دەکا بەروونی دەستنیشانی دەکا کە هەم دەبێ پیاو بێ و هەم دەبێ باوەڕدار بە مەزهەبێ ڕەسمیی ولات بێ. ئەو چەند ئەسڵە لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی‌دا هیچ ڕێگایەک بۆ گەشەکردنی دیموکراسی و بەشداریی هەمەلایەنەی خەڵک لە پرسە چارەنووس سازەکاندا ناهێڵنەوە؛ هەر بۆیە هەر کاتێک باس لە هەڵبژاردن دێتە گۆرێ بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگای ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بە چاوی شک و گومانەوە دەروانن هەڵبژاردنەکان. چونکە بەشێکیان بە هۆی دین و بەشێکیان بەهۆی مەزهەب و بەشێکی دیکەیان بە هۆی ڕەگەز و تەنانەت نەتەوەوە لە گەیشتن بە پۆستەکانی دەسەلات و بەرێوەبەری ئێران بە قانوون بێبەش کراون لە هەڵبژێراندا وتەنیا مافی دەنگدانیان هەیە و ئەو مافەش تەنانەت شک و گومانی لەسەرە کە دەنگی دەنگدەران وەک خۆی لە سندووق دێتە درێ یان نا.

جا مادام قانوونی ئەساسی کە سەرچاوەی هەموو قانوونەکانی دیکەی ولاتە بەو شێوەیە ڕێگر بێ لە بەشدارکردنی نوێنەرانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان و نوینەرانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان چۆن دەتوانرێ پرۆسەی هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراتیک بێ.

پرۆسەی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی‌دا بە پێچەوانەی پێوەرە باوەکانی هەڵبژاردن کە لە زۆربەی ولاتانی دیموکراتیک ڕەچاو دەکرێ بەرێوە دەچێ وک مسێک کە خۆی بۆ پۆستێک بەربژێر دەکا بێجگە لەو خالانەی وەک تەمەن و ڕادەی خوێندەواری و نەبوونی پێشینەی تاوانکاری ... دەبێ بە پێ قانوونی ئەساسی ئەوکەسە پابەند بە ڕێووشوینی دینی ئیسلام ومەزهەبی ڕەسمی ولات و وەفادار بە ویلایەتی فەقیە بێ. بۆ هەر بەربژێرێک ئەوە قوناغی یەکەمە وقۆناغی دووهەم دەبێ لە پالوێنەی شووڕای نیگابان دەربچێ وسەلاحییەتی تەئیید بکرێ و قۆناغی سیهەم ئەو کاتەیە کە خەڵک دەچنە سەر سندووقی دەنگدان و لە نێو ئەو بەربژێرانە کە قۆناغەکانی یەکەم و دووهەمیان تێپەراندووەهەڵدەبژێرن.

ئەوە بەو مانایە دێ کە لەو شێوازە هەڵبژاردنەدا خەلک بە مانای ڕاستەقینە نوینەری خۆی هەڵنابژێرێ، بەڵکوو لە نێوان ئەوانەی شورای نیگابان تەئییدی کردوون هەڵدەبژێرێ و ئەو شێوازە زیاتر پەسند کردنە نەک هەڵبژاردن. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆمەڵگای ئێران بەوە ڕازین و دەنگیان لێوە نایە بەلکوو دەبینین ڕۆژ بە ڕۆژ سەقفی داواکاریی خەڵک دەچێتە سەرێ و ئەوە لە شێوەی ڕەفتاری خەڵک لە ئێران‌دا بەدی دەکرێ و کۆماڵگای ئێران هەوڵ دەدا بە کەمترین هەزینە و تێچوو دژایەتیی دەسەلات بکەن ئەگەر هەڵبژاردنەکەیان لە نێوان خراپ و خرابتر دابێ. دەسەلاتیش هەستی بەوە کردووە هەر بۆیە بۆ مانەوەی خۆی لە تاکتیکی نوێ دەگەرێ کە بتوانی بۆ ماوەیەکیش بێ خەڵکی پێ ڕازی بکا، دیبەیتەکان یەک لەو تاکتیکانەیە کە ڕێگە دەدا بەربژێرەکانی سەرکۆماری لە چاوپێکەوتنی تەلەڤیزیونی ڕووبەڕۆی یەکتر ببنەوە و کار و تێکۆشان و تەنانەت ڕابردووی یەکتر بخەنە بەر ڕەخنە و لەو ڕێگایەوە فەزایەک دروست بکەن کە خەڵک پێی هیوادار بێ و لە خەیالی خۆیان‌دا ساغ ببنەوە بۆ عیلاجی گیر و گرفتەکانیان دەنگ بە فلان بەربژێر دەدەن. ئەو شێوازە بۆ داهاتووی گەلانی ئێران مەترسیدارە خەڵک واباربێن کە چاوەرێ بن هەتا کاتی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە قسەی دلّی خۆیان بکەن.

لە کۆتایی‌دا پێویستە ئەوە دووپات بکەینەوە کە خەڵک بە هەول و تیکۆشانی خۆیان پێویستە ئەو تاکتیکەی ڕێژیم کە بە شوعارەکانی سەردەمی هەڵبژاردن خەڵک هیوادار دەکا بە چاکسازی پوچەڵ بکەنەوە و لەسەر داواکانیان سوووربن بۆ وەدستخستنی ئازادی‌یە سیاسی و فەرهنگی و ئابووری‌یەکان وبە هەول وتێکۆشان خۆیان سەرکوتکاریی قانوونمەندکراوی کۆماری ئیسلامی تووشی کێشە بکەن و دەسەلاتداران لە بەرابەر داواکانیان ناچار بە پاشەکشە بکەن.

# حیزبی دێموکراتی کوردستان و پرسی ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس



سمایل شەڕەفی

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد زیاتر لە ٧٠ ساڵ پێش لە ئێستا لە سەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوای ئەم حیزبە کە دواتر وەک سەرۆک کۆماری کوردستانیش ناسێندرا، دیارترین و لە هەمان کات‌دا بەرزترین بەڵگەیە بۆ باوەڕمەندبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە «مافی دیاریکردنی چارەنووس»ی نەتەوەی کورد.

سەرجەمی ئەو هێما و ڕەمز و سەمبولە نەتەوەیی و نیشتمانی‌یانەی کە ئەمڕۆ کورد و نەتەوەی کوردیان پێ دەناسرێتەوە و بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە شوناسی نەتەوەیی ئەم میللەتە، لە کانگای بیری نەتەوەیی حیزبی دێموکرات و کۆمارەکەیەوە هەڵقوڵاون. «ئالا» و «پێشمەرگە« کە بۆ کورد و کوردستان و بۆ ناساندنی شوناسی نەتەوەیی، دوو دوانەی لێکجیانەکراوەن و ئەمڕۆ وەک هێزی بەرگریی نیشتمانی و هێمای بەرزی نەتەوەیی نەتەوەیەک لە کۆڕ و کۆمەڵە ناوچەیی و نێونەتەوەیی‌یەکان‌دا کورد و کوردستانیان پێ دەناسرێتەوە، بەرهەمی بیری نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

لە ماوەی زیاتر لە حەوت دەیە خەبات و تیکۆشانی‌دا لە گەڵ ئەوەی کە واقعبینیی سیاسی بەشێک بووە لە خەسڵەتی موبارزاتیی ئەم حیزبە، بەڵام لە هیچ بڕگەیەکی مێژوویی کار و ڕەسالەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا پرسی «مافی دیاریکردنی چارەنووس» و، هێشتنەوەی دەرفەتی جۆرێکی دیکە لە بڕیاردانی خەڵک بە سەر چارەنووسی خۆی‌دا بە نیسبەت جۆری تەعامول لە گەڵ دەولەتی ناوەندی، غایب نەبووە. جیا لەوەی‌کە لە زۆرێک لە بەڵگەنامە و پەسەندکراوەکانی‌دا حیزبی دێموکڕات ڕاشکاوانە داکۆکیی لە «بڕیاری کۆتایی» خەڵکی کوردستان لە سەر چارەنووسی خۆی لە چوارچێوەی «ڕێفراندۆم»دا کردوە، و بەردەوام ڕێبەرانی ئەم حیزبە لە لێدوان و نووسین و دەربڕینەکانیان‌دا جەختیان لە سەر ئەم پرسە کردۆتەوە و بە «مافێکی بێ ئەملاو ئەولای خەڵکی کوردستان»یان زانیوە.

لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەسەندکراوی دوایین کۆنگرە (کۆنگرەی ١٦) دا هاتووە کە؛ « لە حاڵەتێک‌دا سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی لە تاران (هەر دەوڵەتێک بێ) هەروا لە سەر حاشاکردن لە بوونی نەتەوەی کورد لە ئێران و مافەرەواکانی بەردەوام بێ، ئێمە بە هەقی بێ‌ئەملاوئەولای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەزانین لە دەرفەتی گونجاودا «ڕاپرسیی گشتی» بە پشتیوانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بیروڕای گشتیی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو لە سەر چارەنووسی کورد لەم بەشەی کوردستان وەڕێ بخا و بڕیار بدا.»

هەر لەم پێوەندی‌یەدا و لە دوایین کۆنگرەی حیزب‌دا بڕیارنامەیەکی تایبەتی لە پێوەندی لە گەڵ «ڕاپرسی گشتی»دا پەسەند کرا کە ڕاشکاوانە باس لەوە دەکا کە «خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مافی ڕەوای خۆیانە بە کەڵک وەرگرتن لەم پرنسیپە ئینسانی‌یە بڕیار لە سەر چارەنووسی سیاسیی خۆیان بدەن».

لە ئاستێکی گشتی‌تردا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە ئەوە باوەڕی بووە کە؛ «ئەگەر دونیا لە حاڵی ئاڵوگۆڕدایە، شتێکی سروشتی‌یە کە دۆستایەتی‌یەکانی و ڕێکەوتنەکان و پێکەوە ژیانەکان و ڕوانینەکانیش، هەر هەموویان دەگۆڕدرێن. جیا لە هەمووی ئەمانە هیچ واقعیەتێکی مێژوویی ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە هەمیشە نەتەوەکان لە چوارچێوەی واحیدێکی جوغرافیایی‌دا پێکەوە ژیاون. بۆ نموونە ئازەربایجان و ئەفغانستان هەر هەموویان لە ئێران جیا بوونەوەو دنیاش نەڕووخا. ئەی بۆ ئێستا ناکرێ جیابوونەوە بکرێ؟! پێکەوەژیانی نەتەوەکان تەنیا لە ڕووی لێکحاڵی بوون و یەکتر قبووڵکردنەوەیە و هیچ پێشینەیەکی سەد یان هەزاران ساڵە ناتوانێ پاساوی بدا.»

ئێستا کە لە هەرێمی باشووری کوردستان قسە لە «ڕێفراندۆمی گشتی» بۆ سەربەخۆیی ئەم هەرێمە لە ئارادایە و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و زۆربەی هێزە سیاسی‌یەکانی لە سەر بەڕێوەبردنی ساغ بوونەتەوە، بە بێ‌دوودڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی و خۆشحاڵی لەم پرۆسەیە دەردەبڕێ. هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لە پرسی ڕێفراندۆم لە باشووری کوردستان لە چوارچێوەیەکی بەرینی باوەڕمەندبوونی ئەم حیزبە بە چەند ئەسڵ و پرنسیپێکی بنەمایی‌دا جێ دەگرێ کە لانیکەم بە شێوەی سەبت‌کراو و بەڵگەمەند لە بەرنامەی باوەڕەکانی‌دا ڕاشکاوانە وەک ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خستوویە سەر شانی خۆی. حیزبی دێموکراتی کوردستان، پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ دابینکردنی ماف و ئازادی‌یە نەتەوایەتی‌یەکانیان، بە بەشێکی دانەبڕاو و چەسپاو لە ئامانج و پرنسیپە بنەڕەتی‌یەکانی خۆی دەزانێ.

ئەم ئەسڵە لە باوەڕەکانی حیزبی دێموکرات بە کردەوە و لە زەمەنێکی دووردودرێژی خەباتکارانەش‌دا لانیکەم بە نیسبەت باشووری کوردستانەوە جێبەجێ کراوە. پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی خەباتی کورد لە باشووری کوردستان و هەوڵدان بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان لەم هەرێمە، بۆ هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆتە ناسنامە و تایبەتمەندی‌یەکی بەرزی نیشتمانی کە بێ‌گومان هەزینەی قورسی ئینسانی و خەباتکارانەیشی لێ‌کەوتۆتەوە.

لەپێوەندی لەگەڵ ساغبوونەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و زۆربەی هێزە سیاسی‌یەکانی کورد لە باشووری کوردستان لەسەر بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی، لە دوایین کۆبوونەوەی خۆی‌داهەر لەم مانگی جۆزەردانەدا، «کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کورستان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی و پێشوازی لە یەکدەنگی و یەکڕیزیی هێزە سیاسی‌یەکانی باشووری کوردستان، ئەو پرۆسەیەی بە بنیاتنراو لەسەر مافی ڕەوای کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و بە ئاکامی سروشتیی ڕەوتێکی دوور و درێژ لە نەخوێندنەوەی کورد لە ئاستی ناوەندیی عیراق و جێبەجێ نەکردنی پرەنسیپەکانی ڕێککەوتن و هاوبەشی لە بەڕێوەبردنی عیراقدا چاو لێ کرد». هەر لەم پێوەندی‌یەدا لە ڕاگەیاندراوی کۆتایی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەنیی حیزب‌دا هاتووە کە «حیزبی ئێمە پیرۆزبایی و پشتیوانی لە ئیرادەی کورد لە باشووری کوردستان دەکا و هیواداری دەردەبڕێ کە نەتەوەکەمان لە باشووری کوردستان بە هەموو ڕێگایەکی پێویست و بەتایبەتی لەڕێگای یەکخستنی زیاتری ناوماڵی کورد ڕووبەڕووی چالشەکانی بەرێوهبردنی ریفراندۆم و قۆناغەکانی دوای ریفراندۆم ببێتەوە.»

لە کۆتایی‌دا پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە هەر وەک لە ڕاگەیاندراوی کۆتایی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبیش‌دا ئاماژەی پێکراوە؛ ئەوەی دەتوانێ گەرەنتی سەرکەوتوانە بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسەیە و بە ئەنجامگەیاندنی بکا ڕێکخستنی زیاتری نێوماڵی کوردە کە بێ‌گومان بە لێک‌تێگەیشتنی هێزە و لایەنە سیاسی‌یەکان لە یەکتری دەتوانێ دەستەبەر بێ.

# تەوژمی گۆڕانکاریەکانی نێوخۆ و داهاتووی کۆماری ئیسلامی



کەماڵ کەریمی

لە مانگی رابردوودا لە ئێران هاوکات دوو هەڵبژاردن بۆ سەرۆککۆماری و شوراکانی شارو دێ بەڕێوەچوو. بە دوور لەو جۆرە روانینانە کە هەر چەشنە هەڵبژاردنێک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە «شانۆگەری» دەزانن، ئەم دەورە لە هەڵبژاردنیش بە بەشداریی خەڵک بە تایبەت لە ناوەندە پڕ حەشیمەتەکانی ئێران کۆتایی پێهات. لە گەڵ ئەوەی هەمیشە گومان لە دەستێوەردان و فرتوفێڵ لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەکرێ و بە بێ ئەوەی قسەیەک لە ڕێژەی دەنگدەر و ڕێژەکانیدیکە بکەینەوە بۆ جارێکی دیکەش بە دەنگی خەڵک، رووحانی بووەوە بە سەرۆک کۆمار.

هاتوهاوارەکانی پێش هەڵبژاردن کۆتایییان پێهات، بەرەبەرەش خەریکە لە بیر دەچێتەوە کە لە ئێراندا هەڵبژاردنێک بووە و نەتیجەکەی چ شوێنەوارێکی لەسەر داهاتوو دەبێ، بەڵام ئەو راستییە لەبەرچاو ون نابێ کە کۆمەڵگەی ئێران بەرەو گۆڕانێکی بنەڕەتی هەنگاوی ناوە و ئەو گۆڕانە بە شێوەیەک لەم دەورە لە هەڵبژاردنیشدا دەرکەوت.

ئەوەی جێگەی ئەم باسەیە گۆڕانێک نیە لە نێو دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا، بەڵکوو ئەو گۆڕانە فیکری و فەرهەنگییەیە لە نێو خەڵکدا و بە تایبەت لە نێو بەرەو نەسڵی تازە پێگەیشتووەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا دروست بووە. گۆڕانێک کە حاکمانی کۆماری ئیسلامیی تووشی دڵەخورپە کردووە و ئەگەر گوێ لە قسەکانی خامنەیی لە پێش هەڵبژاردن و بە تایبەت لێدوانە یەک لەدوای یەکەکانی لە پاش هەڵبژاردن بگرین کە بە چ نیگەرانییەکەوە باس لە مەترسی دوو قوتبی بوون دەکا، کە باش دیارە باس لە دروستبوونی قوتبی نارازیان بەرامبەر بە قوتبی دەسەڵات و دەست و پێوەندەکانیانە، دەردەکەوێ کە نیگەرانییەکانی ناوبراو تا چ ئاستێک بۆ ڕێژیم گرینگ و مەترسیدارن.

لە ڕاستیدا خامنەیی و دەست و پێوەندەکانی کە باوەڕیان وایە خەڵک دەبێ بۆ پاراستنی حکوومەتە ئیلاهییەکەیان گوێڕایەڵی هەموو فەرمانەکانیان بن، ئێستا بۆیان دەرکەوتوە کە کۆمەڵگەی ئێستای ئێران وەک سەرەتای دەسەڵاتدارییەکەیان و ساڵەکانی دەیەی ٦٠، چاو و گوێ بەستراو نین و دروشمە ئایینییە درۆزنانەکانیان چی دیکە ناتوانێ فریویان بدا. ئەودەم مزگەوت و ڕەوزەخوێنەکان و نوێژی هەینی و خوتبەخوێنەکانی دەستنیشانکراوی دەزگای ڕێبەری دەرسی خەڵکیان دادەدا و بۆ دوورخستنەوەیان لە راستییەکانی ژیان، حیکایەتە کۆن و دروستکراوەکانی خۆیان بە ناوی گێڕانەوەی ژیانی ئیمامەکانیان یا تەفسیری ئایەتەکانیان لە زمان ئەوانەوە، دەکردە خۆراکی مێشکیان و لەم ڕێگەوە بۆ هەر کارێکی نەشیاوی مرۆڤایەتی هانیان دەدان.

بەڵام ئێستا دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ دەیە بەسەر ئەو دەورانە تاریکەدا، ڕێگاکانی پێوەندیی خەڵک ئەوەندە زۆر بوون کە بۆ تێگەیشتن و تێگەیاندنی یەکتر، پێویستییان بە چوونە مەجلیسی ڕەوزەخوێنەکان نەماوە. خەڵکی ئێستا لە جیاتی گوێگرتن لە مێژووی دروستکراوو پڕ لە درۆی ئاخووندەکان، بە بەرەکەتی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و پەرەگرتنی پێوەندی ئینترنێتی، خۆیان لە ناو تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیدا دەبیننەوە. بەربڵاوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداربوونی خەڵکێکی زۆر بە تایبەت لە ناوەندی شارە گەورەکان و کەڵکوەرگرتنی دروست لەم پێوەندییانە، ڕێگەی گەیاندنی بەربڵاوی پەیامەکانی بۆ ئاسان کردوون و ئەمەش هۆکارێکی باشە بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان و کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری یەکتر.

هەر ئەمەش وای کردووە کە لە هەر حەرەکەتێکی جەماوەریدا بۆ وێنە هەڵبژاردنی ئەم دواییانەی ئێران، لایەنگرانی خیابانی ڕیفۆرمخوازەکان شوێندانەرییان لە مەجلیسی ڕەوزەخوێنەکان لەسەر خەڵک زیاتر بێ.

ئەم دیتنانە دەرخەری ئەو راستییەن کە کۆمەڵگەی ئێران بە دوور لە حەز و بەرنامەکانی ڕێبەرانی ئەسڵی کۆماری ئیسلامی، بەرەو پێش و بەرەو گۆڕانێکی جیدی هەنگاو دەنێ. گۆڕانێک کە بەبێ شکڵگرتنی توێژی ناوەندی کۆمەڵگە ئیمکانی پێکهاتنی نیە و هەر ئەمەش نیشان لە بوونی ئەم توێژەیە، بە تایبەت لە ناوەندی شارە گەورەکان و زیاتر لە تارانی پێتەختی ئێران کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە هەوڵی حاشالێکردن و لە نێوبردنی درا. شکڵگرتنەوە و بوونی ئەم توێژە بۆ خۆی ئەو راستیەمان دەخاتەوە بەرچاو کە، بەشی زۆری خەڵکی ئێران بەو فکرە کۆنە داسەپاوەی سێ دەیەی رابردوو رازی نین و لەهەر فرسەتێک بۆ خۆ دەرخستەوەی ئیرادەی خۆیان بە پێی هەلومەرجەکان کەڵک وەردەگرن. ئەگەر هێزە پێشکەوتوو و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران بتوانن خوێندنەوەیەکی واقعبینانەیان لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی هەبێ و بە وردی پێ‌و شوێنی رووداو و ئاڵوگۆڕەکان بگرن، دەکرێ پەرەسەندنی وەها بیرکردنەوەیەک لە ناو کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری ئێراندا، بێگومان وەک هێزێک کە لە داهاتوودا بە گژ سیستمی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامیدا بچێتەوە ببینن. ئەمە ئەو شتەیە کە خامنەیی نەیتوانی ترسی خۆی لێ بشارێتەوە و بە وەبیرهێنانەوەی دەورانی سەرۆککۆماری بەنی سەدر، ویستی رووحانی و هاوفکرەکانی کە پشتیان بە دەنگی ئەو خەڵکە بەستووە لە تێگەیشتنی خۆی لە مەسەلەی دوو قوتبیبوون ئاگادار بکاتەوە. ڕێبەر! پێش ئەوەش جەماعەتی «آتش بە اختیار»یشی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەر سەربزێوییەک بە شێوازی حیزبوڵڵایی ڕووبەڕوو ببنەوە.

بەڵام ئەگەر بچینە نێو واقیعی رووداوەکانی ئەمدواییانە لە دەورووبەری هەڵبژاردن و، کێبەرکێیەکانی نێوان جیناحەکانی ڕێژیم، لەوێش ئەو جیاکارییە لە لایەن خەڵکەوە بە روونی دەبیندرێ. زۆربەی خەڵکی ئێران بە زۆر بەهانە و لە زۆر ڕێگەوە دەریانخستوە کە لەگەڵ ڕێژیمی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامیدا نین. لە هەڵبژاردنەکانی ئەم چەند دەورەیەی رابردووش لە ڕێگەی دەنگەکانیانەوە زۆر بە روونی ئەم پەیامەیان نە تەنیا بە سەرکردەکانی ڕێژیم بەڵکوو بە هەموو دنیا ڕاگەیاندووە. خەڵک ئەگەر دەچنە دەنگدان بەشێکیان بۆ ئەوەی [نا] بە ڕێبەری نیزام بڵێن، دەنگ بەو کەسانە دەدەن کە فاسڵەی فکرییان لەگەڵی هەیە و ئەمەش شانسێک بووە بۆ باڵەکانی دیکەی ڕێژیم کە بە ناوی ئیسلاحتەڵەب یا ریفۆرمخواز ناسراون و ئێستا ئیتر زیاتر لە دەورەی پێشوو خەڵک چاوەڕوانی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیانە کە لە کاتی هەڵبژاردنی ئەمجارەش دووپات کرانەوە.

ڕاستییەکی دیکەش کە ئەم گۆڕانە لە نێو خەڵکدا دەردەخا، پاشەکشە پێکردنی ساڵ لە دوای ساڵ زیاتری جیناحی ئوسوولگەرا لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدایە. لە بیست ساڵ لەمەوبەرەوە کە بە ناوی ئیسلاحات، محەممەد خاتەمی بوو بە سەرۆک کۆمار تا ئێستا ئەگەر ڕێژەی دەنگدەران بەرزی و نزمی هەبووە، بەڵام بەبەردەوامی دەنگی بەرەی بەرامبەر بە خامنەیی لە ناو کۆماری ئیسلامیدا رووی لە زیادبوون کردووە. ئەمە لەوانەیە بە جۆرێک لەبەر ئەوە بێ کە، ئوسوولگەراکان خوێندنەوەیەکی نوێیان بۆ سەردەمە جیاوازەکان نیە و بە پێی هەست و ویستی ئەم سەردەمەی خەڵکی ئێران ناتوانن بەرنامەیەکینوێ بۆ سیاسەت و ئیدارەی وڵات بخەنە بەردەم خەڵک، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە بێ متمانەیی خەڵک بە گشتی لە نیزام، هۆکاری ئەسڵیی ئەم گۆڕانەیە. خەڵک کە بە گشتی لە نیزام نارازی و بێزارن و خامنەیی بە نمادی دەسەڵاتداریی نیزام دەزانن، بە هەموو شێوەیەک بە ڕەدکردنەوەی خۆی و پەیام و نوێنەرەکانی ئەگەر هەر نەبێ لە ڕێگەی دەنگدانەوە، بەو نیزامە دەڵێن [نا]. ئەوان نە تەنیا لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریدا، بەڵکوو پێشتریش لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرەگان و مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و ئەمجارەش لە هەڵبژاردنی شووڕاکاندا، نزیکترین و خۆشەویستترین کەسایەتییەکانی ڕێبەریان، لە مەیدان کردە دەر.

ڕاستە کە هەتا ئێستاش ڕێبەری نیزام ئەهرومەکانی دەسەڵاتی بە دەستەوە ماوە، بەڵام ئەم ڕەوتە ئەگەر بەردەوام بێ، دەبێ چاوەڕوانی گۆڕانێکی جیدی بین، کە لایەنێکی لەوانەیە ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆ و یەکلاکەرەوە بێ بۆ کۆتایی پێ هێنان بە دەسەڵاتدارانی نیزام و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی.



> ❝ ئەگەر هێزە پێشکەوتوو و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران بتوانن خوێندنەوەیەکی واقعبینانەیان لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی هەبێ و بە وردی پێ‌و شوێنی رووداو و ئاڵوگۆڕەکان بگرن، دەکرێ پەرەسەندنی وەها بیرکردنەوەیەک لە ناو کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری ئێراندا، بێگومان وەک هێزێک کە لە داهاتوودا بە گژ سیستمی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامیدا بچێتەوە ببینن. ❞

# ئێران ناوەندی نوێی تێرۆر دروست دەکا



فۆربس- وێس مارتین
کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی

ئەوەی کە بەڕێوەبەریی ترامپ بە تەمایە بە ڕەسمی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران وەک «ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی بیانی» بناسێنێ شتێکی دڵخۆشکەرە، ئەگەرچی چەند ساڵێکە کە سپای قودس، لقێکی سوپای پاسداران ئەو نازناوەی دراوەتێ.

ئەوەی کە تا ئێستا ڕێکخراوی دایک [واتە سوپای پاسداران] لەلای وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ریکخراوی تیرۆریستی نەناسراوە لە عەقڵدا ناگونجێ، بەتایبەتیی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە کە دەوڵەتی ئێران دەمێکە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بە سەرەکیترین دەوڵەتی پشتیوانی تێرۆریزم دەناسرێ. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو ڕاستییە لە سیاسەتیشدا ڕەنگدانەوەی هەبێ، هەر ڕۆژەی کە ئامریکا بە تێرۆریست ناساندنەکە وەدوا بخا دەستەیەکی پێشکەتووی ڕاهێنەر لە نێو سوپای پاسداران تاقمێکی نوێی شەڕکەری لێهاتوو بۆ شێواندنی ناوچە و چاندنی تۆوی تێرۆر لە سەرانسەری جیهاندا بەرهەم دەهێنێ.

ڕێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی موجاهیدینی خەڵک لە مانگی رابردوودا چاردە کەمپی ڕاهێنانی تێرۆریستانی ئاشکرا کرد کە لە لایەن سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە بەڕێوە دەچن. بە بەراورد لەگەڵ بەرنامەکانی ڕاهێنانی ڕێکخراوی رزگاریدەری فەلەستین لە شەستەکان و حەفتاکانی زایینی، ئەو کەمپە تایبەتانەی سوپای پاسداران دەکرێ وەک «نایابترین ڕاهێنانی تێرۆریستان» دەستنیشان بکرێن.

بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران نیشانی دەدا کە هەوڵەکانی بۆ ڕاهێنانی تێرۆریستی هەمە لایەنە چڕ دەکاتەوە. پلانی ڕاهێنانەکە ئەو لایەنانە دەگرێتە خۆ: مێشک شۆردنەوەی ئایینی، دروستکردن و دانانی بۆمب، بۆمبی خۆکوژی، کوشتن، بەبارمتە گرتن، کۆکردنەوەی یارمەتیی دارایی، دەرفەتەکانی بازاڕی ڕەش، بناغەکانی ئەندازیاریی بیناسازیی، خۆ بواردن لە دۆزرانەوە لە لایەن پۆلیس، بنەماکانی خانەی نوستوو و هەموو شتی دیکە کە بۆ لەنێو بردنی شارستانییەتی ڕۆژئاوا پێویستن. سوپای پاسداران هەر ئێستا خاوەنی ئەزمونێکی ١٥ ساڵەی هەڵسەنگاندنی زیانەکانی شەڕ و هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئامریکایە لە عێراق. جگە لەوە سوپای عێراق هەموو ئەزموونی ڕاهێنانی کە لە لایەن سوپای ئامریکاوە پێی گەیشتووە بۆ سوپای پاسدارانی گواستۆتەوە.

بە پێچەوانەی ئاکادێمیای ئاسایی، دەرچووانی قوتابخانەی تێرۆریزمی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران پاش وەرگرتنی بڕوانامەکەیان ناچن بۆخۆیان وەدوای دیتنەوەی پیشەیەک لە جیهان بکەون. خاوەنکاری تاهەتایی ئەوان دەوڵەتی ئێران دەبێ. جا چ بنێردرێنە شەڕ بۆ وەدەستهێنانی لێهاتوویی پتر یا خود ببنە ئەندامی خانەی نوستوو تا کاتی کاراکردنیان، تەنیا مەرگ دەتوانێ لە ئەرک و گرێبەستەکەیان داماڵێ.

هەر وەک چۆن ڕێکخراوی رزگاریدەری فەلەستین تێرۆریستی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ڕادەهێنا، شێوەکاری سوپای پاسدارانیش هەر بەو جۆرەیە. گۆڕەپانی کۆتایی شەڕ دژی تێرۆریزم، خۆراوای ئورووپا و باکووری ئامریکایە. سەرەتاکانی ئەو سیناریۆیە هەر ئێستا بە هۆی سنوورە بێژنگییەکان و نەخشە شاراوەکانی توندئاژۆکان دەستی پێ کردووە. هێرشەکان ئاڵۆزتر و کوشەندەتر دەبن و چەند تیم هاوکات هێرش دەکەنە سەر چەند ئامانج.

وەک ئەفسەری خاوەن ئەزمونی دژە تێرۆری هێزە هاوپەیمانەکان لە عێراق، ئەمن شاهیدی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پێشکەتوو لە لایەن هێزی قودس و سوپای پاسداران بووم کە پێشکەشی چەکدارانی شیعە و سوننییان دەکرد. چونکە ئێران بە تەواوی باوەڕی بەوە هەیە کە «دوژمنی دوژمنی من دۆستی منە»، ئێمە ئاکامی لێکۆڵینەوە و بەرهەمهێنانی تاقیگاکانی چەکوچۆڵی ئێرانمان پێ دەگەیشت.


لە ژێر ڕووناکایی ئەو هەڕەشە لە ڕادەبەدەرە، زۆر کەس سەریان سوڕ ماوە کە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە بەڕەسمی ناساندنی تێرۆریستبوونی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانیان ڕاگرتووە. بەداخەوە، ڕابردووی وەزارەتخانەکە ئەوە نیشان دەدا کە لیستی ڕێکخراوی تێرۆریستیی بیانی لە جیاتی وێناکردنی ڕاستەقینەی هەڕەشەکان بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاووڵاتیان زۆرتر وەک ئامرازێکی سیاسی دەچێ. نمونەکەی پرۆسەی بە ئانقەست شکست پێهێناوی بە تێرۆریست ناساندنی سوپای مەهدی سەر بە مەلا موقتەدا سەدرە کە سەرەڕای بەڵگەی حشاهەڵنەگری ئەوە کە ئەو ڕێکخراوە سەدان ئەندامی سوپای ئامریکای لە عێراق کوشتووە و بەڵێنی داوە کە زۆرتریش بکوژێ.

وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە کۆتاییدا ددانی بەوە داهێنا کە ئێران بەرنامەی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی بەرەوەپێش بردووە کاتێک کە موجاهیدینی خەلق، ڕێکخراوی سەرەکیی دژی بنئاژۆخوازانی تاران، بەرنامە نەهێنییەکەیانی ئەوانی بۆ جیهان ئاشکرا کرد. لەجیاتی مەحکومکردنی ڕێژیم، ڕێگاچارەی وەزارەتی دەرەوە وتوویژ کردن بوو. لە بەرامبەر بەڵێنی ئێران بۆ دەست هەڵگرتن لە بەرنامەی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی، بەڕێوەبەریی ئۆباما قبووڵی کرد کە ئابلۆقەکان شل بکاتەوە و ١٥٠ میلیارد دۆلار کە دەستی بەسەر دا گیرابوو ئازاد کرا.

هەڵگرتنی ئابلۆقەکان سەرکەوتنێکی سیاسیی بوو بۆ ئێران. زەختی خەڵکی ئێران [بۆ سەر ڕێژیم] کەم بۆوە و تاران لێهاتوویی خۆی لە سەرکەوتن بەسەر ئامریکا لە دانووستاندا سەلماند. ١٥٠ میلیاردەکەی کە لە ئاسمانەوە بۆیان باری زۆر زوو کەوتە گەڕ. ئێران توانیویەتی یارمەتی ئابووریی و چەکوچۆڵ بۆ شەڕی نێوخۆ لە سوورییە و یەمەن بنێرێ. لێکۆڵینەوە لە بارەی چەکی ئەتۆمی چەندە لە کۆریای باکوور پاش دانوستان لەگەڵ بەڕێوەبەریی کلینتۆن وەستا هەر ئەوەندەش لە ئێران وەستاوە.

ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان بۆخۆیان بڕیار دەدەن کەنگێ و لە کوێ هێرش بکەن. ئەوان تەنیا پێویستە لە هەندێک لە جارەکان سەرکەوتن وەدەست بهێنن. وەک ئەمانجی هێرشەکان ئێمە دەبێ لێبڕاوانە توانایی بەرگریی خۆمان بپارێزین. هەر وەک شکستی بەڕێوەبەرییەکانی پێشووتر لە پێشبینی کردنی سەرهەڵدانی داعش سەلماندوویەتی، حاشا کردن لە گرنگیی موشکیلەیەک ڕێگا بۆ گەشەکردنی خۆش دەکا. کاتی ئەوە هاتووە کە سەرکۆمار ترامپ وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕاسپێرێ کە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی بیانیی بناسێنێ و بەو پێناسەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکا.

# ١٧ی جۆزەردان و «کوردستان و کورد»



ئازاد مستۆفی

**تاران ١٧ی جۆزەردان**

ئەگەر پێش ڕووداوی ١٧ی جۆزەردانی تاران وێنەیەک یان هەواڵێک باسی لە هەبوونی داعش لە تاران بکردایە بێگومان میدیاکانی تاران بەدرۆیان دەخستەوە و میدیاکانی جیهانیش بەگومانەوە سەیریان دەکرد، بەڵام ڕووداوی ١٧ی جۆزەردانی تاران و هێرشی داعش بۆ دوو شوێنی مەبەستدار لە ئێران، بوونی داعشی لە تاران پشتڕاست کردەوە.

لەم ماوەیەدا خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ ئەم ڕووداوە کراوە و هەر کۆتلەیەکی نێو دەسەڵاتی تارانیش لە ناوەندگەلی تەناهییەوە بگرە هەتا باڵەکانی ڕێژیم هەوڵی داوە، بەسوودی خۆی دژی لایەنی بەرامبەری بەکاری بێنێ. دیارە لە هەر ئەگەر و خوێندنەوە و ململانێیەکدا نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە ئەو ڕووداوە لە ڕاستیدا زەبر و شۆک و هێرشێکی گەورە بوو بۆ سەر ئەو تارانەی کە فەخری وڵاتێکی ئارامی بەسەر خەڵکدا دەبەخشییەوە و لە وەڵامی هەر داخوازییەکی ئابووری و سیاسی و مەدەنیدا دەسەڵاتدارانی تاران، ئەوەیان بەچاوی هاووڵاتییاندا دەدایەوە کە بێدەنگ بن، ئەوە نییە لەم گۆمە شڵەقاوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئێران بێ قرە و بێ گرفتە و ژیانتان پڕە لە ئاسوودەیی و تەناهی و دوورن لە شەڕ و تەقینەوە و تیرۆر.

سەرکردەکانی سوپای قودسیش بۆ ئەوەی ئێران لەو ئاگرەسوورە بەدوور بگرن کوڕی خەڵکیان لە پاکستان و ئەفغانستانەوە هەڵدەفریواند و لە سووریە بەکوشتیان دەدا و چاوپۆشیشیان لە چوونی لاوانی وڵاتەکەی خۆیان بۆ ڕیزی تاقمگەلی توندڕەوی ئیسلامی لە عێراق و سووریە دەکرد. واتە ئەو وزەی کە دەبوایە سەرفی ئارامی ناوچەکە و نەهێشتنی تیرۆر و شەڕی ماڵوێرانکەری عێراق و سووریە بکرایە لەلایەن داڕێژەرانی سیاسەتی سەرەکیی ئێرانەوە سەرفی خۆشترکردنی ئاگرەکە بۆ گەیشتن بە نەخشەی دڵخواز یان واقعبینانەتر بڵێین بۆ پاوانخوازیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرا و ئێستەش هەر درێژەی هەیە. عێراق و سووریە و لوبنان و یەمەن و بەحرێن، ئێران تەنیا پشتیوانی سیاسییان لێ ناکا، بەڵکو حەسەن نەسروڵڵا بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێ کە هەتا ئێران پارە و چەکی هەبێ ئێمەش پارە و چەکمان دەبێ.

لە درێژەی هەواڵی داعش لە تاران، ئەوەش هاتبوو کە داعشییەکان ئێرانین. ئەم بەشەی هەواڵەکە پتر سەرنجی بینەران و خوێنەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. واتە داعشە ئێرانییەکان، هێرشیان کردووەتە سەر پێتەختی وڵاتەکەی خۆیان. نێوەڕۆکی هەواڵەکە لە مانشێتەکە سەرنجڕاکێشتر بوو. چۆن دەکرێ ئاکامی نێزیک بە چڵ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی «ویلایەتی فەقیە» ببێتە ئەوەی کە لاوی وڵاتێک بڕواتە نێو ڕیزی توندڕەوترین و تیرۆریستترین ڕێکخراوی ناوچەکە و لە پێتەختی وڵاتەکەی خۆیشیدا خۆی بتەقێنێتەوە؟

دەسەڵاتدارەتیی «ویلایەتی فەقیە» بە درێژایی ئەم ساڵانە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە، لە دیاریکردنی سەرکۆمار و وەزیرەوە بگرە هەتا سوپاساڵارەکانی ئەرتش و پاسداران، لە بەرپرسانی ئەمنییەوە بگرە هەتا دیاریکردنی مەلای مزگەوتەکانی شار و گوندەکانی ئێران. بۆیە نێوەڕۆکی هەواڵەکە لە میدیاکاندا دەنگدانەوەیەکی بەرینی لێ کەوتەوە و شرۆڤەکارانی ناچار بە خوێندنەوەیەکی قووڵتر لە دەسەڵاتدارێتیی ئەشکەنجە و ئێعدامی ئێران کرد.

### ١٧ی جۆزەردان لە ململانێی باڵەکانی ڕژێمدا

ئاستی ململانێی باڵەکانی ڕژێم لەو ڕۆژەدا بەجۆرێک بوو کە هێرشەکەی داعش بۆ تاران لەبیرکرابوو، چونکە باڵەکانی ڕژێم خەریکی هەڵڕشتنی کۆنەڕقەکانیان بوون دژی یەکتر. هەرکامەیان بەجۆرێ ئەویتریانی بەکەمتەرخەمی و هۆکاری ئەم دۆخە ناو دەبرد. کار گەیشتبووە ئاستێ کە هەندێ خەڵکی بێلایەنی دووباڵەکە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد «ئێمە هەمووومان بەیەکەوەین» و جاریٚ کاتی ئەم پاکانەحیسابانە نییە.

لایەنگرانی مەحموود ئەحمەدینەژاد لە کاناڵی تێلێگرامی خۆیاندا نووسیان «کاتێک لە سنوورەکانی ئیسرائیلەوە بێین و لە تاران دابنیشین، دیارە کە دەبێ لەگەڵ ئیسرائیل لە نێو پارلمان شەڕی دەستەویەخە بکەین». ئەحمەد تەوەکولی لە کەسانی ناسراوی ئەو باڵە لە تویتێکدا نووسیبووی «کاتێ هەواڵی هێرشی داعش، ئەم خوێنڕێژە کۆنەپەرستانەی پەیڕەوی ئیسلامی ئەمریکیم بیست، گوتم چاوی ئاغای کەرباسچی و هاوڕێیانی ڕوون. ڕۆحی شەهیدانی بەرگریکاری حەرەمیش شاد». گرووپێکی دیکەی ڕاستەکان لە سۆشیاڵمیدیا بۆ لایەنگرانی ڕوحانی بە تانەوتەشەرەوە نووسیبوویان «ئەگەر دەستگیرتان کردن ئێعدامیان مەکەن» و کاناڵی سوپای قودس لە تێلێگرام قسەیەکی خامنەیی نووسیبوو «ئەگەر بەرگریکارانی حەرەم نەبوایەن، دەبوایە لە کرماشان و هەمەدان لەگەڵ داعش شەڕمان بکردایە».

باڵی ڕاستی نێودەسەڵاتی ئێران کە بە باڵی عەلی خامنەیی ناو دەبرێن پاش ئەو شۆکەی لە تەناهیی تاران کەوت، گورجوبڕ ناوی بکەرانی دوو هێرشەکەی تارانی کە زۆربەیان کورد بوون، بە میدیاکان ڕاگەیاند و لە سۆشیاڵمیدیاوە بەتوندی هێرشیان کردە ڕۆژی دیاریکردنی ڕیفراندۆم لە باشووری کوردستان. ئەوان هەوڵێکی زۆریان دا کە کورد بەتیرۆریست پێناسە بکەن و هەزاران شەهیدی باشووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان لە شەڕی دژی داعش لە یاد و بیرەوەریی خەڵکی جیهان و بەتایبەتیش ئێران، ببەنەوە. ئەم باڵە هەوڵێکی ئەمنی و میدیایی دا کە خۆی بەرەو سەرکوتی کوردستان ئامادە بکا.

باڵی چەپی نێودەسەڵاتی ئێران کە ئێستە حەسەن ڕوحانی سەرۆکایەتییەکەی وەئەستۆ گرتووە لە دەستێوەردانی سوپای پاسداران لە سیاسەتی دەرەوەی وڵات و پاوانکردنی جومگەکانی ئابووری و داهاتیی ئێران بەگلەییە و ڕایان وایە پاش ئەوەی باڵی ڕاست نەیتوانی ئیبراهیم ڕەئیسی بکاتە سەرکۆمار، ئەم شکستە قبووڵ ناکا و دەیانەوێ بەهەر بیانوویەک بێ دۆخی نێوخۆیی ئێران ئەمنی بکەن. لە ناردنی سوپای پاسداران بۆ قەتەرەوە بگرە هەتا هێنانەگۆڕیی ئەم دۆخەش لە تاران بۆ ئەوەیە کە نەیاران و جیابیران وەکو ساڵانی پێشوو پاکتاو بکەن و نەهێڵن ڕوحانی ئەم چوار ساڵە پلانەکانی خۆی جێبەجێ بکا. باڵی چەپ کە بەگومانەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکەی ١٧ی جۆزەردان و ڕوحانی ڕاشکاوانە گوتی هەرکات وڵات [دیارە بەقسەی ئەو] «بەرەو دیموکراسی» دەڕوا تاقمێک ئەم ڕووداوانە دەخوڵقێنن. ئەم لێدوانە تووڕەیی خامنەیی زیاتر کرد، بەشێوەیەک ناوبراو بەئاشکرا نەیتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکا و فەرمانی «آتش به اختیار»ی بە لایەنگرانی دا.




بەپێی ڕاپرسییەکی کاناڵی تێلێگرامی «ئامەدنیوز» کە ناوەندەکەی لە فەڕانسەیە، ٦٣٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ڕایان وایە هێرشەکەی تاران، داعش نەیکردووە. کەم نەبوون ئەو تارانیانەی لە ئەکاونتەکانی فەیسبووک و کاناڵەکانی تێلیگرام، زیاتر لەوەی هەواڵی ڕووداوەکەی تاران بڵاو بکەنەوە نوکتەیان لەسەر بڵاو دەکردەوە و دەنگۆی «کودتای سپای پاسداران دژی ڕوحانی» لە زۆر نووسیندا دەبینرا. هەندێ چاوەدێر بەکودتاکەی تورکیەیان دەشوبهاند و دەیانگوت هەر بەوجۆرەی ئۆردۆغان ئاگای لە کودتاکە بوو و دواتر بەقازانجی خۆی بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی بەکاری هێنا، بەشێک لە دامودەزگای ئەمنیی ئێرانیش ئاگادار بوون و بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان بەکاری دێنن و نموونەش تەقینەوەکەی ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٧٣ (٢٠ی ژوونی ١٩٩٤)یان وەکو بەڵگە دەهێنایەوە کە پاش کوژرانی خەڵکێکی بێتاوانی زۆر، لە گرتنی سەعید ئیمامیدا لە سەردەمی سەرکۆماریی محەمەد خاتەمی ئاشکرا بوو تەقینەوەکەی مەزاری ئیمام ڕەزا لە شاری مەشهەدی ئێران، کاری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە.

### ٢٠١٤/١٢/٣ کوردستان و کورد

میدیاکانی کۆماری ئیسلامی و سۆشیاڵمیدیاکانی دەسەڵاتی تاران، هەڵمەتێکی بەرفراوانیان بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی و نەفرەت دژی کورد، بەهۆی کوردبوونی داعشییەکانی ڕووداوی تاران، دەست پێکردبوو. ئەوان دەیانویست ئەم بیانووە بۆ هێرشی سەر ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان و سەرکوتی دەنگی ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکار بێنن و کەس نەبوو لێیان بپرسێ ئەم ساڵانەی داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ڕژێمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییەوە کە هەزاران کوردی ئازادیخواز بەدەستی نەتەوەکانیتری ئێران شەهید بووە بۆ هەرگیز کورد ئەوەی بەوجۆرە لێک نەدایەوە و نەیکردووەتە شەڕی مەزهەبی و نەتەوەیی بە دژی مەزهەب و نەتەوەکانی دیکەی ئێران؟

بێگومان ئەوەی لە میدیاکاندا ئەو بیانووانەی وەدرۆ خستەوە و پیلانەکانی سوپای پاسدارانی پووچەڵ کردەوە و پاش ڕوودانی هێرشەکەی ١٧ی جۆزەردان، بووە مانشێتی سەرەکی؛ ڕاپۆرتێکی ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٣ لە ماڵپەڕی «کوردستان و کورد»ی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو.

ئەم ڕاپۆرتە کە ئەسڵەزا بەزمانی فارسیش بوو، باسی دۆخی گشتیی و تەناهیی شاری پاوە و هەورامانانی دەکرد و لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەدا باسی چالاکیی ئەندامانی داعش دەکا و هەروەها بۆ بەڵگەمەندبوونی ڕاپۆرتەکە ناوی چەند کەسێکیش هاتووە کە یەکیان «سریاس سادقی» هەمان سەرپەرەستی تیمەکەی داعشە لە هێرشەکەی سەر پارلمانی ئێران لە تاران.

ئەم ڕاپۆرتە سەلماندی کە خەباتی ئازادیخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵات بەهەمان شێوە کە ساڵانێکە دژی کۆماری ئیسلامی لە شەڕ دایە، لە هاتنی داعشیشەوە بۆ ناوچەکە لە خەبات دژی ئەوانیش غافڵ نەبووە. چونکە ئەو دەستئاوەڵاییەی ئەندامگیریی داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکرێ لە چاوی سیخوڕەکانی ئیتلاعات و سوپای پاسداران بەدوور بێ. کاتێ ناوەندەکانی سەرکوتگەری ئیتلاعات و سوپای پاسداران، وێبلاگنووسێ کە ڕستەیەکی دژی ئایەتوڵاکان نووسیوە، دەگرن و ئەشکەنجە و زیندانی دەکەن یان کەسێک هەر لە شاری پاوە بەهۆی نووسینی کۆمێنتێک لە فەیسبووک دوو ساڵ و نیو زیندانی دەکرێ؛ ئەم چالاکییە ئاشکرایەی داعش کە هەتا نووسینی ئەم دێڕانە هێشتا درێژەی هەیە بێگومان ناکرێ هەروا بەئاسانی و بێڕامان و تێفکرین سەیر بکرێ.

کاتێک کۆماری ئیسلامی ئێران سەرکردەیەکی دیپلۆمات وەکو د.قاسملوو لەسەر مێزی دانوستان و سەرکردە ئایینییەکانی وەکو ناسر سوبحانی و ئەحمەد موفتیزادە شەهید دەکا و، ڕێگە لە هەر جۆرە جموجۆڵێکی مەدەنیانە لە نێوخۆی وڵات دەگرێ؛ لێکۆڵەرانی سیاسی و شرۆڤەکارانی دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە خودی خەڵکی کوردستان ناهەقیان نییە هەم بە گومانەوە بڕواننە هەواڵە پڕپارادۆکسەکانی ١٧ی جۆزەردان و هەمیش بەگومانێکی زیاترەوە بڕواننە ئەو لایەنانەی بەئاشکرا و بێ گرفت بە بەرچاوی ئیتلاعات و سوپاوە ئەندامگیریی بەناوی کوردایەتی یاخود مەزهەبیگەرییەوە دەکەن.

ڕەوتە ئیسلامییە بناژۆخوازەکان و هەروەها سەلەفییە جیهادییەکان ئێستاکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاران و هەندێ ناوەندی دەسەڵاتیشیان لەسەر ئیزنی ئایەتوڵڵاکان بەدەستەوەیە و بەناوی کاری خێرخوازییەوە پارە کۆدەکەنەوە کە پێویستە خەڵک بە وشیارییەوە لەو چالاکییانە بڕوانێ کە خەرجییەکەی چوونەڕیزی داعشە لە عێراق و سووریە.

پاش پووچەڵکردنەوەی پیلانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەن «کوردستان و کورد»ەوە، ئەرکی ڕاگەیاندنی ئەم میدیایە قورستر بووە. میدیای کوردی و هەروەها میدیاکانی بی بی سی، دەنگی ئەمریکا، بەشی عەرەبی ماڵپەڕی ئەلعەرەبیە، گویا نیوز و زۆر سایتی تری فارسی و بیانی ڕاپۆرتەکەی ٢٠١٤ی «کوردستان و کورد»یان وەکوو بەڵگەیەک بۆ بێبەرییبوونی کورد لە بیرۆکە و حەرەکەی داعش باس کرد. بۆیە پێویستە میدیاکانی حزبی دیموکراتی کوردستان بەشێک لەو ڕاپۆرتانەی کە بەدەست ڕێکخستنەکانی ئەم حزبە دەگات بڵاوی بکەنەوە و خەڵک لە زانینی ڕاستییەکان بێبەش نەبن و بێگومان لەم شەڕی میدیاییەدا ئەو کەسە دەیباتەوە کە ڕاستی و دروستی لەکاتی گونجاوی خۆیدا بە خەڵک ڕادەگەیەنێ.

---

درێژەی:

# دەرهاویشتەکانی سیاسەتێکی چەپەڵ

بەڵگەیەکی دیکە کە دەیسەلمێنێ هاوکاریی بەرژەوەندخوازانەی داعش و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کۆتایی هاتوە ئەوەیە کە لە دوای ڕووداوە تیرۆریستییەکانی تارانەوە وەزارەتی ئیتلاعات ئیدیعا دەکا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی گرووپە سەلەفی و داعشییەکانیان دەستبەسەرکردوە یان کوشتوویانن. ئیدیعای دەستبەسەر کردن و لەنێوبردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە تیمەکانی داعش لە چەند ڕۆژی رابردوودا دەتوانێ سەلمێنەری ئەم راستییە بێ کە دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەتییەکانی ئێران لە نزیکەوە ئاگایان لە جموجۆڵ و هەڵسووڕانی لایەنگرانی داعش بوە و تا دوای کردەوە تیرۆریستییەکەی تاران لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ڕێگایان بە جموجۆڵی ئەوان داوە.

ڕێبەران و میدیاکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە پێشتر بەشداریی ڕاستەوخۆی سوپای قودسی سوپای پاسدارانیان لە شەڕە نێوخۆییەکانی وڵاتانی ناوچەدا وەک پێویستییەکی تەناهیی وڵات پاساو دەدا و دەیانگوت «ئەگەر ئەوان هێڵی پێشەوەی بەرگرییان نەبردبایە دەرەوەی سنوورەکان داعش دەیتوانی بگاتە تاران»، لە دوای ڕووداوەکانی ڕۆژی ١٧ی جۆزەردانی تارانەوە نەک قسەکانی پێشووتری خۆیان لەبیر نەماوە، بەڵکوو پاساو بۆ ئەم داماوییەش دێننەوە کە دەزگا هەواڵگری و تەناهییەکانیان تووشی هاتوون. لەم نێوەدا ئەوان بە قۆستنەوەی کوردبوونی تیرۆریستەکان هەوڵیان داوە بە دنەدانی هەستی پانئێرانیستیی نەتەوەی باڵادەست هێرشێکی ناڕەوا بکەنە سەر نەتەوەی کورد.

لەم نێوەدا ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد کە لانیکەم لە زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردوودا قوربانیی سەرەکیی سیاسەتی تیرۆری دەوڵەتیی ئەم ڕێژیمە بوون و لەم چەند ساڵەی دواییشدا بە شایەدیی بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهان لە ڕیزی هەرە پێشەوەی بەرەی دژبەتیرۆر دابوون و هەن و شانازیی گەورە و جیهانیان تۆمار کردوە، پێویستە زیاتر لە هەر کات بە وشیاری و یەکگرتوویی بەرپەرچی ئەم پیلانە نوێیەی دەسەڵاتدارانی تاران بدەنەوە. لەم پێوەندییەدا پێویستە:

یەکەم، بەشێوەیەکی بەڵگەمەند سیاسەتی دووڕوویانەی ڕێژیم بەرانبەر گرووپە توندڕۆ و بناژۆخوازەکان لە کوردستان لەقاو بدرێ.

دووەم، زانیاریی ورد لەسەر هەڵسووڕانی ئەم گرووپانە کۆبکرێتەوە و بڵاو بکرێتەوە.

سێیەم، بەشێوەیەکی هەمەلایەنە لە پیناو وشیارکردنەوەی ئەو کەسانەی کەوتوونەتە داوی ئەم گرووپانەوە، هەوڵ بدرێ؛ چونکە پەرەگرتنی گرووپە بناژۆخوازە ئیسلامییەکان هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کوردستان
ژمارە:٧٠٤
٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٦ _ ٢١ی ژوئەنی ٢٠١٧

# ئەمنییەت ئامرازێک بۆ تیجارەت
# قەرارگای خاتەمولئەنبیا، باڵی ئابووریی سپای پاسداران



**ئاگری باڵەکی** *

کاتێک گروپێکی تەواو چەکدار و ئیدۆلۆژیک پێ دەنێتە دونیای ئابووریی وڵاتێک نیشانەی ئەوەیە کە ئابووری ئەو وڵاتە لە داروخان و بە مافیابوون دایە!

«بازاری نێوخۆیی چین تەواو لە ژێر دەسەڵاتی حیزبی کۆمۆنیست دایە بەڵام بە پێچەوانەی بازاری ئازاد لە چین حیزبی کۆمۆنیست نەیتوانیوە دەسەڵاتی خۆی تێدا بچەسپێنێ، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیست»؛ ئەمانە ووره ئەلکساندرو ئاماندیۆ، نوێنەری ێێکخراوی گەشەپێدانی پیشەسازی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنفرانسێکدا گوتی کە تایبەت بە گەشەکردنی جیهان بوو.

«سپای پاسدارن پرۆژە گەورەکان وەردەگرێ، کاتێک کەبەشی تایبەت توانایی کێبەرکێیان نەبێ یاخو نەتوانن جێبەجێی بکەن» ئەمانە قسەی ئاخوند عەلی سەعیدی، نوێنەری ئایەتوولڵا خامنەیی لە سپاد لە کۆبوونەوەیەکی گشتی بوو کە بۆ بەرگری لە قەرارگای خاتەمولئەنبیا کردنی.

ئەو دوو قسەی سەرەوە خاڵێکی هاوبەشیان تێدایە، بێ توانایی و بێبەشی کەرتی تایبەت لە ئێران و چین بە هۆکاری باڵادەستی سیاسیی حیزبی کۆمۆنسیتی چین و باڵادەستی ئابووری، سیاسی و ئەمنیەتی سپای پاسدارن لە ئێراندا.

هەرچەند لە ساڵی ١٣٩١ ڕا بەدەستوری فەرماندەی گشتی سپای پاسداران، قەرارگای خاتەمولئەنبیای سپا نابێ خۆ لە پرۆژەکانی خوار ١٠٠ میلیارد تمەن بدا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی سپا هیچ کێبەرکێیەک نابینرێ بۆ پرۆژە گەورەکان و سپای پاسدارانیش بە هەندێک تەشریفات ئەو پرۆژانەش وەردەگرێ! بەهانەش بۆ دانی پرۆژەکان بەسپا ئەوەیە کە کەرتی تایبەت ناتوانێ ئەو پرۆژانە ڕاپەرێنێ!

لەساڵی ١٣٨٤ و لە کاتی دەسەڵاتی ئەحمەدی‌نژاد، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئێران سپای پاسداران بە تەواوی هاتە نێو بازاری ئابووریی ئێرانەوە، بە دەستوری ئەو بەشی زۆر گرێبەستە نەوتی و گازی‌یەکان بەبێ هیچ کێبەرکێیەک دران بە قەراگای خاتەمولئەنبیا. ئەگەر چاوێک بە ١٠ ساڵی رابردوودا بخشێنین دەبینین کە سپای پاسداران لە ناوەندێکی سەربازی _ ئیدۆلۆژیکەوە گۆڕاوە بە ڕێکخراوێکی سیاسی و ئابووری . کە دوو باڵی ئابووری سپا واتە قەرارگایی خاتەمولئەنبیا و بونیادی تعاون نەخشی سەرەکیان لەو مەیدانەدا گێراوە .

لەو نێوەدا، قەرارگای خاتەمولئەنبیا کە مێژووی دروستبوونی بۆ ساڵی ١٣٦٨ دەگەڕێتەوە، خاوەنی ٨١٢ کۆمپانیا و ٦٥٠ هەزار کەس هێزی کاری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەبوونی زیاتر لە ١٠ هەزار پرۆژە و هەروەها ٥٠٠٠ بەلێندەری نطوخۆیی بۆتە غولی ئابووری ئێران!

هاوڕایی دەسەڵاتداران لە کۆماری ئیسلامی لەسەر قەرارگایی خاتەمولئەنبیا بە شێوەیەکە لە ١٠ ساڵی رابردوودا چ کاتێک توندرەوەکان لەسەرکاربوون و چ میانەڕەوەکان هەموو بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆشحال و هانەزەر بوون لەسەر بوونی سپای پاسداران لە پرۆژەکان‌دا و هیچ کات دژکردەوەیەکی ئەوتۆیان لێ نەبینراوە. وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە قسەکانی عەلی لاریجانی، سەرۆکی پارلمانی ئێران لە ساڵی ١٣٩٠ بۆ پشتیوانی لە رۆستەم قاسمی، فەرماندەی قەرارگایی خاتەمولئەنبیا بکەین کە وەک وەزیری نەوت دیاری کرابوو، لاریجانی گوتی ئەوە لەخۆبردوویی‌یە لەبیر ناکرێ!

کاتێک ئەکبەر تورکان، راوێژکاری ئێستای حەسەن روحانی لە نوسینێک‌دا لە ٢٦ی جۆزەردانی ٨٩ لە رۆژنامەی «پوڵ» پێداگریی کرد لە پێدانی ٢١ میلیارد دۆلار پرژەی نەوت و گاز بە قەرارگایی خاتەمولئەنبیا، ئەوانە مشتێکن لە خەرواریک خۆش خزمەتی بۆ سپای پاسداران. محەمەد باقری نوبەخت، وتەبێژی حکومەتی روحانیش لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٣ گوتی قەرارگا شوێنکە کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران پشتی پێ بەستوە و ئەوانەی دژایەتیشی دەکەن کۆمەڵێک کەسی ناشارەزا و کاڵفامن!

**هەلومەرجی تایبەت:**

ساڵی ١٣٨٤ بە چوونە دەرێی شیرکەتی نەوتی نۆرێژ لە مەیدانی گازی پارسی جنوبیی ١٤ و ١٥ بۆ یەکەم جار قەرارگایی خاتەمولئەنبیا هاتە نێو گرێبەستە نەوتی و گازی‌یەکان و ئەو گرێبەستانە لەکاتێک گەیشتە ئەوپەڕی خۆی کە لەساڵی ١٣٩١ بە گرێبەستێکی ٢١ میلیارد دۆلاری نەوتی قەرارگا توانی بەشی زۆری مەیدانە نەوتی‌یەکانی ئێران وەربگرێ. ئەو دەسەڵاتەی کە قەرارگای خاتەمولئەنبیا لە مەیدانی نەوت و گازدا پەیدایی کرد هەندیک هۆکاری هەبوو، گرینگترینی ئەو هۆکارانە بریتین لە گەمارۆ ئابووری‌یەکان و چونە دەرێی شیرکەتە رۆژاوای‌یەکان لە ئێران، ئەو هۆکارانە بوون بە هۆی ئەوەی کە لەو کاتەدا حکومەتی ئەحمەدی نژاد هەلومەرجێکی تایبەتی وەهای بۆ قەرارگا دروست کرد کە دەستی ئەوانی بە شێوەی هەرچی باشتر ئاوەڵا کرد.

ئەحمەدی تەوەکولی، ئەندام پارلمانی دەوری نۆیەم لەبارەی سپا و نیزامی‌یەکانەوە دەڵێ: نیزامی‌یەکان بە سلاو و سلەوات هاتن تا ببن بە کۆمپانیایەکی جیهانی، هەم ئەوەی کە رێبەری دەیگوت کە بریارنامەکانی شۆرایی ئەمنیەت تەنها کوتەکاغەزێکە و هیچ، سپا ئەوەی بۆ تەئیید کرد و هەم نیزامی‌یەکانی لە سەرئێشەی چوونە دەرێی کۆمپانیا رۆژئاوای‌یەکان پاراست. ئەو قسەیە بەمانای ئەوەیە کە حکومەت تەواو چۆتە ژێر دەسەڵاتی سپا و هێزە چەکدارەکانەوە و لە راستی‌دا کودەتایەکی نیزامیی رانەگەیەندراو لە ئێران‌دا ڕووی‌داوە.

قەرارگای خاتەمولئەنبیا لە ساڵی ١٣٨٦ دەستی بەسەر کۆمپانیایی نەوتی ئۆرینتاڵ کیش داگرت و هەروەها پرۆژەی ١٠٠٠ میلیارد تمەنی حەرەمی»حەزرەتی زەهرا»ی کردە پاوانی خۆی، ئە وکارانە نیشانەی ئەوە بوون کە بە ڕکەبەرەکانی دیکەی خۆی پیشان بدا کە بازاری ئابووری ئێران و ناوچەکە جێگایی سپایە و ئەوانی تر دەبێ بچنە دەرەوە.

ئەو گەندەڵکاری‌یانە لە سەردەمی سەرۆککۆماریی رەفسەنجانی ڕا پێش ئەوەی سپا ببێتە هێز، بە هاتنی ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکانی وەک وەزارەتی ئیتلاعات دەستی پێکرد، بە شێوەک ئەوان ئەمنیەتیان کردە ئامرازی تیجارەت.



**قەراگای ئاوەدان کردنەوەی خاتەم ئەنبیا چیە؟**

قەرارگای خاتەمولئەنبیا لە کۆمەڵێک موهەندیسی تایبەت بە ڕێگاوبان و بیناسازی کە لەسەردەمی ٨ ساڵەی شەڕی ئێران و عێراق کاریان کردوە، پێک هات. دوای شەڕ بەهاوکاریی سەرۆککۆماری ئەوکاتی ئێران و بە پشتبەستن بە ئەسلی ١٤٨ قانونی ئەساسی کە دەڵێ: هێزە نیزامی‌یەکان لەکاتی ئارامی و ئاشتی‌دا دەتوانن بەشدار بن کە ئاوەدان کردنەوە و بنیاتنانەوە، قەرارگای ظ سپای پاسدارن بە پشت بەستن بەو ئەسلە هاتە نێو گۆڕەپانەکە. هەڵبەت بەشداریی سپای پاسداران لە ئابووری ئێران‌دا، مشتومڕێکی زۆری لەسەر ساز کرا کە نابێ سپا پێگە بە کەرتی تایبەت تەنگ بکا، بەڵام بە پشتیوانی ئەوکاتی رێبەریو سەرۆککۆماریی ئەوکات گوێ نەدرا بەو نارەزایەتی‌یانە و سپا بەشێوی ڕەسمی و قانوونی بەشداری کرد لە ئابووریی ئێران.

سەرەتا سپا بەدروستکردنی قەراگای ئاوەدانکردنەوەی خاتەمولئەنبیا و دوو لقی دیکە لەو قەرارگایە بە دوو شیرکەتی“ رزمندگان» و «رزمجو ”هاتە نێو کایە ئابووری‌یەکانەوە، بیانووی هاتنە نێو ئەو کارەش ئەوە بوو کە لەدوای شەڕی ئێران و عێراق ژمارەیەکی زۆر دەزگا و کەلوپەلی ڕێگا دروستکردن و بینا ساز کردن لە بەرەکانی شەڕ بەجێ مابوو.

بە پێی قسەی یەکێک لە فەرماندەکانی سپا لە ساڵی ١٣٦٨ تا ساڵی ١٣٨٥ سپای پاسداران توانیویەتی زیاتر لە ٢٠٠٠ پرۆژەی پیشەسازی و کانگایی لە ئێراندا جێ بەجێ بکا. ناوەندی «کوثران» کە یەکێکی دیکە لە ناوەندەکانی دیکەی سپای پاسدارانە و لەسەردەمی سەرۆک کۆماری خاتەمی‌دا توانی پرۆژەی گەیاندی ئاو بۆ ٨٨٠٠ هێکتار لە پارێزگای خوزستان و ناوچەی “ئومیدیە“ وەربگرێ کە تێکرایی پرۆژەکە نزیک بە ١ میلیارد دۆلار بوو.

تا پێش ساڵی ١٣٩٠ بەپێ ئەسلێک سپا ئیجازەی نەبوو کە ئەو پرۆژانە وەربگرێت کە لە ١٠٠ میلیارد تمەن کەمترن بەڵام دوای گۆرانکاریەکانی نێو ئێران و دەست بڵاوی سپای پاسدارن ئێدی سپای پاسدارن دەستی گرت بە سەر پرۆژە بچووکەکانیش دا.

لە ئێستادا ٥٠٠٠ هەزار شیرکەتی گەورە و بچووک کار بۆ قەرارگای خاتەمولئەنبیا دەکەن و بە پیی قسەی بەرپرسی ئەو قەرارگایە ١٣٥ هەزار کەس کاری تێدا دەکا کە ئەو ژمارەیە بەشێوەی رەسمی و وەک پاسدار وەزیفە بەشداریی کارە ئابووری‌یەکانی ئەو قەرارگا سەربازی‌یەن. لەو ١٣٥ هەزارە، ٢ هەزار و ٥٠٠ کەسیان ڕاستەوخۆ لە فەرماندەرانی سپایی پاسدارانن. جگە لەو ژمارە کەسانەی سەرەوە ٥٠٠ هەزار کەسی دیکە بەشێوەی قەراردادی کار لەگەڵ ئەو قەرارگایە دەکەن.

سەرچاوە:

- مالپەری بی بی سی
- ماڵپەری روداو
- ماڵپەری رادیۆ فەردا
- ماڵپەری کوردستان و کورد
- ماڵپەریی سپا

*ماستەری بەرێوەبردن و ئابووری

---

ئیسلامی سیاسی

[و رەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

# رەوتی ئیسلامی سیاسی و رێکخراوە گرینگەکانی لە ئێران‌دا



حەسەن حاتەمی

( بەشی بیست ودوویەم)

**کۆبوونەوەیەکی گرینگ لە سەقز**

لە ٢٧ ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) دا، کۆبوونەوەیەک لە شاری سەقز گیرا. لەو کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەک لە ڕێبەران و نوێنەرانی ئایینی و پێشنوێژی چەند شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەر مافی نەتەوایەتی، ئیسلامی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و شێوەی هەڵسوکەوتی هاوبەش لەگەڵ ڕێژیمی نوێ‌دا نووسراوەیەکیان ئیمزا کرد.

ئەو بەڕێزانە بە پێی خەسڵەتی فیکر و هزریی خۆیان لە چوارچێوەی توێژی میللی_ مەزهەبییەکانی کوردستان‌دا جێیان دەگرت. ئەوان لە نووسراوەکەیان‌دا، ئاماژەیان کردبوو کە:

* لەکاری نووسین و تەدوینی یاسای بنەڕەتی‌دا، دەبێ زانایانی سوننی وشیعه بەشدار بن.

* لە تەدوینی یاسای بنەڕەتی (قانوونی ئەساسی) دا، بەڕوونی بگوترێ هەموو میللەتەکانی ئێران لە کۆماری ئیسلامی‌دا، بۆ وێنە میللەتی کورد دەبێ مافی یەکسانی نەتەوەیی، سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووری‌یان هەبێ و بەهیچ جۆرێک، هیچ میللەتێک ئیمتیاز و زیدەیی بەسەر میللەتەکانی دیکەدا، نەبێ.

* پێویستە سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ئێران جورێک دابڕێژرێ کە هەرجۆرە ئیمتیازاتێک و نێوانە چینایەتییەکان، چ مادی و چ مەعنەوی هەڵگیرێ و لە کۆمەڵگەی ئێرانی‌دا، شتێک بەناوی چەوسانەوە و خۆبەزلزانی و فەخر فرۆشی نەمێنێ و....

بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە: مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسێنی، پێشنوێژی هەینی مەهاباد؛ ئەحمەدی موفتی زادە لە سنە؛ مەلا ساڵحی ڕەحیمی لە نەغەدە؛ قازی محەممەدی خزری، پێشنوێژی هەینیی شاری شنۆ؛ شێخ جەلالی حوسێنی لە بانە؛ عەبدوڕەحمانی تاهیری لە سەردەشت؛ مەلامحەممەدی ڕەبیعی لە کرماشان؛مەلا عەبدوڵڵای محەممەدی، پێشنوێژی هەینیی شاری سەقز؛ سەید عەبدولعەزیز لە قەسری شیرین؛ مەلا حوسێنی عەلایی، پێشنوێژی مزگەوتی حاجی ئەرجومەند؛ مەلا ئەبووبەکری شەفیعی، ئیمام جومعەی شاری بۆکان؛ زەڕینی لە قوڕوە؛ جەلال شافعی لە سەقز؛ سەید عوسمان خالیدی لە مەریوان؛ سەید عەلیی زاهید وارەسی لە ناوچەی شنۆ؛ مەلا خدری عەبباسی لەسەردەشت و حەکیمی خوسرەوی لە کرماشان.

نامەی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی

لە بەرەبەری ڕێفڕاندۆمی دیاریکردنی سیستێمی نوێ لە ٧ ی خاکەلێوە دا، مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی بەم شێوەیەی خوارێ، بەشدارینەکردنی خۆی لەو ڕاپرسییەدا ڕاگەیاند.

«بیسمیلاهیی رەحمانی رەحیم
خەڵکی ئازادیخواز و موسڵمانی ئێران!
گەلی موسڵمانی کورد!
کۆمەڵی سوننی مەزهەب!
بەسڵاو و حورمەت!

بۆ ئاگاداری بە ئێوە دەگوترێ: وێڕای پەسندی ئامانجەکانی شۆڕشی ڕاستەقینەی میللەتی شەریفی ئێران و بیروڕای ڕاشکاوانە بەنێوەڕۆک و ئوسوولی بنەڕەتی ئیسلام، چونکە هێشتا نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی ناڕوون و نامەعلوومە و بەتایبەتی لایەنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و مەسەلەی خودموختاریی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانی ئازاد و مافی بێ ئەملاوئەولای گەلانی دیکە دیاری نەکراوە، هەروەها تا کاتێکی بە ڕەسمی وەڵامی ڕاشکاوانە و تەواو، لەم بارەیەوە لە لایەن دەوڵەت و شووڕای شۆڕشی ئیسلامی ئێران ڕانەگەیەندرێ، وەک تاک بەشداری لە ڕێفراندۆم‌دا، ناکەم. خەڵکیش بە پێی بەرپرسایەتی نەتەوەیی و مەزهەبی خۆیان ئازاد و موختارن.

وەسەلاموعەلەیکم و ڕەحمەتوڵڵاهی وەبەڕەکاتوو
شێخ عێزەدینی حوسێنی
پێش نوێژی هەینی مەهاباد، ١٣٥٨ /١/٧

**ناڕەزایەتیی مکارم شیرازی**

ئایەتوڵڵا مەکارمی شیرازی کە لە دوایین مانگەکانی ڕێژیمی پەهلەوی دوویەم‌دا، بۆ شاری مەهاباد دوورخرابۆوە و بە قەولی خۆی ٤٠ ڕۆژ لەوێ بوو، نامەیەکی کراوەی بۆ مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسێنی دەنێرێ و دەنووسێ:

«کێشە لەسەر چییە؟ من لەو کۆماری ئیسلامی‌یە بێزارم کە بەقەت سەرەدەرزییەک، کەسێکی قەڵەم بەدست بەسەر کەسێکی مەهابادی بە گەورەتر بزانێ.

براله: لەکاتی دوورخراوەییم لە مەهاباددا، لە نیزیکەوە لەگەڵ زانایی و تێگەیشتوویی تۆ ئاشنا بووم، لەبیرم ناچێ لە ماوەی ٤٠ ڕۆژ مانەوەم لەوێ، هەمیشە پێم‌خۆش بوو چاوم بە جەنابت بکەوێ و تۆش هەروا. بەڵام لەبەر زەخت و گوشاری لە ڕادەبەدەری ساواک نەمانتوانی چاومان بە یەک بکەوێ. خودا شوکر ئەو گوشار و مەترسییانە جێ گۆڕکێیان لەگەڵ ئەو ئازادییە هەمە لایەنە کردوە و لەشەڕی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی خراپەکارانە کە هەم زوڵم و ستەمیان لە ئێوە و هەم ئێمە کرد، ئاسوودە و ڕاحەت نەبووین. بەڵام ناتوانم ئەوڕاستییە بشارمەوە کە بیروڕای مەنفیی تۆ سەبارەت بە ڕاپرسی کە نە تەنیا ئەو ئازادییە، بەڵکوو بناخەکانی ئیسلامی خۆشەویستی لە وڵاتانەکەمان‌دا قایم کرد، سەرم سووڕما و زۆری نیگەران کردم. هۆیەکانی دڵەڕاوکێیەکانت پێ دەڵێم، بەڵکوو ڕێگایەک بۆ لای برایەتی پتر بکاتەوە.

١– ئێمە دەزانین کە ساڵانێکی زۆر چ بەسەر برایانی کوردی ئێمە هات و زوڵم و ستەمی زۆریان لێ‌کرا. ئەوان خەڵکێکی خۆشەویست و ئازاد و میوانگرن و من بەچاوی خۆم ئەو خوو و خدانەم لێ دیتوون و لەوانەیە زوڵم و چەوسانەوە لەوان، لە تاک تاکی خەڵکی دیکە زیاتر بێ. بەڵام بۆ قەرەبووکردنەوە و هەوڵدان، باشتر نەبوو بە شوکرانەی ئەو ئازادی‌یە مەعجیزە ئاسایە، لەشەڕی ئەو زاڵمە بەهێزانە کە پشتیوانی زۆر بەهێزیشیان لە خاریجەوە هەبوو، دەستی برایەتیمان دابا بەیەک و لەژێر ئاڵای کۆماری ئیسلامی‌دا کۆ بووباینەوە، هەتا دوژمن نەتوانێ لە جیاوازیی نێوانمان قازانج بکا و ئێمە بەرەو براکوژی بەرێ؟ ئایا باشتر نەبوو کە لەو ئیقیانووسە گەورەدا کە زۆربەی میللەتن، تێکەڵ بین و مافی لەدەس چوومان لە یەکیەتی‌دا، ببینینەوە نە لە جیا بوونەوەدا. لەبەر ئەوەی قەرەبووکردنەوەی زوڵمەکان لە یەکبوون‌دا، ئاسانترە.

٢– یەقین بزانن بەهەمان شێوە کە ڕێبەری شۆڕش، چەند جار پێداگری کردوە لەسەر کۆماری ئیسلامی، ئێوە لە مەهاباد هەمان مافتان دەبێ کە من لە قوم دەمبێ. هەروەها ئێوە و برایانی ئێمە نیشتەجێ لە بەلووچستان و تورکمەن سەحرا هەموو لەو مافەدا یەکسانن و من بەئاشکرا ڕادەگەیەنم، بێزارم لەو کۆماری ئیسلامییەی بیهەوێ سەرەدەرزییەک من لە تۆ بە زیاتر بزانێ و برایانی شیعەی ئێمە بەرانبەر بە برایانی سوننی ئێمە لە مافی تاکەکەسی و گشتیی و ئازادییەکانی وڵات و لەو بابەتانە زێدەخوازییەک قایل بێ. بەوحاڵەش من ئوسولەن هیچ هۆیەک یا دەلیلێک نابینم کە ئێمە و ئێوە لەبەرانبەر یەک ڕابوەستین و من بە جمهووری ئیسلامی بڵێم بەڵێ، ئێوە بڵێن نا. یا ڕێفڕاندۆم تەحریم بکەن. لەحاڵێک دا، نزیکەی زۆربەی برایانی ئەهلی سوننەت ئەوەیان قبووڵ کردوە.

***

ئەو نامە یا نووسراوەیەی ئایەتوڵڵا مکارمی شیرازی– کە درێژەی هەیە– سەرەتای هەنگاوەکانی خۆسەپاندنی ڕێژیم نوێ بوو کە بە زمانێکی نەرم دەدوان و بە ئارامی دەچوونە پێش. بەڵام ویستی سەرەتایی و داوای پێکەوە ژیانی ئینسانی و بە فەرمیی ناسیینی مافی رەوای کورد و نەتەوە نافارسەکانی دیکە لە ئێران‌دا، بەداخەوە « بەجیایی»، پێناسە دەکرا! و بە جێگای بیر کردنەوە لە چارەسەرێکی عادڵانە، قسە لە «برا کوژی» دەکا!

کوردستان
● ژمارە: ٧٠٤
٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٦ _ ٢١ی ژوئەنی ٢٠١٧

# ناسر ڕەزازی: خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بووە و حیزبەکان دەبێ بۆی بەخەم بن

## بەشی یەکەم ( ٢-١ )

دیمانە: مووسا باباخانی

**پێشمەرگەیەکی هونەرمەند یان هونەرمەندێکی پێشمەرگە؟ ئەو کەسەی کە لە ڕۆژانی سەختدا کە شەر بەسەر کورددا دەسەپێ بە چڕینی سروودی شۆڕشگێری و نیشتمانی دەبنە پاڵنەر بۆ هاندەر بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی ڕۆژهەڵات سەنگەری خەبات و بەرگری لە مان و مەوجودیەتی گەلەکەیان هەڵبژێرن. ئەو هونەرمەندەی کە وەک خۆی دەڵێ یەکەم کەس بووە کە دەچنە دەرەوەی وڵات هەڵپەرکێ دێننە نێو گۆرانیی کوردی‌یەوە. لەو وتوویژەدا لەسەر ژیانی هونەری و ژیانی سیاسیی هونەرمەند ناسر ڕەزازی دەدوێین:**

**کاک ناسر ئێوە بۆیە ژیانی پێشمەرگایەتیتان هەڵبژارد کە لە ئێران دەرەتانی ئەوەتان نەبوو کە درێژە بە کاری هونەری بدەن یان هەر ئەوەی بۆخۆتان حەزتان لە پێشمەرگایەتی بوو و لە پێناو خەباتدا ئەو ڕێبازەتان هەڵبژارد؟**

وەک هەمووومان دەزانین کورد لە ئێراندا جیاواز لە پارچەکانی دیکە هیچ مافێکی نییە، چ مافی سیاسی، چ مافی هونەری تا دەگاتە ئابووری و بەشەکانی دیکە. لە سەردەمی پاشایەتیشدا ئێمە دۆخەکەمان هەر ئاوا بوو، پێش ئەوەش هەر وا بووە. بە درێژایی مێژوو ئەو دەسەڵاتانەی ئێران یان ئەو ڕێژیمانەی لە ئێران بە شوێن یەکدا هاتوون هیچ حیسابێکیان بۆ نەتەوەی کورد نەکردوە و کوردیان بە بەشەر نەزانیوە.

پاش ئەوەی کە شۆرشی گەلانی ئێران ڕووی دا، کوردستان لە بارودۆخێکی زۆر زۆر ناخۆشدا بوو، دەتوانم بڵێم نەتەوەی کورد یەکەم نەتەوە بوو کە لە ئێراندا زانی کە ئەم ڕێژیمە هیچێکی لێ هەڵناوەرێ. هەر لەسەرەتای هاتن یان هاتنەوەی خومەینی بۆ ئێران پاش ماوەیەکی کورت کاری هونەری هەمووی قەدەغە کران و هیچ بوارێک نەما بۆ ئەوەی کە تۆ لەوێ کاری هونەری بکەی. جیاواز لە کاری هونەری ئەوە گرینگە کە کورد هیچ مافێکی دیکەشی نەبوو. شۆرش لە کوردستان دەستی پێکرد و هەموو شارەکانی گرتەوە. ماوەیەک کە هەموو شارەکان لە دەستی پێشمەرگەدا بوون دەتوانین بڵێین دوو بەرگری زۆر باش کرا. ئیدی وای لێهات ڕێژیم ئەوەی کە لە دەستی هات کردی. لە کوشتن، لە گرتن و خستنە زیندان هەتا قەڵاچۆ و ئەوەی لە دەستی هات بەرامبەر بە کورد کردی و کوردیش دژ بەو دەسەڵاتە ڕاوەستان. ئەو کات حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە مەیدانی خەباتدا بوون. خەڵکیش چییان کردبا؟ دەبوا پێشمەرگایەتی بکەن. ئیدی وابوو سەنگەری بەرگریمان هەڵبژارد و لە دەرەوە گروپێکمان دانا بە نێو گروپی بانگەواز. بەڵام بەر لەوەش ئەمن هەر زەمانی شا دەستم بە کاری هونەری کردبوو. بەرهەمی شۆڕشگێڕیم هەبوو ئەو کاتەی کە پەیکەری شای دەرکراویان لە ئێران هێنا خوارێ من ئەو کاتە لە رادیۆ تەلەڤیزیۆنی سنە دوو سروودم تۆمار کرد. سروودی «نیشتمان» و سرودی «کوردین و دلێر». هەتا شەش مانگیش بە شاهیدی کاک ناسری سینا و کاک بەرزان شاسوار ئەو سرودە نیشتمانییە لە رادیۆ تاراندا ئارمی یەکێک لە بەرنامەکان بوو بەڵام دوایە کە زانیان چییە لایان برد، ئیدی بەمجۆرە لە ریزی پێشمەرگایەتیدا درێژەمان بە خەبات و کاری هونەری دا.


**کاک ناسر بەر لەوەی ئینقلاب بکرێ و بەرلەوەی سروودی شۆڕشگێڕی بڵێی شێوازی کارە هونەرییەکانتان چ بوو و ئیلهامتان لە کام گۆرانیبێژ وەردەگرت؟**

ئەمن بەر لەوەی کە شۆرشی گەلانی ئێران دەست پێبکا و بەر لەوەی کە بێمە نێو ریزی پێشمەرگایەتی، وەکوو گۆرانیبێژێک ناسرابووم و ناوبانگم گەیشتبووە باشوور و باکووری کوردستانیش. کاتی خۆی لەبەر ئەوەی کە پیشتر لە باشووری کوردستان شۆرشی ئەیلوول لە ئارا دابوو گۆرانیبێژی باشمان هەبوون کە شتی شۆڕشگێڕییان دەگوت؛ بۆ نموونە مامۆستا تاهیر تەوفیق، مامۆستا ساڵح دیلان، فوئاد ئەحمەد و جەلال عەزیز. ئەوانە لەسەر من کاریگەرییان دانا و جیاواز لەوەش هونەرمەندانی نەمر حەسەن زیرەک و محەممەدی ماملێ و عارف جزراویش کاریگەرییان لەسەر من بووە. بەڵام دەتوانم بڵێم کە ئەمن بۆخۆم لە تەمەنێکی کەمدا گەیشتمە ئەو ئاستەی کە خۆم ئاواز دابنێم و پاشان گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیش بڵێمەوە و لە فەوتان رزگاریان بکەم.

**کاک ناسر ئەو کاتەی سروودی شۆڕشگێریت دەگوت دەتزانی کە هەر ئەو سروودانە ژمارەیەکی زۆر لە لاوان دێنێتە نێو ریزەکانی پێشمەرگایەتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

بەڵێ ئاگادارم جارێکیان وەکوو بیرەوەری لە بیرمە لە «تییەت» دایکێک،[ ئەو کات دایکی پێشمەرگە زۆر دەهاتن بۆ دەرەوە بۆلای ڕۆڵەکانیان] یەکێک لە دایکەکان گوتبووی ئەرێ ئەوە ناسر رەزازی‌یە کامەیە دەڵی: « کوردستانەکەم مایەی حەیاتم، پێشمەرگایەتی ڕێگای نەجاتم»؟ ئەمنیش چوومە خزمەتی و سڵاوم لێکرد و گوتم ئەمنم. دوایە گوتی نا گاڵتە دەکەم، گوتم نا گاڵتە نیوەی ڕاستە.

**کاک ناسر مانەوەتان لە باشووری کوردستان چەندی خایاند؟ چونکی دەزانین ڕێژیم دواتر کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکانی گرتەوە و ئێوە هاتنە باشوور و دوایەش کە ناچاربوون ریی هەندەران بگرنە بەر.**



تا نزیکەی بەهاری ١٣٦٤ ئێمە لە نێوخۆی وڵات بووین و دوایە هاتینە باشووری کوردستان. کار و جووڵەی پێشمەرگەش لە شێوەی پارتیزانی لێهات. کاتێکیش کە ئیدی کە دەرفەت و بوار و ئیمکان بۆ کاری هونەری لە شاخ نەما، وردە وردە ڕوومان لە دەرەوەی وڵات کرد.

**کاک ناسر ئێوە تا ئەو کات بە ڕەسمی پێشمەرگەی کۆمەڵە بوون؟**

ئەمن لەسەرەتادا لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانی بووم. هەر لە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی لەگەڵیان ئاشنا بووم و ساڵی ١٣٥٧ کە شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر داهات پاش ماوەیەک لە لایەن کاک فاتیحی شیخولئیسلامی کە ئێستا ماوە و کاک عەتای حاجی ئەمین بەگ کە بەداخەوە گیانی بەخت کرد و نەماوە، دوو نامەم بۆ هات. ئەوان گوتیان کە ئێمە وەک کۆمەڵە ڕادیۆمان دامەزراندوە و پێمان خۆشە بێی و لەگەڵمان کار بکەی و لەو شۆرشەدا بەشدار بی. نامەکان ماون، ئیدی ئەمن بەمجۆرە چوومە نێو کۆمەڵەوە.

**کاک ناسر ئێوە بۆخۆتان باشتر دەزانن کەسێک کە نازناوی هونەرمەندێکی نەتەوەیی پێدەدرێ، ئەو کەسایەتییە دەبێ بە ملک و سامانی ئەو خەڵکە. ئێوە ئەو کات واتان بیر نەدەکردەوە کە لە جیاتی ئەندامی حیزبێکی موشەخەس بن باشتر وایە لەگەڵ هیچ حیزبێکدا نەبن؟ چونکی ئەو کارانەی ئێوە کردووتانە چ لە ڕووی هونەری و چ لە ڕووی سیاسی هەمووی خزمەت بەو پرسە بووە.**

بەڵی راستە هونەرمەند خۆی دەبێ ئازاد بێ و هیچ بەربەستێکی نەبێ، بەڵام ئەو کات بارودۆخەکە ئاوا بوو. تۆ ناچار بووی کە لایەک بۆخۆت هەڵبژێری. ئێمە وەکوو بیر و باوەر ئەو کاتە بە کۆمەڵە نیزیک بووین. هەر چەند ئەمن بە هیچ شێوەیەک نەبووم بە بەرئەندامیش؛ لە بەر ئەوە ئەمن ئینسانێکی نەتەوەیی بووم و هەموو کاتێک بۆ زیندووکردنەوەی فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی کوردی تێکۆشاوم. دیارە هەر ئەو کات ئەمن هاتوچۆی حیزبی دێموکراتیشم دەکرد و لەگەڵ هاورێیانی حیزبی دێموکرات دۆست بووم، تەنانەت کۆچکردوو کاک کەریمی حیسامی لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی پێ کردوە کە من وەک کۆمەڵەیەک هاتوچۆی ئەوێم دەکرد. دیارە من هەمیشە نەتەوەیی بیرم کردۆتەوە گوتومە کە کێشەی کورد نە کومونیسمە و نە ئیسلام. کێشەی کورد نەتەوەییە و تا ئێستا هەر بەو جۆرە ماومەتەوە.

**کاک ناسر حاشا لەوە ناکرێ کە هیچکام لە هونەرمەندانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قەت ئێوە بەشیان بە سرودی شۆڕشگێری و نیشتمانی‌یەوە نییە، بەڵام سروودێکی ئێوە لە کوردستان دەنگدانەوەی تایبەتیی هەبوو، ئەویش «دەلالۆ» بوو. ئێوە ئەو سروودەتان بۆ کێ گوت؟**

بەڵێ ئەوە راستە کە دوای شۆرشی گەلانی ئیران ئەمن یەکەم کەس بووم کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سروودم گوتوە و تاکوو ئێستاش هەر بەردەوام بووم. خۆتان باش دەزانن بۆ کۆبانی، بۆ شەنگال، بۆ ریفراندۆم و بۆ پرسی ژن ئەمن تا ئیستا نەوێستاوم. هەرچەند وەکوو جاران هەڵسووڕ نیم کە دیارە ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە. بەڵام سروودی دەلالۆ، کاتی خۆی کە دوکتوور جەعفەری شەفیعی گیانی بەخت کرد و کاک شێرکۆ بێکەس ئەو هۆنراوەیەی بۆ گوت و دواتر کاک سەلاح موهتدی‌ش پەخشانێکی بەسەردا هەڵکوت؛ ئەمن هۆنراوەکەی شێرکۆم کە ناوی دەلالۆ بوو تۆمارکرد، بەڵام بڵاوبوونەوەکەی هاوکات بوو لەگەڵ شەهید بوونی دوکتور قاسملوو. دیارە بۆ من ئەو ئازیزانە هیچ جیاوازیەکیان نییە و هەموویان لە ڕێی کوردستاندا گیانیان بەخت کردوە و هەموویان جێگای ڕێزن بۆ من.

**یەکێک لەو هۆکارانەی ئەو گۆرانییە ناوبانگی دەرکرد جگە لەوەی حیماسی بوو، وەک گوتم لە نێو خەڵکدا وا بڵاوبۆوە کە بۆ دوکتور قاسملوو گوتراوە. ئەی چۆنە کە دوکتور قاسملوو شەهید بوو، شتێکی لەو چەشنەمان لە ئێوە نەدی؟**

دیارە ئەمن پیشتریش باسم کرد. ئێمە هەرکاممان بۆخۆمان ڕێگای خۆمان هەڵبژاردبوو، ئەوکات هەم کۆمەڵە بۆخۆی گروپێکی هەبوو هەم حیزبی دێموکرات کۆڕی هونەریی خۆی هەبوو و هات و چۆی یەکترمان دەکرد. تەنانەت ئەو کاتیش کە ئێمە هەرسێ لایەکەمان، واتە یەکیەتیی نیشتمانی و کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات ئەوانیش گروپیکیان هەبوو کارمان دەکرد. پێم گوتی ئەوەی لە ڕێگای کوردستاندا گیانی بەخت کردبێ، ئەوەی کە بۆ کوردستان خەباتی کردبێ بۆ من جێگای ڕێزە؛ ئەوەی دیکە تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ بیر و باوەری ئێمە کە ئەو کات لە نێو کۆمەڵەدا بووین و ئەگەر لە حیزبی دێموکرات دا بایەم بەڵی ئەو کارەم دەکرد. خۆ ئەگەر لە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەشدا نەبایەم و لە لایەکی دیکە بام دیسان هەر بەو بیر و باوەڕە دەچووینە پێش.

**کاک ناسر ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە کە وەک هونەرمەندێکی نەتەوەیی هەڵوێستت بووە لەسەر ڕووداوە سیاسییەکان، وەک ریفراندۆم و شنگال و کوبانی. خەڵکی ڕۆژهەڵات زیاتر کاتێک هەڵویست دەگرن کە بابەتەکە هی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بی، ئەمن دەپرسم بۆ وایە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو قۆناغەدا لاواز بووە یان هۆکارێکی دیکەی هەیە؟**

هۆکارەکە بە داخەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بووە.

کاکە گیان ئەمن و تۆ و هەمووومان ئینسانین و ئینسانیش ئاسن نییە و هەڵوێستی هەیە. تۆ وەختێک دەبینی کە حیزبەکانت ئاوا پارچە پارچەن ئەم بۆ بە ٤ بەش و ئەو بووە بە ٢ بەش و ئەوانی دیش هەر بەو دەردە، تۆش ئینسانی خەفەتی لێ دەخۆی و پێت ناخۆشە کە لە کاتێکی ئاوادا شۆرشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە داخەوە ئێستا ئێمە مەقەڕەکانمان لێرەیە نەبێت بە کارتێک کە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی دایبنێی. ئێمە هەمیشە ئاوات و ئارەزوومان ئەوە بووە کە حیزبەکانمان یەک بن و یەکبگرن. ئا چەند خۆش بوو لەو ماوەیەدا کە هەموو پێکەوە دانیشتن هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریان بایکۆت کرد.

بەشێکی بەراستی دەگەڕێتەوە بۆ نائومێدی ئینسان وەختێکی نائومێد بێ چێ بکا کاری پێ ناکرێ و تووشی کێشە دەبێ تووشی دەستەوەستان دەبێ؛ هەمووی مەبەستم خەڵک و پێشمەرگەیە.

**چار چییە؟ بە بڕوای تۆ چارەسەر و ڕێکار کامانەن؟**

ئەمن پێموایە کە ڕێز و حورمەت بۆ یەکتر دانانێن، دەنا من پیموانییە ئەو حیزبانەی کە ئێستا لێرە دانیشتبێتن هیچ نەکەن. نا خەبات دەکەن بەڵام ئەمن ئەوە بە باشتر دەزانم کە ڕێز و حورمەت بۆ یەکتر دابنێن، لانیکەم هیچ نەبێ یەک بگرن و بەرەیەک دروست بکەن. ئەگەر ناشبنەوە بە یەک بەرەیەک دروست بکەن کە وەڵامی خواست و ویستی ئەو خەڵکە بدەنەوە.

**ئێوە بۆخۆتان ئاماژەتان بە هەڵوێستی هاوبەشی ئەو شەش حیزبەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە پێکەوە هەڵبژاردنەکانی ئێرانیان بایکۆت کرد، ئێوە لەو بارەوە چ کاردانەوە و هەڵوێستێکتان هەبوو؟**

ئەمنیش لەو روونکردنەوەی کە دامنابوو باسم کرد، تەنانەت لەو پەیامەش کە بۆ کوردەکانی ورمێ ناردبووم لەوش هەر باسم کردوە و دەتوانی گوێی لێی بگری.

**باشە ئەوە ئی هەڵبژاردنەکانی پێشتر نییە؟**

نەخێر ئەوە هی ٦-٧ مانگ لەوەپێشە. ئی ڕەزبەری ساڵی ڕابردوو لە ساڵۆنی سۆناهالن لە ستۆکهۆڵم ئەمن داوام کرد کە حیزبەکان یەکبگرن چونکی پانتورکیزم لە ورمێ خەریکن کوردەکان وەلادەنێن، خەریکن کێشە بۆ کورد دروست دەکەن؛ ئەویش لە کاتێکدا زۆرترین دانیشتووانی ورمێ و دەورووبەری ورمێ کوردن کەچی کۆماری ئیسلامی بە پشتیوانی پانتورکیزمەکان کارێک دەکا کە کورد زەربی سفر بکا. ئێمە داوامان لە خەڵک کرد کە یەک بن و پشتیوانی یەکتر بن و خەباتێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بکەن، هەرچەند ئەورۆ لە ئێراندا هیچ کەس ناتوانێ خزمەتی کورد بکا ئەگە ئاڵقە لە گوێی کۆماری ئیسلامی نەبێ.

**کاک ناسر ئێوە وەکوو هونەرمەند ناسر رەزازی سەبکی تایبەت بە خۆتان هەیە؟**

بەڵێ ئەمن دەمێکە بوومەتە خاوەنی سەبکی خۆم، هەر لە تەمەنێکی زۆر زۆر کەمەوە. لەو کاتەوە کە من ئاوازم داناوە تا ئێستا. بەڵام ئەوە من نابێ باسی بکەم، دەبێ خەڵک باسی بکا چونکی خۆش نییە ئەمن بەخۆمدا هەڵبڵێم. ئەوە خەڵک دەبێ باسی بکا ئەوانەی کە شارەزای کاری هونەرین و ئەوانەی کە شارەزای بواری موسیقان.

**ئەو کەسانەی خاوەن سەبکی خۆیانن دەبێ ڕەنگدانەوەی کارەکانیان لە نێو دنیای هونەری کۆمەڵگاکەیاندا ببیننەوە. لە نێو هونەرمەندانی دیکەی ڕۆژهەڵاتدا کەسێک هەیە شوێن سەبک و شیوازی ئێوە کەتبێ؟**

بەڵێ زۆر کەس هەن. زۆر گۆرانیبێژ هەن کە پەیرەوی لە گۆرانیبێژ ناسری رەزازی دەکەن. لە کرماشان هەیە، لە ئیلام و سنە هەیە هەتا دەگاتە مهاباد و شارەکانی دیکە. خۆت ئەوە باش دەزانی ئەوە کاتی خۆی حسێن سەفامەنش، ئەوە سیروسی ئیمامی و زۆر کەس هەن کە بمەوێ باسیان بکەم.

**کاک ناسر باسی کرماشانت کرد، یەکێک لە کۆڵەکەکانی هونەر هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنانەت لە ئاستی ئێرانیش دا کرماشانە. ئێستا زۆر گۆرانیبێژی سەرکەوتووی ئەو کرماشان و ئیلام پەیرەوی لە سەبکی ئێوە دەکەن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە بۆخۆیان ئەو هەموو گۆرانیبێژە گەورەیەیان هەیە. ئێوە پێتان وایە هۆکارەکەی چییە؟ ئایا ئەوە بۆ ئەو گوتارە کوردییە دەگەڕێتەوە کە لەوێ زاڵە؟**

بەڵێ دەلیل زۆرە. جیاواز لەوەی کە ڕێگە نادرێ کاری هونەری لەوێ بە ڕێکوپێکی بکرێ و دەبێ لە ٧ خوانی ڕۆستەم تێپەرێ، بەڵام هەن کەسانێک کە ئەو کارە دەکەن وزۆر کەس هەن کە کەوتوونەتە شوێن بۆ نموونە شەقڵی ناسری رەزازی.

دیارە ئەوە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەباتە نەتەوەیی‌یەی ئەمن کردوومە.

دیارە ئەمن ناڵیم شتێکم کردوە و ئەوەی کردبێتم وەکوو ئەرکێکی نەتەوایەتیی دەبینم، چوونکە هەر کوردێک لە جێگای خۆیەوە ئەوەی کە لە دەستی دێ دەبێ بیکا و ئەرک تەنیا پێشمەرگایەتی نییە. باشتێکت پێ بڵێم ئێمە نابێ ئەو خەڵکەی کە لە ناوەوەن بە هیچیان بزانین، نا ئەوان هەن لە نێو دەمی گورگدا بەڵام ئێمە هەین لە دەرەوە وئەوە زۆر زۆر گرینگە.

**کاک ناسر زۆر بابەت کە پێوەندی بە پرسی کوردەوە هەیە ئێوە کارتان لەسەر کردوە. گۆرانی گوتن، بواری زمانەوانی و کاری فەررهەنگی و تێیدا سەرکەوتوو بوون. ئێوە لە زۆر لە وتوویژەکانتادا باسی یارسانەکان دەکەن، کارم بە لایەنی ئیعتیقادی و دینییەکەی نییە و وەک لایەنی فەرهەنگی و موسیقایی بۆم گرینگە بزانم ئێوە چۆنە ئەوەتان لا گرینگ بووە؟**

با یەک شتت پی بڵێم، بە داخەوە یان بە خۆشی‌یەوە هەرچی بێ کورد نەتەوەیەکی فرەمەزهەب و فرە زاراوەیە یان فرەزمانە. جیاواز لەوەی کە کورد بەشێکی موسوڵمانە و شیعە و سوننی لێ بۆتەوە، بەڵام ئێمە سێ ئایینمان هەیە یان باشترە بڵێم ئایینێکمان هەیە کە چەند لقی لێ بۆتەوەو و ئەم ئایینە خۆجێیە. ئەم ئایینە ئایینی کۆنی کوردە چوونکە ئێمە بە زۆر کراوین بە مسوڵمان. ئەم ئایینە دەمێکە لە کوردستاندا هەیە ئەم ئایینە بە زمانی کوردی هاتووە هەتاوەکوو ئەورۆ. بە زمانی کوردی نیاوە و نیایشەکانیان هێناوە هەتا ئێستاش. بەشێک لە نەتەوەی کورد لە کوردستان یارسانە کە لە ئێراندا پێیان دەڵێن ئەهلی حەق و لێرە پێیان دەڵێن کاکەیی؛ هەرووەها بەشێکی دیکەمان هەیە کە ئێزەدین لە سورییە و لە باشوور و لە باکوور دەژین، پاشان عەلەویمان هەیە کە ئەوانە شیعە نین و وەکوو یارسان تیرەیەکن لە یارسان. ئێستا بە هەرحاڵ ئەگەر تیرەیەکیش نەبن بۆخۆیان ئایینێکن کە ئەگەر بێتوو بەراوەردیان بکەی و لەبەر یەکیان دابنێی هیچ جیاوازییەکیان نییە. یانی یارسان و عەلەوی و کاکەیی و ئێزەدی ئەگە لە پاڵ یەکدا دابنێی دەبینی تەمبوور لە نێو ئەواندا پیرۆزە، مەلەکە تاووس وەک یەکێک لە فریشتەکان لە نێویاندا پیرۆزە. باشە ئەوانە تا ئێستا بە کوردی هاتوون و وەک چۆن یەکێک لە کۆڵەکەکانی مووسیقای ئێران کوردی‌یە یەکێکش لە کۆڵەکەکانی موسیقای کوردستان موسیقیی یارسانەکانە. ئەوان ٧٥ مەقامیان هەیە کە ڕەدەی دیکەشی لێ دەبێتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە ئەوانە نابی بە کافر دابندرێن، ئەوانە ئایینی خۆجێیی خۆمانن. ئەوانە کوردن و خەڵکی کوردستانن و کۆنترین تیرەشن کە شارنشینییان دەست پێکردوە.

کوردستان
ژمارە:٧٠٤
٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٦ _ ٢١ی ژوئەنی ٢٠١٧

## ناسیۆنالێزم لە گوتاری بزاڤی ڕزگاریخوازییەوە هەتا کۆمەڵگە



تەهای ڕەحیمی

ناسنامەی کوردبوون دەگەڵ ئەوەی بە درێژایی مێژوو خۆی پاراستووە و، لە ژێر هێژمۆنیی توخمە نەتەوەیی‌یە دەسکردەکانی داگیرکەرانی کوردستان‌دا نەچەماوەتەوە، بەڵام دەگەڵ ئەو بەربەرەکانییە چڕ و دشوارەش‌دا بۆ مانەوە، لە بنەوان و سەرەوانیش‌دا تووشی کلۆڵی هاتوە. دیارە لەم خەسارەی کە پێی گەیشتووە، تەنیا تاک و کۆمەڵگەی کوردی بەرپرسیار نییە، بەڵکوو بزاڤی کوردی لە هەر چوارپارچەکە کە وەک پێشەنگ و ڕێنوێن ئاراستە و ئاقاری سیاسی خۆیان نواندوە بەرپرسیارییەتێکی زۆریان لە سەر شانە.

سەرهەڵدانەکانی کورد لە پارچەکانی کوردستان بەهۆی گەشەنەسەندوویی و ئایینی‌بوونی کۆمەڵگە کە زیاتریش لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم لەسەر دەستی پیاوە ئایینییەکان هەڵگیرساوە زۆر جاران توخمی عەشیرەیی و ئایینی باڵی بەسەردا کێشاون و، ڕوحی یەکگرتووی نەتەوەیی لێ کز کردوون، هەر ئەوەش وای کردوە تا بزاڤ و سەرهەڵدانەکانی کورد بەو شێوەیەی دەبووا ببن، گشتگیر نەبن.

لە سەدەی بیستەم‌دا کە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و یەک لەوانیش کۆمەڵگەی کوردی ئاشنا بە دیاردەی حیزبایەتی و ڕێکخستن دەبن و دواشەپۆلەکانی دەوڵەت _ نەتەوە ڕوو لە ڕۆژهەڵات دەکەن، لە پارچەکانی کوردستان پێکهاتەی نوێ لە چەشنی حیزب سەرهەڵدەدەن و قۆناخی عەشیرەیی و ئایینی لەسەر بزاڤ تا ڕادەیەکی زۆر دەڕەوێتەوە. بەڵام دەگەڵ ئەوەش‌دا خەون و داخوازییەکانی کورد وەک نەتەوە چ لە درووشم و چ لە زەینی تاکی کورددا تووشی دابەزین دەبێ. هەر بۆیە بەدوای ئەم قۆناخە لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەی کورددا، پێناسی کوردبوون تاڕادەی ئێرانی و عێراقی و تورکی و سووری دادەبەزێ و، هەتا ئێستاش زەینی تاکی کورد زیاتر ڕووخسار و بیرکردنەوەیەکی داگیرکارانە داگیری کردوە هەتا، بیرێکی ئازادیخوازانە و شۆڕشگێڕانە. دیارە ئەوە بە واتای خۆبەدەستەوەدان و داتەکینەوە لە شوناسی سەرەکی نیە، بەڵام شوناسی سەرەکی لەو قۆناخەدا دەکەوێتە ژێر شوناسی داگیرکارانەوە و، تەنانەت چەشنێک ڕەشبینی و بە کەمزانینی کوردی پارچەکانی دیکە لە زینی تاکی کورددا چەکەرەی پێ‌دەکرێ؛ئەمە لە کاتێک‌دایە کە پێش ئەو قۆناخە پێناسی کوردی پارچەیەک بۆ پارچە داگیرکراووەکەی تەنیشتی، کوردستانی ئەودیو، یان گەرمێن بووە هەتا پێناسێکی داگیرکەرانە.

ئەم ڕەوتەی بە ئێرانی و تورک و ... بوونەی کورد پاش ئەوەی بیری یەک دەوڵەت یەک نەتەوەیی لای ڕەزا میرپەنجی قەزاق لە ئێران و مستەفا کەماڵ لە تورکیە و سەردەمی گرفەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ناوچەکەدا زیاتر ڕیشە دادەکووتێ و دۆشداماوی و شکستە پەیتا پەیتاکانی بزووتنەوەی کورد لە بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان‌دا، هێندەی دیکە روحی کوردبوون کزتر دەکەن و پێناسی داگیرکەران لای تاکی کورد بەهێزتر دەکەن، هەتا کۆتایی سەدەی بیستەمیش ڕەوتەکە بەستێنێکی ڕوو لە پاشەکشەی ئەو ناسیونالیزمەیە لە کوردستان. بە پاڵ ئەمەشەوە لەو ماوەیەدا بەردەوام داگیرکەران بە بەرنامە و سیستماتیک هەوڵ دەدەن ئوستوورە و روحە نەتەوەییەکانی کورد لە زەین و بیر تاکەکانی کۆمەڵگەدا لاواز و تەنانەت سووک و بێ‌بایەخ بکەن و، ئوستوورە و شانازییەکانی خۆیانیان بۆ زل دەکەنەوە.

بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی سەدەی بیست و یەک و بەتایبەتیش، ڕووداو و پاشهاتەکانی پاش بەهاری عەرەبی، بە چەشنێکی بەرچاو، غرووری پێشێلکراو و سەرکزی کوردبوون دەگەشێننەوە و تەنانەت تا ئاستی نۆستالۆژییەکانی مێژووی کۆن و سەربردە ئەفسانەئاساکان بەرزی دەکەنەوە. لێرەدایە کوردبوون لە ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان گڕ و تینێکی تایبەت بە هێز و بیری تاکی کورد دەبەخشێتەوە، هەتا شووناسی سەرەکی خۆی لەژێر هێژمۆنی ساختە و دەسکردی داگیرکەران‌دا ڕاست بکاتەوە. گیانبازی و قارەمانێتی گەنج و لاوی کورد بە ژن و پیاوەوە ئەفسانە بۆ جیهان دەخوڵقێنن، شەڕی دژی وەحشیترین تاقم و بیری تاریکی سەردەم، کورد و تاکی کورد لە جیهاندا وەقەدر و قیمەت دەخا و لە تاکێکی بێ نیشتمان و دەوڵەتەوە دەیکا بە پاڵەوانێک کە لەبری جیهان شەڕی دژی تیرۆر دەکا. ئەو گەشانەوەی پێناسە پێخوستکراوە تەنیا بە کوردستان و کۆمەڵگەی کوردی ناوەستێ، بەڵکوو لە ئاستی جیهانیدا کوردبوون دەکا بە شانازی. لە کاتێکدا پێشتر زۆر کەس چ لە چوارچێوەی دەولەت داگیرکەرانی کوردستان و، چ لە هەندەران کوردبوونی خۆی دەشاردەوە لەجیاتی ئەوەی بە شانازییەوە ناوی بێنێ.

ئەوەندەی ئەو کاریگەرییە بگەڕێتەوە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبینین تەنانەت ئەو ناوچانەی کە تەقەی فیشکی شۆڕشەکانی کوردی پێی نەگەیشتووە و لە شۆڕش دابڕاوە، لە گۆڕەپانی شۆڕش‌دا قەڵەمبازی کردوە و، پۆل پۆل لاوانی باشووری ڕۆژهەڵاتن چ لە ریزی هێزە کوردی‌یەکانی ڕۆژهەڵات‌دا و چ لە باشوور و چ لەوپەڕی ڕۆژاوا بۆ پاراستنی ئەو شوناسەی هەنووکە دوای مەودایەکی زۆر بە شانازییەوە خۆی پێ دەناسێنن، دەردەکەون. دەگەڵ ئەوەش‌دا بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات کە زیاتر تێکەڵاوی شۆڕشن، بەهۆی کاریگەریی کەشی ئازادی باشوور لە شوناسی کوردبوون‌دا تۆختر دەبنەوە، هەتا ڕادەیەک شتێک بەناوی ئێرانی بوون دەبێ بە کەموکوڕییەک. بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و هۆشیاری نەتەوەیی کۆمەڵگە و هەروەها پەردەلاچوون لەسەر مێژووی لێڵی کورد و ناوچەکە، پێکەوەلکاندنەوەی ئاڵقە ونبووەکانی مێژووی کورد و هەروەها فیربوونی زمانی بێگانان و بەتایبەت ئورووپییەکان لە لایەن کوردەوە کە سەرچاوەی زۆربەی زانستەکانن بە مێژوو و جوگرافیاوە بگرە، گرێگۆڵ و چەواشەکاریی و بەلاڕێ‌دا بردنەکانی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان و ئوستوورە و مێژووە بریقەدارەکانیان دەردەخا و، کورد بەرەبەرە بەرەو ئوستوورە و روحیاتی خۆی دەگێڕێتەوە.

ئەم خۆناسینەوانە و بەگشتی ڕووداوەکانی ناوچەکە هەموو کاریگەرن کە کۆمەڵگەی کوردی جیاوازییەکانی خۆی و هێز و پوتانسییەلی خۆی بناسێ و لەسەر ئەو توخم و بنەمایانە پێناسێکی جیاواز بۆخۆی بدۆزێتەوە. ئەم بەئاگاهاتنەوەیە کە نەک هەر دەسەڵاتدارانی تاران، بەڵکوو کۆمەڵگەکانیشیان دەخاتە پەلەقاژە و خەم لە ڕەوینەوەی هێژمۆنی تیف تیفەدراو و دروستکراوی نەتەوەیی خۆیان بخۆن و قوڕ بۆ نۆستالۆژییە خەیاڵاوی‌یەکانیان بخۆن. هەر بۆیەشە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە دەیان و سەدان شینگێڕ پەیدا دەبێ کە گوایە کورد لە فلان شوێن نە خۆی بە عێراقی دەزانێ نە ئێرانی، کوردبوون وەک مۆتەکە لێرەوەیە بیر و زەینی تاکی ئەو کۆمەڵگە خۆبەزلزانە خەیاڵاوی‌یانە دەخەسێنێ کە هەموو شتێکیان تەنیا لە ڕۆچنەی پێناسەی خۆیانەوە دەوێ.

بەڵام ئایا لێرەدا بزاڤی ڕۆژهەڵات توانیوێ خوێندنەوەی بۆ ئەم دۆخە و ئەو گۆڕانە بنەڕەتی‌یە هەبێ، یان ئەوەی بە چاولێکەریی ڕێبەرانی پێشوو و بۆ ئەوەی دڵی ناوەندنشینان لە خۆ زویر نەکەن، لە هەموو ئێرانی‌یەک ئێرانیتر دەبن. ئەوەی تا ئێستا ڕوون و ئاشکرایە هیچ پێکهاتەیەکی شوێندانەر و کاریگەری ڕۆژهەڵاتی نەک خویندنەوەی بۆ ئەو گۆڕانە هزرییەی کۆمەڵگەی کوردستان نەکردوە و لە وتار و وێژمانی هیچ لایەنێکیش‌دا دەرنەکەوتووە، بەڵکوو هیندێک هێز بە خۆسەرقاڵ کردن بە هەندێک درووشم کە تەنیا بۆ سەر کاغەز دەگونجێن لە بیری پێکەوەلکاندنی هەمیشەیی پارچەکانی کوردستانن بە داگیرکەرانەوە. هێزە رەسەنەکانیش لە سەرەتای دامەزرانیانەوە بۆ ئەوەی مۆرکی جیاییخوازیی لە خۆیان دامالن، خۆ بە ئێرانی بوون پیناسە دەکەن و، درووشم و ئامانجە ستراتیژییەکانیان بێ‌بەرییە لە دروشمێکی ڕووتی ناسیۆناڵیستی کە حەوجێیەتی ئێستای هزری لاوانە. تەنانەت ئەو بزاڤە ڕزگاریخوازە نەیتوانیوە لە تویێ چالاکی مێدیایی و ڕاگەیاندنیش‌دا یارمەتیدەر بە بەرزکردنەوەی هەرچی زیاتر ئەو هەستە، کە دەتوانێ داهاتووی لەسەر بنیات بنرێ. لەڕاستیدا ئەو کەمکارییە ئەوە دەردەخا کە بزاڤ هێشتاش لە بواری فیزیکییەوە دەڕوانێتە کۆمەڵگە هەتا هێزێکی فیکری، یان بە واتایەکی دیکە دینامیزمی بەدیهاتنی ستراتیژی کوردبوون لە چەکدا دەبینێ هەتا لە بواری هزری.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان و پرسی قانوون




«حیزبی دێموکراتی کوردستان و پرسی قانوون» نوێترین بەرهەمی عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە.

وەک لە لەو پێشەکی‌یەکدا کە بەڕێز ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە بۆ ئەو کتێبەی نووسیوە، ئەم کتێبە هەوڵێکی بەبایخە بۆ ئاشناکردنی خوێنەری خۆی دەگەڵ گیانی قانوون‌دۆستی و باوەڕ بە دەسەڵاتی قانوون لەنێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا. نووسەر لەم نامیلکەیەدا بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی سەردەمی کۆماری کوردستان زۆر بڕیاری ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕات و سەرۆکایەتیی کۆمار و بەگشتی دامودەزگا سەڵاحیەتدارەکانی ئەو سەردەمەی دەسەڵاتداریی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستانمان وەبیر دێنێتەوە، کە هەموویان لەو بڕگە زەمانی‌یەدا حوکمی قانوونیان هەبووە.

نووسەر هەر بۆ نیشاندانی ئەو ڕاستی‌یە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە قۆناغەکانی دوای کۆماریش‌دا هەر قانوون‌پەروەر و قانوون‌پارێز بووە، چاوێکی بەسەر بڕیارو پەسندکراوەکانی حیزب لە دەورانی دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیش‌دا گێڕاوە و بەشێک لەوانیشی کە هەرچەند لە دەزگایەکی قانوون‌دانەرەوە دەرنەچوون، بەڵام ناوی قانوونیان لێ‌نراوە و حوکمی قانوونیان هەبووە هێناوەتەوە. لەوانە قانوونی سزادانی گشتی و گەڵاڵەی شووراکان.

«کچە ئەرمەنی»، «مەهاباد و کورتە مێژوویەک مەهاباد»، «سەمەد هەر زیندوویە»، «زارا خۆشەویستی شوان، «کۆمەڵناسی شەڕ»، «دایک و تەیموری لەنگ»، «ئەندێشەکانی ئیمپراتۆرێک»، «کۆمەڵناسی سزادان» و «هونەری شەڕ» چەند بەرهەمێکی دیکە لە نووسین و وەرگێڕانی عومەر باڵەکی‌ن کە لە سەنگەری خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا پێشکێش بە کتێبخانەی کوردی کردوە.

---

مێژووی زیندوو

## پاش مەرگی تێکۆشەر عەبدوڵڵا شێنانی



هەیاس کاردۆ

نازانم کێ تاوانبارە: خۆم، زەمان، مەودا، ڕاسپاردە، دەوروبەر، دوکتۆر و دەرمان، ئەجەل یان خودا؟ من نازانم. ڕەنگە خۆم لەهەموان تاوانبارتر بم کە سستی و تەمبەڵی بڕستیان لێ بڕیم و لە کارێک کە دەبوو لە مێژ بایە کرابا وەپاشیان دام. قەت ناتوانم داخی ئەوە نەخۆم کە بۆ ئەو کارەم نەکرد و لە قیسم دا؟ بۆ پەلەم نەکرد و زوو وەخۆ نەکەوتم؟ بۆ هەرەوەزم ساز نەکرد و ئەرکم پێ نەسپاردن؟ بۆ پەنام بۆ کەسانی دەوروبەر نەبرد و داوای هاوکاریم لێ نەکردن؟ ئەو کەسەی دەبوو ناوی بەرزی لەڕیزی ناودارانی مێژووی زیندوو بایە، بەداخەوە زووتر جێی هێشتین و مێژووی زیندووی بە سەغیری هێشتەوە.

تێکۆشەری ماندوویی نەناس، پێشمەرگەی خۆشەویست و کار لێهاتوو، فەرماندەی بەوەج و قابیل، کادری وشیار وجێ بڕوا، کەسایەتیی ناسراوی کورد و ئەندامی چالاکی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، کاک عەبدوڵا شێنانی لە یەکەم کەسانی جێ مەبەستی من بۆ بەشداری لە مێژووی زیندوودا بوو. زۆر ئۆگری ئەوە بووم بتوانم پەی بە ڕازی توانایی و کارناسی و مودیرییەتی ئەو ئینسانە بەرم. یەکجار دڵم پێوە بوو قەڵەمم بە وەسفی ئەو زاتەدا بێتە خوار و خاڵ بە خاڵی شاکارەکانی تۆمار بکا. دنیایەک ئاواتم بوو زمانی گێڕانەوەی سەربوردە و ژیانی ئەو کەسایەتییەم هەبێ. خۆزگەم دەخواست لەزمان خۆیەوە گوێبیستی قارەمانەتی و فیداکارییەکانی بام و ئینجا بۆ ئێوەشم گێڕابانەوە. هیوام وابوو دەگەڵ شێنانی شاخ و داخی کوردستانم کردبا، سەرم لەشار و گوندان دابا، لەسەنگەردا مابامەوە و دەستم



لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ ڕاگرتبا، پێشمەرگەم ڕێنوێنی کردبا و تەرح و بەرنامەم بۆ داڕشتبان، هاوسەنگەری بریندارم دەباوەش گرتبا و بۆ مەرگی قارەمانان فرمێسکم ڕشتبا، هەڵم کوتابایەتە سەرسوپای دوژمن و ڕاوم نابان. بەکورتی مەبەستم ئەوە بوو بەشێک لەمێژووی خەباتی سەختی پێشمەرگەم لەزمان ئەو خەباتکارەوە تۆمار کردبا و وەک دیارییەکی گرانمایە پێشکەشی ئۆگرانیم کردبا.

شێنانی بە جەستە بەجێی هێشتین و ڕووحی سووکی بۆ ئاسمان فڕی. ئێستا لەشێک کە دەورانێک بەزمی دەگێڕا و نەزمی پێک دێنا، سارد و بێ جووڵە ڕاکشاوە. دڵێک کە زەمانێک بۆ خەبات و تێکۆشان لێی دەدا، ئێستا کڕو مات لێی خەوتوە. ئینسانێک کە سەردەمانێک شێری مەیدان و سەرقافڵەی کاروان و سوارچاکی هەڵسووڕان بوو، بێ هەست و خوست لەنێو تەنگەبەرایی گۆڕێک بۆی ڕاکشاوە. شێنانی بە هەموو فیداکاری و خۆماندوو کردن و هەڵسووڕانی چەندین ساڵەیەوە ڕۆیشت و ماڵ ئاوایی لە ئۆگرانی کرد. ئەو هات، دەستی دایە چەک، پێی نایە مەیدان، دەوری گێڕا و قۆناغ بەقۆناغ چوە پێشێ. ئەو کاری کرد، تێکۆشا، زەحمەتی کێشا و ئارەقەی ڕشت. هەستا، ڕابوو، لەدوژمن چۆ پێشێ و سەنگەری لێ گرت و هەتا یەک هەنگاویی مەرگ ڕۆیشت. ئەو هیچ نەما بۆ ئازادیی گەلەکەی نەیکا و هەرچی لەدەستی هات و بۆی کرا خالیسانە و بێ چاوەڕوانی نایە خزمەت ئامانجەکانی. ئەو خەڵکی ویست و خۆی نەویست. ئێستا جەستەی شێنانیمان لێ ونە و ڕووحییشی فڕیوە. ئەوەی لەو ئینسانە بۆمان ماوەتەوە دنیایەک ڕێز و خۆشەویستی و قەدرزانی و ئەمەگدارییە.

شێنانی لەو فەرماندەرانە بوو کە بە باشی خۆی پێ گەیاند. پلە بە پلە و بە لیاقەت و کارلێهاتوویی خۆی چوە سەرتر. لە پێشمەرگایەتی ڕا دەستی پێ کرد و هەتا فەرماندەیی هێز هەڵکشا. زۆر ناوچەی کوردستان گەڕا و لەزۆر شوێن بەرەنگاری سوپای دوژمن بۆوە. سەری بە هەزاران ماڵدا کرد و لەسەدان گوند قسەی بۆ خەڵک کرد. سەدان پێشمەرگەی بار هێنان و فێری کردن چۆن خزمەت بە گەل و نیشتمان بکەن. ئەو نەمرە ناوێکی ئاشنا بۆ خەڵک، فەرماندەرێکی وشیار بۆ پێشمەرگە و کادرێکی زانا بۆ حیزبەکەی بوو.

ڕاستییەکەی ئەوەیە لەمێژ بوو هەوڵی ئەوەم بوو بتوانم بەشی تێکۆشەر عەبدوڵا شێنانی دەمێژووی زیندوو بخەم. لەو بارەوە هانام بۆ دۆستێکی بەڕێزیش برد و تەنانەت بە تەلەفۆن دەگەڵ خودی کاک عەبدوڵا و هاوسەری بەوەفاشی قسەم کرد و قەراری وەدەستهێنانی زانیارییەکانیمان دا. بەڵام شتەکە وەدوایە کەوت و سروشتی بەدفەڕ ئەو مەجالەی پێ نەداین لەو زانیارییانە کەڵک وەرگرین. لەو بارەوە من خۆم زۆری خەفەت لێ دەخۆم و دەزانم «مێژووی زیندوو» بە ناتەواوی درێژەی پێ دەدرێ. من داوای لێبووردن لەڕووحی پاکی ئەو ئینسانە شۆڕشگێڕە دەکەم کە نەمتوانی لە کاتی خۆیدا وەخۆ بێم و هەوڵەکە بە ئەنجام بگەیەنم. لەلای من تێکۆشەڕ شێنانی هەر ماوە و لەبەرچاوە. ئەو تاجی قارەمانەتی لەسەر ناوە و وەک ئەستێرەیەکی گەش لەئاسمانی خەباتی ڕزگاریخوازیدا دەمێنێتەوە.

ئای چەند خۆشە لە تەنیشت ئەو جۆرە مرۆڤانە خەبات بکەی. هەموو ئەو ڕۆژ و حەفتە و مانگ و ساڵانەی کاک عەولا بۆ نەتەوە و خەباتەکەی تەرخانی کردن پڕن لە بەهرە و دەسکەوتی لەبیر نەکراو. بۆیە ناوی شێنانی لەڕیزی نەمران دایە و مێژووی زیندوو بە شانازییەوە یادی دەکاتەوە.

یادت بەخێر کاک عەبدوڵا کە ئازادانە ژیای و ئازایانە تێکۆشای. سڵاوت لێ بێ کاک عەبدوڵا کە هەتا بووی چاک بووی و بە هەیبەت بووی. سوپاس بۆ خزمەتەکانت و هەزاران سلاو لە گەورەیی و خۆڕاگریت.

# لە یادی ٧٠ ساڵەی شەهیدبوونی چوار ئەفسەرەکەی کۆماردا
# «بۆ برایانی میللەتی کوردی خۆشەویست»

ئاگری ڕۆژهەڵاتی

١٩ی حوزیرانی ٢٠١٧ ڕێک ٧٠ ساڵ بەسەر شەهید بوونی چوار ئەفسەرەکەی کۆماردا تێدەپەڕێ، ڕۆژی ١٩ حوزیرانی ١٩٤٧ و بە فەرمانی ساڵح جەبری، سەرۆکی حکومەتی ئەو کاتی عێراق «خیرۆڵڵا عەبدولکەریم»، «مستەفا خۆشناو»، «عێزەت عەبدولعەزیز» و محەمەد قودسی»؛ ئەو چوار ئەفسەر کوردەی کە دواتر مێژوونوسان ناوی چوار ئەفسەرەکەی کۆماریان لەسەرنان، لە داردران.

چوار ئەفسەرەکەی کۆمار، چوار ئەفسەری کورد بوون کە ریزەکانی ئەرتەشی عێراقیان بەجێ هێشت و ساڵی ١٩٤٣ چوونە ڕیزی شۆرشی دەڤەری بارزان و پاشان لە ١٩٤٥دا چوونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە دامەزران و داکۆکیکردن لە کۆماری کوردستان‌دا ڕۆلی بەرچاویان هەبوو.

ئەگەر زوڵمی مێژوو نەبوایە بێگومان ڕۆڵی ئەو کەسایەتی‌یانە لە کۆماری کوردستان بەتایبەتی نێوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە لەلایان ئەو چوار ئەفسەرەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی کۆماردا بڵاوبۆتەوە، هەڵگری توێژنەوەی سەربەخۆیە، بەڵام چارەنوسی چوار ئەفسەرەکەی کۆمار لە چارەنووسی نەتەوەکەیان هەڵناپچڕێ و بەداخەوە نەبوونی دەرەتان، ئاوارەیی و لێقەوماویی نەتەوەی کورد وای کردووە، وتار و ڕوانینەکانیان بێناز لە سوچێکی مێژوو هەڵگیرێ.

چوار ئەفسەرەکەی کۆمار ١٤ سەعات پێش لە سێدارەدانیان وەسیەتنامەیەک دەنوسن. لە دەقی وەسیەتەکەدا هاتووە «خۆمان زۆر بە بەختیار دەزانین کە بەرامبەر واجبی میللی هیچ دوا نەکەوتین».

باسەکە ئەوەیە ئایا تاک لەبەرانبەر چارەنوسی نەتەوەکەی‌دا بەرپرسیارێتی هەیە؟!

چوار ئەفسەرەکە هەر لەو نامەیەدا باس لە «ئیستعمار»ی کوردستان و «ژیانی ژێردەستی» دەکەن، کە وایە ئەگەر بمانەوێ ئەو پرسیارە ڕوونتر بکەینەوە، دەبێ بڵێین: تاک لە کاتێک‌دا کە نەتەوە و کۆمەڵگاکەی لە ژێر چەوسانەوە دایە ئایا ئەرکێکی بۆ ڕزگارکردنی ئەو نەتەوەیە لە ئەستۆیە؟

ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی‌یە، وای کردووە کە سەرەڕای ئەوەی بەشێک لە ئاواتەکانی مرۆڤ لە بەستێنی کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا بێتە دی، ژیانی تاکەکەسیش بەردەوام لە بەردەبازێکی نێوان تاک و کۆمەڵگادا لە هاتوو چۆ دابێ، کە وایە بێگومان بەختەوەری مرۆڤ لە چوارچێوەی کۆمەڵگا و نەتەوەیەکی بەختەوەردا ئاسانتر دێتە دی ، هەر بەو پێیەش مرۆڤ وەک تاک و لە پێناو بەختەوەری خۆی‌دا، ئەرکی ئەوەی لەسەر شانە کە هەوڵ بۆ بەختەوەری کۆمەڵگاکەشی بدا، ئەوە سەرەڕای ئەو باسەیە، کە مرۆڤ لە بەرانبەر چارەنوسی مرۆڤەکانی دیکەش ئەرکدار دەکا.

وەسیەتنامەکەی چوار ئەفسەرەکە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئەوان وەک چوار کەسایەتیی ڕووناکبیر باوەریان بەوە هەبوو کە لە بەرانبەر چارەنووسی نەتەوەکەیان‌دا بەرپرسن و نابێ بێدەنگ بن، ئەوان هەر لەو نامەیەدا دەنوسن : «ئێمە نیشانەی تێکوشینی میلیی میللەتی کوردین»، کە وایە ئەوان تاکێک بوون کە نە تەنیا باوەرمەند بە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان بوون، بەڵکوو بە پێی ئەو باوەرە، هەنگاوی بە کردەوەیان لە پێناو ئەو ئەرکەدا هەڵێناوەتەوە، بۆیە دەبێت بڵێین چوار ئەفسەرەکەی کۆمار چوار کەسایەتیی ڕووناکبیری کورد بوون کە لەسەر باوەر بە ئەرکی نەتەوەیی وەک خۆیان دەڵێن:» بە پەتی ئیستعمار دەگەینە دنیای ئازادی و گیانمان دەگاتە گیانی پاکی شوهەدای ڕێگای نیشتمان».



---

## «واز بێنە لەو برینە»

بگری بە سەر راوێژی رۆژمدا
ئەو خەمە کۆتایی نایە
بەیانی‌یان چاوم هەڵنایە بە ڕووی فرمێسکت‌دا!
لە بیرمە نامەیەکت نووسی بۆ خاک و
ئاماژەت بە برسیەتی و برینی دایکمان کردبوو
لە بیرمە هاوڕێم
واز بێنە لەو برینە
بەڵێنم پێ بدە تەرمی ماندووت بێتەوە تەنیشت تەرمم!
هیچ نەبێ بە یەکەوە خەونەکان واژۆ بکەین
بەرژەوەندیی یەک بپارێزین
تەنیا من و تۆ ئامانجی سەرەکیی شۆڕشین!
رۆژێک لە ڕۆژان مێشکت چرۆ دەکا
دەچینەوە سەر ئەژنۆی دوژمن و
کامێرای مردنمان دەدزین
دەڕۆین و ئەو وڵاتە کاولە جێ دێڵین!
لە بیرمە هاوڕێم
ئەوان شۆڕشگێڕ بوون و ئێمە لە کونی پاشەوە هاتبووینە ئەو جیهانە
تۆ بڵێی ئامانجی ئەو شۆڕشە لە کوێوە دەگاتە جێ و
کام پرسیاری نەزۆک بخەینە سەر سفرەی ئەو شاخانە
وەڵامەکان لە کام باڵەخانە و کام کۆنگرە بە مردوویی بدۆزینەوە؟
لەوانەشە کوێراییمان داهاتبێ و بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەو گەلە نەخۆشەمان نەدیتبێ
یان ئەوەی کە دوژمنانی چەوساوە و بندەستمان شەهید کردبێ!
خۆ ئەگەر ئەوان کۆ دەبنەوە و تریبوونەکان زاڵەیانە
رۆژ نییە تیترێکی هەژار تیرۆر نەکەن و چاپخانەکان نەخەنە زیندانەوە
خۆ ئەگەر ئەوان واز بێنن
کامێراکان پشوویەک دەدەن و لانیکەم رۆژنامەنووسێک نابێ بە دز!
ئەگەر ئەوان شۆڕشگێڕن بن رەنگە ئێمە لە مزگەوتەکان خەریکی دڵداری بین
یان لە زانکۆی هونەرە پیسەکان دوعای بەخێر بۆ دوارۆژ بکەین!
لە بیرمە هاوڕێم، لە بیرمە!

**ئەرسەلان چەلەبی**



تابلۆگرافیک: ناسر فەتحی

## کۆڵبەر

لە باهۆزی ڕچەی بەفرا سەمای مەرگە بە ڕووی کۆڵبەر
لە بۆ ژینی بە ئازادی دەبێ ڕۆحت بدەی یا سەر

خەمی ناخم هەزار ئەونە قورستر لە خەمی نانە
کولۆڵیی خۆم لە کۆڵ ناوە دەپێوم ڕێی شەڕەف تا سەر

لە کوڵی باوک گەلێ سەنگیترە ئەوشۆ خەمی دایک
ڕنوو ڕووخا بە سەر خۆی و منی بێ خانومان یەکسەر

تفەنگ چبکا لە گوللەی خۆی، نەپێکی گەر گوڵی دڵمان
شەپۆل ئێمە نەخنکێنێ دەبێتە تۆزی دەشت و دەر

شەپۆڕ و شین ئەدی چبکەن کە ماڵی من بە قوڕ نەگرن
ڕنوو و ڕووبارەکان تینووی تنۆکی خوێن و ئەسرین هەر

بە قورسایی خەمی کوردان بەفر کفنی سپی دووری
دەکەم جیهاد لە ڕێی نانا بەڵام کوا چاوی حەق بینەر

کزەی «پشکۆ» خەم و کسپەی دڵی خاکە و هەناوی بەرد
بنوو کۆرپەم بە نان و ئەشک، خودایەکمان هەیە دادوەر

**«پشکۆ»**

---

## ئێرانی‌یەک گۆرانیی ئاشتی بۆ ئیسرائیل دەڵێ



گۆرانیبێژێکی ئێرانی بە ناوی بەهرام لیئۆناردۆ تاجابادی لەکاتێکدا ئێران و ئیسرائیل دوژمنایەتی‌یەکی قووڵی سیاسی لە نێوانیاندا هەیە، بۆ ئاشتیی نێوان وڵاتەکەی و ئیسرائیل گۆرانی دەڵێ.

تاجابادی لە لیدوانێک‌دا بۆ ڕۆژنامە کوردستان مەبەستی خۆی لە پێشکەشکردنی گۆرانی هێلانە [ئاشیانە] کە بە زمانی فارسی لەگەڵ گۆرانیبێژێکی ئیسرائیلی _ ئێرانی بەناوی فەرزانە تزیپی کۆهەن گوتویانە، دەڵێ: «گۆرانیی هێلانە چل ساڵ پێش فەرەیدوون فەڕوخزاد خوێندوویەتی و ئێمە لە دووبارە خوێندنەوەکەی‌دا سەنتوری موزیسیەنی ئیسرائیلی «مناشە ساسون»مان لەگەڵ بوو س بەمەبەستی ئاشتیی نێوان ئێران و ئیسرائیل گوتمانەوە. ئێمە ویستمان پەیامی ئاشتی و تەبایی‌مان لە ڕێگەی موسیقی‌یەوە بە خەڵکی جیهان ڕاگەیاندبێ».

ناوبراو کە خوێندنی ئاکادیمی خۆی لە بواری موسیقی لە ئێران دەست پێکرد و لە ئەرمەنستان درێژەی پێدا و لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە لە فەڕانسە دەژی، لەبارەی کاردانەوەکان بەو بەرهەمە هونەری‌یەیان دەڵێ: «هەر کە ئەم گۆرانی‌یە و دیارە مەبەستی خوێندنیشمان لە میدیادا بڵاو کرایەوە، ماڵی باوکم کە لە تاران دەژین هەڕەشەیان لێکراوە و تەنانەت منیش لێرە لەو هەڕەشەکردنانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێبەش نەبووم و پێیان گوتوم کە سیخوڕی ئیسرائیلم و دەبێ ئێعدام بکرێم».

لەلایەکی دیکەوە خوێندنی ئەم گۆرانییە لە میدیاکانی فەڕانسەدا دەنگدانەوەیەکی بەرینی بووە و «ژرارد لارشە»، سەرۆکی سێنای فەڕانسە بە ڕێز و پەسنەوە باسی لە بوێری تاجابادی کرد.

«دل دیوانە» نوێترین بەرهەمی ئەم دوو هونەرمەندەیە کە بڕیارە درێژە بەکاری هاوبەشیان بدەن. تاجابادی کە ئۆپێرا دەخوێنێ دوابەرنامەی زیندووی لە پێشاندانی کتێبی خاتوو ڤالێری تێریبایلەر هاوسەری پێشووی فڕانسوا ئۆلاند بوو. ناوبراو لە درێژەی لێدوانەکەی‌دا بۆ ڕۆژنامە کوردستان باسی لە حەزی خۆی بۆ گوێگرتن لە موسیقیی کوردی کرد و هیوای خواست ڕۆژێ بتوانێ لە کوردستان بەرنامەی هونەری پێشکەش بکا.

# KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 704 21 JUN 2017



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## بەر لە ماڵاوایی

# بەڵگەکانی تاوانێکی گەورە کە ناتوانن بیسڕنەوە!



عەلی بداغی

جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی نە یەک و دوون و، نە هەر لە بڕگەیەکی مێژووی دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمەدا کراون. کۆماری ئیسلامی هەر لەگەڵ گوورانی فرچکی بە خوێن و تاوان گرتوە و کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە پەیژەکانی سەرکەوتن و بڕینی پلەکانی بەرپرسایەتیی سەروویان بە پێودانگی چەندی و چۆنیی بەشدارییان لەو جینایەتانەدا وەرگرتوە؛ وەک چۆن یەکێک لە شانازییەکانی سەید ئیبراهیم ڕەئیسی، ڕکەبەری سەرەکیی حەسەن ڕوحانی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی مانگی ڕابردوو، بەشداریی ڕاستەوخۆی لە کۆمەڵکوژی‌یە سیاسی‌یەکەی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ٦٧ و سەرکوت و قەڵتوبڕی هێزە سیاسی‌یەکانی نەیاری ڕێژیم بوو.

شکستی ماشێنی نیزامیی ئێران لە شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق کە بۆ کۆماری ئیسلامی حەیسییەتی بوو، تورموزی بە ماشێنی سەرکوتی ئازادییە سیاسی‌یەکانی خەڵکی ئێران بڕی، ڕەوتێک کە ڕێژیم هەر لە سەرەتای بەدەستەوە گرتنی جڵەوی دەسەڵات لە ئێران بۆ دەرکردن گرووپ و لایەنە ڕکەبەرە سیاسی‌یەکان لە مەیدان دەستی پێکردبوو. ئەم ڕەوتە لە نێوخۆی وڵاتدا دوای خواردنەوەی جامی ژارەکە لەلایەن خومەینی بۆ قەرەبوو کردنەوەی باری ڕەوانیی تێکشکان لە شەڕ لەگەڵ عێراق دەستی پێکرد و کوشتاری هەزاران بەندیی سیاسی و زاڵکردنی کەشی سەرکوت لە تایبەتمەندی‌یە بەرچاوەکانی ئەو سەردەمە بوون. سەردەمێک کە ئیدی کۆتایی شەڕ، کۆتایی بە شاردنەوە و پەراوێزخستنی ئەو قەیران و کێشانەش هێنا کە لەمێژساڵ بوو بەربینگیان بە خەڵکی ئێران گرتبوو، بەڵام لە حاڵ و هەوای شەڕدا نەدیو دەکران.

بە گشتی کوشتنی دژبەرانی سیاسی، تیرۆری کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی دژبەری ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، سەرکوتی کەمە نەتەوە و کەمە ئایینییەکان، ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی و دەستدرێژی‌کردنەسەریان چەند ڕەهەندێکی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامین. لەو پێوەندی‌یەدا تیرۆری کەسایەتییە سیاسی‌یەکانی وەک د.عەبدوڕەحمانی قاسملوو و د. سادق شەرەفکەندی، دوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، شاپوور بەختیار، دوایین سەرۆکوەزیرانی ڕێژیمی پێشوو و دەیان کاراکتێری سیاسیی دیکە لەگەڵ کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ١٣٦٧ دوو ڕەهەندی گرینگی ئەو جینایەتانەن کە شوێنکاری زۆریان لەسەر خەباتی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن بە دژی کۆماری ئیسلامی داناوە. شوێنکاری ئەو ڕووداوانە نەک هەر لە کاتی ڕوودانیان، بگرە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و ڕەوتی گۆڕانکارییەکان دیار و بەرچاوە، هەم وەک بەڵگە بۆ ڕیسواکردنی کۆماری ئیسلامی، هەم وەک پەڵە شەرمێک کە نەوەی نوێی کۆماری ئیسلامی لەمێژە هەوڵی پاکردنەوە و سڕینەوەی دەدا.

تێکدانی گۆڕێکی بەکۆمەڵی ٤٤ زیندانیی سیاسی لە ئەهواز کە لە کۆمەڵکوژی‌یەکەی هاوینی ٦٧دا گوللەباران کران، نوێترین هەوڵی دامودەزگا سیاسی و ئەمنیەتی‌یەکانی کۆماری‌ئیسلامییە.

بێ‌شک تێکدانی ئەو شوێنە بەمانای نەهێشتنی بەڵگەکانی تاوانە. کاربەدەستانی ڕێژیم دەیانەوێ بیرەوەریی ئەو جینایەتانە لە مێژوودا بسڕنەوە و هەروەها بنەماڵە و کەسوکاری قوربانیان لە مافەکانیان بێبەش بکەن و، مافی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، عەداڵەت و قەرەبووکردنەوەیان لێ بستێنن.

نموونەی هەوڵێکی لەو چەشنە لە گۆڕستانی بەهەشتی زارا لە شاری مەشهەدیش دراوە، ئەو جێیەی کە شوێنی شاردنەوەی تەرمی ١٧٠ زیندانیی سیاسی‌یە کە بە کۆمەڵ گوللەباران کران.

ئەگەرچی لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکان و دامودەزگا حکومەتی‌یەکان بەهەموو شێوەیەک ڕێیان لە سەردانی بنەماڵەی قوربانیان لەو شوێنانە گرتوە، بێڕێزی و سووکایەتی‌یان هەم بە گڵکۆی ئەو گیانبەختکردووانە و هەم بە بنەماڵەکانیان کردوە، ناوی قیزەونی وەک «نەحلەتاوا»یان لەسەر ئەو شوێنانە داناوە و ڕێگەی ئەوەیان بە بنەماڵەکانیان نەداوە گۆڕی ئازیزەکانیان لانیکەم کێڵ و بەردەنووسێکیان لەسەر بێ؛ بەڵام ئەمە هیچ کات نەبۆتە هۆی ئەوەی ئەم جینایەتانە لە بیر و مێشکی خەڵکی بچنەوە. جینایەتێک کە تێی‌دا لانیکەم ٣٨٠٠ کەس و وەک زۆربەی سەرچاوەکان باسی دەکەن ٤٤٠٠ زیندانیی سیاسی درانە بر ئاگری گوللە، کەسانێک کە تەنیا تاوانیان «نا»گوتن بە کۆماری ئیسلامی و ئەندامەتیان لە حیزبە سیاسی‌یەکانی دژبەری ڕێژیمدا بوو.

کۆمەڵکوژی‌یەکەی هاوینی ٦٧ نابێ قەت لە بیر بچێتەوە و ئەوە دەبێ ئەرکی گشتیی هەموو لایەک بێ، چونکی ئێستاش دەبینین کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی و عەقیدەتی درێژەی هەیە، هەر پارەکە بوو کە ٢٥ زیندانیی سیاسی و عەقیدەتیی کورد لە زیندانی ڕەجایی‌شاری کەرەج بە کۆمەڵ لەداردران. ڕاستە بڕیاردەری سەرەکیی ئەو جینایەتانە خۆمەینی بوو کە ئێستا لە ژیان‌دا نەماوە، بەڵام هەم نیزامە سیاسی‌یەکە و بەڕێوەبەرانی بڕیارەکە بەشی زۆریان لە ژیان‌دان و دەبێ بدرێنە دادگا و وەڵامدەری کردەوەکانیان بن؛ وەک ئیبڕاهیم ڕەئیسی، کاندیدی سەرۆککۆماری و بەرپرسی بنیاتی ماڵی و ئایینیی ئاستانی قودسی ڕەزەوی؛ مستەفا پوورمحەممەدی، وەزیری دادی دەوڵەتی ڕوحانی؛ حوسێنعەلی نەییری، جێگری دیوانی بەرزی وڵات و مورتەزا ئیشراقی کە ئایەتوڵڵا مەنتەزیری لە کۆبوونەوەیەکدا هەموویانی بە جینایەتکاری مێژوو ناوبردبوو.

ئەستاندنی دادی قوربانیانی ئەو جینایەتانە پەروەندەیەکی کراوەیە. ئەو تاوانە گەورانە لە کاتێکدا کران کە قوربانیان دەرەتانی هیچ بەرگرییەکیان لە خۆیان نەبوە و تەنانەت لەلایەن میدیا و ئۆرگانە حکومەییەکانەوە دیوزمەیەکیان لێ سازکرابوو هەتا قەڵتوبڕیان نەبێتە هۆی هیچ کاردانەوەیەک لە کۆمەڵگادا. بۆیە تا ئەو کاتەی کەرامەتیان بۆ دەگەڕێندرێتەوە، تا ئەو ساتەی بکەرانی ئەو جینایەتانە وڵامی شیاوی خۆیان وەردەگرنەوە و بنەماڵە و کەسوکاری قوربانیان قەرەبوو دەکرێنەوە، دەبێ ئەو پەروەندە و بەڵگەکانی تاوانەکە و یەک لەوان شوێنی شاردنەوەی تەرمی ئەو هەزاران کەسە پارێزراو بێ.

# «بەرد» پلەی یەکەمی خەڵاتی نێودەوڵەتیی کتێبی کوردی وەدەست هێنا



«بەرد» یەکێک لە بەرهەمە تایبەتی‌یەکانی فەریدوون ئەرشەدی، شاعێری ناسراوی کورد پلەی یەکەمی خەڵاتی نێودەوڵەتیی کتێبی کورد، (ئیبراهیم یوونسی) بە دەست هێنا.

«بەرد» بژاردەی ئەو شێعرانە لە خۆ دەگرێ کە فەریدوون ئەرشەدی لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٦٥ هەتا ١٣٩٣ی هەتاوی هۆنیوویەتەوە.

فەریدوون ئەرشەدی، ساڵی ١٣٤٠ هەتاوی لە شاری سنە لە دایکبووە و لە ساڵی ٧٣ هەتا ٧٧ی هەتاوی وەکوو کارناسی فەرهەنگی و ئەدەبی لە شارەکانی سنە، سەقز، تاران و ورمێ خەریکی چالاکی بووە. ناوبراو هەروەها چالاکی لە گۆڤارەکانی»سروە» و حەوتوونامەی «سیروان» و تەلەفزیوون کوردی‌دا لە کارنامەی ئەدەبی خۆی‌دا هەیە و لە ساڵی ٨٢ی هەتاوی لە وڵاتی ئاڵمان نیشتەجێ بووە.


# کایە مافی هەموو منداڵێکە




ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٥ی جۆزەردان کەمپینێکی لە گوندی ئەویهەنگ بەڕێوەبرد.

لەو کەمپینەدا کە لەژێر ناوی «کایە مافی هەموو منداڵێکە»دا بەریوەچوو، دەیان منداڵی ئەو ئاوییە بەشدارییان تێدا کرد و بووکەڵە و کەلوپەلی جۆراوجۆری یاری بەسەر منداڵان‌دا دابەش کرا.

ئەو چالاکی‌یە بڕگەیەک لە بەرنامەی کاریی کۆمیتەی فێرکاریی ئەنجومەنی سەوزی چیا بوو کە بە مەبەستی ئاشناکردنی زیاتری خەڵکی ئەوێ لەگەڵ ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیە، گرینگیی ژینگەپارێزی، ڕەچاوکردنی بێهداشت و شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاژەڵە ماڵی‌یەکان و زیانەکانی ڕاو بەڕێوەچوو.




نان لەسەر پشتی شێرانە!
نا.. نا.... ڕاست نییە،
نان لە داوێنی چیاکانە
ئەویش بەنرخێکی هەرزان،
بەختکردنی گیانێک پێویستە
بۆ یەک لەتە نان

**عەلی فەتحی**



## "آتش به اختیار"ی یانی ئەوە!

